محەممەد محەممەد یونس عەلی

# سەرەتاییێك بۆ زانستەكانی واتاسازی و پراگماتیك

وەرگێڕانی

نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو

چاپی یەكەم 2010





* ناوی کتێب: سەرەتاییێك بۆ زانستەكانی واتاسازی و پراگماتیك

* نووسینی: محەممەد محەممەد یونس عەلی

* وەرگێڕانی: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو

* تایپێست و نەخشەسازی: خۆشناو عەزیز

* چاپ: یەكەم 2010

* چاپخانە: چاپخانەی منارە/ هەولێر

* تیراژ: 1000 دانە

* نرخ : 5000

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەكان ژمارەی سپاردنی()ی ساڵی 2010ی پێدراوە.

## ناوەرۆک


**بابەت** **لاپەڕە**

**پێشەکی**.......................................... 7

**بەشی یەکەم**

**ناساندنی هەردوو زانستی واتاسازی و**

**پراگماتیك**.......................................... 11

1ـ ناساندنی هەردوو زانستی واتاسازی و پراگماتیك.......... 11

1ـ1: واتاسازی:.......................................... 11

1ـ2: پراگماتیك:.......................................... 13

**بەشی دووەم**

**تیۆرەکانی واتا**.......................................... **17**

2– تیۆرەکانی واتا.......................................... 17

2–1: تیۆری هێما.......................................... 17

**2–1–1: پلەکانی بوون**.......................................... **17**

**2–1–2: جیاکردنەوەی هێما و حەواڵەکردن**.......................................... **19**

**2–1–3: دەستنیشانکردن(دیاریکردن)**.......................................... **21**

**2–1–4: جیاوازی نێوان ناولێنراو و واتا**.......................................... **22**

**2–1–5:ـ جیاوازی نێوان چەمك و درێژکردنەوە**.......................................... **23**

**2–1–6: خاسیەتەکانی تیۆری هێما**.......................................... **24**

**2–1–7 : ئەو ڕەخنانەی کە ئاراستەی تیۆری هێما دەکرێن**.......................................... **25**

2–2: تیۆری ڕەوشتکاری.......................................... 26







2–2–1: **خاسیەتەکانی تیۆری ڕەوشتکاری**.......................................... **28**

**2–2–2: ئەو ڕەخنانەی کە ئاراستەی تیۆری ڕەوشتکاری کراون**.......................................... **28**

2–3: تیۆری بەکارهێنان.......................................... 30

**2–3–1: هاوڕێیەتی**.......................................... **33**

**2–3–2: بەکارهێنانی هەڵوێست**.......................................... **34**

**2–3–3: خاسیەتەکانی تیۆری بەکارهێنان**.......................................... **35**

**2–3–4: ئەو ڕەخنانەی کە ئاراستەی تیۆری بەکارهێنان دەکرێن**.......................................... **36**

2–4: تیۆری کێڵگە واتاییەکان.......................................... 37

2–5: تیۆری شیتەڵکاری پێکهاتەیی واتا.......................................... **37**

2–6: تیۆری کردەکانی ئاخاوتن.......................................... 38

**بەشی سێیەم**

**جۆرەکانی واتا**.......................................... 43

3. جۆرەکانی واتا.......................................... 43

3 – 1 : جۆرەکانی واتا لای ڕۆژئاواییەکان.......................................... 43

3 – 1 – 1: جۆرەکانی واتا لای گرایس.......................................... 45

3 – 1 – 1 – 1: واتای دانراو (یان گوتراو).......................................... 47

3 – 1 – 2 : واتای لۆجیکی.......................................... 52

3 – 1 – 2 – 1 : گرتنەوە:.......................................... 52

3 – 1 – 2 – 2: گریمانەکردن.......................................... 53

3 – 1 – 3 : چەمك.......................................... 55

3 – 1 – 3 – 1: چەمکی دانراو.......................................... 55

3 – 1 –1– 3 – 2: چەمکی پراگماتیکی.......................................... 57

**3 ـ 1 ـ 1 ـ 3 ـ 2 ـ 1: چەمکی پراگماتیکی گشتی و چەمکی پراگماتیکی تایبەتی...60**
3 – 2 – جۆرەکانی واتا لە لای زانایانی ئوسولٚ فقهـ.......................... 62
3 – 2 – 1: جۆرەکانی واتا لە لای (ئیبن حاجب)............................ **63**
3 – 2 – 1 – 1 : گوتراو............................................ 64
3 – 2 – 1 – 1 – 1 : گوتراوی ڕاستەوخۆ.................................... 64
3 – 2 – 1 – 1 – 1 – 1 : واتای وەکیەك.................................. 65
3 – 2 – 1 – 1 – 1 – 2: گرتنەوە........................................ 66
3 – 2 – 1 – 1 – 2: گوتراوی ناڕاسەوخۆ.................................... 68
3 – 2 – 1 – 1 – 2 – 1: ویستن........................................ 69
3 – 2 – 1 – 1 – 2 – 2 : ئاگادارکردنەوە و ئاماژەکردن.......................... 71
3 – 2 – 1 – 1 – 2 – 3 : ئاماژە........................................ 73
3 – 2 – 1 – 2: چەمك.................................................. 74
3 – 2 – 1 – 2– 1: چەمکی ڕازیبوون.................................... 74
3 – 2 – 1 – 2 – 2: چەمکی لادان........................................ 75

## بەشی چوارەم

**گرفتەکانی واتا**.................................................... 79
4. گرفتەکانی واتا.................................................... 79
4 – 1: هاوبێژی...................................................... 79
4 – 1 – 1: هاوبێژی لای زانایانی ئوسولٲ فیقهی ئیسلامی..................... 80
4 – 1 – 2: هاوبێژی لای ڕۆژئاواییەکان.................................. 82
4 – 1 – 3: هاوبێژی لای زمانەوانانی عەرەب................................ 83
4 – 1 – 4: هۆکارەکانی ڕوودانی هاوبێژی................................... 84





4 – 2: دژواتا.......................................................... 86
4 – 2 –1: هۆکارەکانی ڕوودانی دژواتاکان................................ 88
4 – 3: هاوواتا........................................................ 89
4 – 3 – 1: جیاوازی لە بوونی هاوواتا لە زماندا............................ 90
4 – 3 – 2: جۆرەکانی هاوواتا............................................ 92
4 – 3 – 2 – 1: هاوواتای ئاماژەیی........................................ 92
4 – 3 – 2 – 2: هاوواتای درککردن......................................... 93
4 – 3 – 2 – 3: هاوواتای تەواو........................................... 93
4 – 4: واتای درککردن و واتای نیشانەیی................................ 94
4 – 4 – 1: فاکتەرەکانی بارگاویکردنی سۆزداری............................ 97
**سەرچاوەکان**.......................................................... 100

# پێشەکی

تـا هەنووکـە توێژینـەوەی واتاسـازی ئادگارەکـانی لـە زانـستەکانی دی جیاناکرێتـەوە، کـە تۆزێـك تێکهەڵکێـشی لـە نێوانیانـدا هەیـە، ئـەویش زانـستی (پراگماتیـك)ە، ئـەم زانـستە هەنـدێك لـە زمانـەوانانی عـەرەب بـە (الذرائعیـة) و بـە (ئاڵوگۆڕکردن – التداولیـة) یـان بـە (سـوودگەر – النفعیـة) نـاوی دەبـەن، ئەمانـەش هەموو وەرگێڕانی سەرکەوتوو نین، چونکە ئەم زاراوەیـە زاراوەیـەکی گریکـی کۆنـە و ڕۆژئاواییەکان بە زانستی (بەکارهێنان) ئاماژەی بۆ دەکەن، کە بە تەواوەتی لەگـەڵ توێژینەوەکانی بەکارهێنان کە لە لای زانایانی (ئوسولٚ قیقـه) و ڕەوانبێـژانی عـەرەب بە (الوضع – دانان) ناسراوە، یەکاویـەك دەکاتـەوە. هەرچـەندە کـە بـەکارهێنان لـە کەلتوری عەربی و ئیسلامیدا، تـا هەنووکـە نەبۆتـە زانـستێکی زمانـەوانی سـەربەخۆ، هەروەکو (الوضع – دانان) کە زانستێکی سەربەخۆیە، بەڵام ناوزەدکردنی پراگماتیك بە زانستی (بەکارهێنان)، لەوانەیە لەوانی دی باشتر بێت، هەرچەندە من بەشبەحاڵی خۆم وام پێ باشترە بە گوتاربێژی ناوزەدبکرێ، کە وەرگێڕانێکە ڕەچاوی ڕاستگۆیی گوتراوەکە دەکات، نەك مانای لۆجیکی زاراوەکە، چونکە مەبەسـت لـە توێژینـەوەی بـەکارهێنان ئـەو شـتانەن کـە بـە تـەواوی دەچـنە چوارچـێوەی توێژینـەوەکانی پراگماتیك.

جـا ئەگـەر تێکەڵبوونـەکانی واتاسـازی و پراگماتیـك پاسـاوێك بێـت بـۆ کۆکردنـەوەی هـەردوو زانـستەکە، ئـەوا ئیـدی بنـەماکانی میتۆدگـەرایی وا پێویـست دەکات کە جیاوازییە کاکڵەییەکانی نێوانیان ڕوونبکرێتەوە.جـا ئـەم پـەرتووکـەی ژێـر دەستتان ئەم لایەنە گرنگەی گرتۆتە ئەستۆ.





هەروەها لەبەر پێویستی پەرتوکخانەی عەرەبی بۆ ئەم جۆرە پەرتووکانـە، کـە دوو زانـست پێناسـە دەکـەن و گرنگـی بـە هـەردوو زانـستی واتاسـازی و پراگماتیـك دەدەن، کەوا پێـشبینی دەکـرێ ئـەم پەرتووکـە بەشـێکی گرنگـی پێداویـستییەکانی قوتابییانی عەرەب دابین بکات لە چوونە ناو چوارچێوەی دوو زانستی زۆر چەشەدار، کە یەکەمیان لە واتا بەبێ دەوروبەرەکەی دەکۆڵێتەوە، ئەوتریـشیان واتـا لـە بـواری دەوروبـەری بەکارهێنانـدا دەکۆڵێتـەوە. جـا گـەر بڵـێین زۆربـەی زۆری بابەتـەکانی پەرتووك کە گونجاون بـۆ ئـەوەی قوتابییـانی زانکـۆ بیخوێننـەوە، ئـەوە قوتابییـانی خوێندنی باڵاش بە هەمان شێوە سـوودی لـێ دەبیـنن و ئاسـۆیەکی فرەوانـی بـۆ واڵا دەکات و بابەتێکی دەوڵەمەندی زانیاری و مەعریفەییان لە بواری زمانەوانی تازەدا بۆ دەستەبەر دەکات، هەرچی ڕۆشنبیران و گرنگی پێدەرانی توێژینەوە زمانەوانییـەکان و توێژەرانی بوارەکانی زمان و مامۆستایانی زانکۆی بواری زمانن، جۆرێك لـە فرەیـی و دەوڵەمەنـدیی و لکانـدنی کـەلتور و توێژینـەوە زمانەوانییـە نوێیـەکان تیـادا بـەدی دەکەن، کە دەرەنجام ڕشتەیەکی گونجاوی وانە زمانەوانییەکانی لێ دروسـت دەبـێ، کە هەستی چەشە وەرگرتن و ڕەخنەگرتن لای خوێنەر دروست دەکات.

جا لە گرنگترین بابەتەکانی واتاسازی و پراگماتیك ناساندنی ئەم دوو زانـستەیە، کـە لـە توانـادا هەیـە لـەم پەرتووکـە ئـەنجام بـدرێ، جگـە لـە پێناسـەی تیۆرەکـانی واتاسـازی و جۆرەکـانی واتـا لای ڕۆژئاواییـەکان و لای زانایـانی ئوسـولٚ فیقهـی ئیـسلامی و گرفتـەکانی پەیوەسـت بـە واتـاوە، جـا هـەموو ئـەم توێژینەوانـە لـە چوارچێوەی ڕەچەڵەك و بنەماکانی تیۆرێك پێشکەش کرا، کە لە ڕووی ئـەنتۆلۆجی و ئەبستمۆلۆجییەوە گونجاو بێت، هەرچەندە سەرچـاوە مێـژوویی و جوگرافییـەکانیان جیاوازن، ئەو شتەی کە بونیادی فەلـسەفی و لـۆجیکی ئـەم زانـستەی تۆکمـەتر کـرد، ئەوەبوو کە خرایە توێی ئەو کۆششانەی کە نووسەرەکە خـستییەگەڕ بـۆ بونیادنـانی

زانستی پراگماتیك، بە شێوەیەك كە ڕەگ و ڕیشەكانی لە كەلتوری عەرەبی و ئیسلامییەوە وەرگرتبێت.

ئێستا كاتی ئەوە هاتووە تاكو قوتابییەكانمان و توێژەرەكانمان بخەینە ناو بابەتگەلێكی چڕەوە، كاتی ئەوەش هاتووە كە بیروڕای پێشوانی خۆمان بخەینەڕوو لە زانایانی كەلتوریمان، بەشێوەیەك كەوا نیشان بدەین كە ململانێیەكی ڕاستەقینەمان هەیە لەگەڵ تازەترین قوتابخانە زمانەوانییەكان، كە قوتابخانەی پراگماتیكییە، ئەمەش وامان لێدەكات كە پرۆگرامێكی تازە لە مامەڵەكردن لەگەڵ كەلتوردا بكەین، كەوا بكات زمانەوانە تازەكان ئاوڕ لە كۆششی باب و باپیرانمان بدەنەوە، كە لەو بوارەدا خستوویانەتەگەڕ، كە بیروڕاكانیان هزری بەسەردا سەپێنرابوو نەك سۆز، لە ڕۆژگارێكدا كە جیهان بەرەو پێشكەشكردنی شتی تازە و بەسوود هەنگاو دەنێت، لە جیاتی دەستگرتن بە شتە كۆنەكانەوە.

**محەمەد محەمەد یونس عەلی**

# بەشی یەکەم
# ناساندنی هەردوو زانستی واتاسازی و پراگماتیک

## 1ـ ناساندنی هەردوو زانستی واتاسازی و پراگماتیک

لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا شتێکی بەڵگە نەویستە، کە ناتوانرێت قسە لەسەر واتاسازی بکرێت بەبێ هاوسەنگکردنی ئەوەی لەلای ڕۆژئاواییەکان بە پراگماتیک ناسراوە، ئەوەشیان (واتە پراگماتیک) دەکرێ بە زانستی بەکارهێنان وەربگێڕدرێت، هەرچەندە وەرگێڕانی بە(زانستی پراگماتیک) دەشێ لەبارتر بێت وەك لە پێشەکییەکەدا ئاماژەی پێکراوە. ئەگەرچی پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان زانستەکانی واتاسازی و پراگماتیک هەیە، وا باشە پوختەیەکی کورت لەبارەیان پێشکەش بکەین.

### 1.1 : واتاسازی:

زاراوەی واتاسازی Semantics لەلایەن زمانەوانی بەناوبانگ (برێل) دانراوە، بۆ ئەو بوارەی بایەخ بە شیکردنەوە و وەسفکردنی واتای دەربڕینە زمانەوانییەکان دەدات. بایەخدانی ئەم زانستە تەنیا لایەنی فەرهەنگی واتاکە ناگرێتەوە، بەڵکو لایەنی ڕێزمانیش دەگرێتەوە، هەروەها تەوەرەکانی تەنیا لەسەر واتای وشەکان ناوەستێت، بەڵکو واتای ڕستەکانیش دەگرێتەوە، هەرچەندە





زمانەوانەکانی سەردەمی پێش هەشتاکان وای بۆ دەچوون تەنیا باسی واتای فەرهەنگی وشەکان بکەن، بەبێ باسکردنی توخمە ڕێزمانییەکان و بونیادی ڕستە، پەرەسەندنی ڕێزمانی بەرهەمهێن کاریگەری بەرچاوی هەبوو لە فراوانکردنی چەمکی واتاسازی بونیادی فەرهەنگی، بۆ ئەوەی ئەم توێژینەوانەش بگرێتەوە کە پەیوەستن بە واتاسازی ڕستە.

بەمجۆرە بابەتەکانی ئەم زانستە دەیانگرێتەوە، ئەمانەن:

أ ـ بونیادی واتایی وشەکانی زمانەوانی.

ب ـ پەیوەندی واتایی نێوان وشەکان وەك هاوواتا و دژواتا.

جـ ـ واتای تەواوی ڕستە و پەیوەندییە یاساییەکانی نێوانیان.

د ـ پەیوەندی دەربڕینە زمانەوانییەکان بەو ڕاستییە دەرکییانەی کە ئاماژەیان بۆ دەکات، ئەمەش لە واتاسازی هێمایی دەخوێندرێن[1].

هەروەها واتاسازی مێژوویی لەو تەوەرە تەقلیدییە باوانەی ڕۆژئاوایە، کە لێکۆڵینەوە لەبارەی تاکە وشەکان و مێژوو و پێش کەوتنی واتاکانیان بە درێژایی مێژوو دەکات، لەژێر دوو تەوەرە، کە پێیان دەوترێت ئیتمۆلۆژی و گۆڕانی واتایی.

بایەخدانی لێکۆڵەرانی واتاسازی لە پسپۆڕییە جیاجیاکاندا جۆراوجۆرن، تا ئەو ڕادەیەی قسەکردن لەبارەی زانستە واتاسازییەکان بووەتە ئاسایی. بەمجۆرە دەبینین (جۆن لاینز)ی زمانەوان بەنموونە جیاوازی دەکات لەنێوان واتاسازی زمانەوانی و واتاسازی فەلسەفی و واتاسازی مرۆڤناسی(ئەنسرۆپۆلۆجی) و واتاسازی دەروونی و واتاسازی ئەدەبی و... هتد[2]. بەڵام کاتێ کە واتاسازی بەبێ کۆت و

1- Hadumod Busmann, Routledge Dictionary of Language and Linguistics, translated and edited by Gregory Trauth and Kerstin Kazzazi (London: Routledge, 1996), p.423

2 - John Lyons, Linguistic Semantics, An Introduction (Cambridge: Cambridge University Press), 1995, p. xii.

بەند یاخود وەسف دەردەبرێت، ئەوا دەچێتە نێو واتاسازی زمانەوانی (واتە واتاسازی زمانەوانی دەگەیەنێت ـ وەرگێڕ).

## 2.1: پراگماتیك:

زانستی پراگماتیك وا پێناسە دەكرێت كە ((لێكۆڵینەوەیە لە چۆنیەتی واتاداربوونی وتەكان لە پێگە ئاخاوتنەكاندا))[1]. بەم شێوەیە (ئەم زانستە) لە واتاسازی جیا دەكرێتەوە كە تەنیا بەپێی دانان لە واتا دەكۆڵێتەوە، دوور لە بەكارهێنان و پێگەكانی گوتاربێژتن.

ئەم زانستە بەهۆی ئەرك و كۆششی زمانەوانان و فەیلەسووفانی ئەمەریكی وەك ئۆستن و ستێرل و گرایس زۆر پێشكەوت و پەرەی سەند، زمانەوانەكان تا سەردەمێكی نزیك بەهۆی سروشتی ئاڵۆزی بابەتەكە، واتایان لە بابەتی لێكۆڵینەوەكانیان دوور دەخستەوە، كە تیایدا بوارەكانی توێژینەوە جیاجیاكانی تێهەڵكێش دەبوون، وەك فەلسەفە، لۆجیك، دەروونناسی و كۆمەڵناسی، و ئیدیكەش، هەتا ئەوانەش كە بانگەوازیان بۆ لێكۆڵینەوەی واتا كردبوو بە بەهانەی ئەوەی ناكرێ ڕێزمان و واتا لەیەكتر جیابكرێنەوە، وەك زمانەوان (لاكۆف)، كە ئەم توخمانەیان نەكردە جێی بایەخدان، وەك: بەشداربووان، توخمە گوتاربێژییەكانی دەرەوەی پێكهاتە زمانەوانییەكانی وەك قسەكەر (نێر، مێ) و بەكارهێنانی دەرەكی.

مۆریس لە جیاكردنەوە سێیانییە بەناوبانگەكەیدا بۆ بوارەكانی زانستی هێما (ڕێزمان و واتاسازی و پراگماتیك) لەپێشدا ئەوەی باسكرد، كەوا ڕێزمان لە پەیوەندییەكانی نێوان نیشانە زمانەوانییەكان دەكۆڵێتەوە، و واتاسازی لە پەیوەندییەكانی بە شتەكان دەكۆڵێتەوە، و پراگماتیكیش لە پەیوەندی نیشانەكان

[1] - Leech, Geoffrey, Principles of Pragmatics (Newyork, Longman), 1983, p. x.





بە ڕاڤەكارەكانیان دەكۆڵێتەوە[1]. ئەم پۆلێنكردنە سێیانیە بۆ (پێرس) دەگەڕێتەوە، ئەگەرچی مۆریس یەكەم كەس بوو بە ڕوونی خستییە ڕوو و (كارناپ)یش پشتگیری كرد[2].

لەو جیاكارییە پێشنیازكراوانەش كە لەنێوان واتاسازی و پراگماتیكدا هەیە، ئەوەیە كە یەكەمیان لە واتا دەكۆڵێتەوە، و دووەمیان لە بەكارهێنان دەكۆڵێتەوە[3]. ئەم جیاكردنەوەیە وەك جیاكردنەوەی بنچینەكانی فیقهی موسلمانانە لەنێوان دانان و بەكارهێنان، لەكاتێكدا دانان و واتاسازی لە واتاسازی دەكۆڵنەوە لەدەرەوەی بەكارهێنان و دەوروبەردا، و بەكارهێنان و پراگماتیكیش لە زمان دەكۆڵنەوە لەنێو بەكارهێنانە كردەییەكاندا. جگە لەوەش جیاوازی لە نێوان لێكۆڵینەوە ڕۆژئاواییەكان لەگەڵ كەلەپوورناسان ئەوەیە، كە واتاسازی و پراگماتیك بوونەتە دوو زانستی جیاواز لە زمانەوانی نوێدا، كەچی تەنیا (دانان ـ الوضع) لە كەلەپووری عەرەبی و ئیسلامیدا سەربەخۆبووە وەك زانستێكی سەربەخۆ لە زانستە زمانەوانییەكاندا، بەڵام بەكارهێنان تا ئێستا شێوازی زانستێكی سەربەخۆی وەرنەگرتووە[4]. هەرچەندە هەوڵی ئەوە لەئارادابوو بۆ داڕشتنەوەی بنچینە و تیۆر و بەرنامەكانی لە كتێبی (زانستی پراگماتیكی ئیسلامی).

جیاوازی واتاسازی و پراگماتیك پەیوەستە بە جیاوازی نێوان ڕستە و وتە، كە جیاوازییەكە لە جیاكردنەوەی نێوان زمان و ئاخاوتن پەیدابووە، لەكاتێكدا ڕستە (كە بونیانێكی زمانەوانی ڕەهایە) بۆ زمان، وتەش (كە دەركەوتەیەكی كارەكی و هاتنەدی و بەرجەستەبوونی كردەیی ڕستەن) بۆ ئاخاوتن، دەشێ زێدەوێژی بێت

[1] - John Lyons, Semantics (Cambridge: Cambridge University press), 1977, p. 115.
[2] - Lyons Lyons 1: 114: 1977.
[3] - Stephen C Levinson, Pragmatics (Cambridge: CUP), 1983, p. 5.
[4] - Mohamed M. Yanis Ali, Medieval lslamic Pragmatics (London: Curzon Press), 2000, P. 9.

لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین، کە واتای ڕستەکان بابەتی واتاسازییە، کەچی واتای وتەکان بابەتی زانستی پراگماتیکە.

لەهەمان کاتدا جیاوازی نێوان واتای زمانەوانی و مەبەستی قسەکەران (یان مەبەستەکانیان) پەیوەندییەکی توندوتۆڵی هەیە بە جیاوازی واتاسازی و پراگماتیک. واتا زمانەوانییەکان (کە واتای دانانن لە وشەکانی زمان و پێکهاتەکانیان وەردەگیرێت)، و دەکەونە چوارچێوەی بایەخدانەکانی واتاسازی، لەبەر ئەوەی هەڵهێنجانی پێویستی بە توخمی دەرەوەی بونیادی زمانەوانی نییە، بەڵام مەبەستی قسەکەران ناکرێ بەبێ زانینی بەکارهێنانی ئەو ئاخاوتنەی تێیدا وتراوە پێی بگەین، و زانینی قسەکەر (نێر و مێ)، و خستنەکاری توانستەکانی دەرئەنجامەکەی کە قسەکەر لەکاتی ئاخاوتندا هەیەتی.

زمانەوانان بەهۆی ئەو پەرەسەندنانەی کە باسکران، لێکۆڵینەوەی ڕستەی زمانەوانی ڕەها دوور لەو دەوروبەرەی کە تیایدا بەکاردەهێنرێت ڕەتدەکەنەوە، و بیرۆکەی چۆمسکیان لەبارەی (قسەکەری نموونەیی)ش ڕەتدەکردەوە.

لە ساڵەکانی بەرایی حەفتاکاندا، لێکۆڵینەوە لە پراگماتیک تەنیا ئەمەی دەگرتەوە کە بە تیۆری کردەکانی ئاخاوتن ناسراوە، دواتر بایەخدان بە پلەی یەکەم دەدرا بە لێکۆڵینەوە پراکتیکییەکان لە شیکردنەوەی گفتوگۆ، کە گرایس لەساڵی 1975 ئەنجامیدا و ناسرا بە بنچینەکانی گفتوگۆ. بەهۆی هەستکردن بە کارلێکردنی نزیکردنەوەی نێوان واتا و بەکارهێنان، لەم ماوەیەی دواییدا گرنگی بەوە دەدرا کە هەردوو تەوەری پێشوو (واتە واتا و بەکارهێنان) لەچوارچێوەی واتاسازی فراوانخواز





کاری لەسەر بکرێت، بەتایبەتی لە کارە شێوەییەکانی formal وەك واتاسازی پێگە[1] و لۆژیکی وتار[2].

لە ئەنجامی گرنگیدان بە لایەنەکانی پراگماتیك لە مامەلەکردن لەگەڵ مانادا، میتۆدی پێڕاگەیاندن باڵی کێشا بەسەر لێکۆڵینەوەی ئەم زانستەدا[3].

لە کۆتاییدا دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە واتاسازی لقێکە لە زمانەوانی تیۆری (یان زانستی زمانی تیۆری).

---

[1] - Jean Mark Gawron and Stanley Peters, Anaphora and Quantification in Situation Semantics (Stanford: CSLI 1990).
[2] - Hadumod Busmann, Routledge Dictionary of Language Linguistics, translated and edited by Gregory Trauth and Kerstin Kazzazi (London: Routledge, 1996), p. 374.
[3] - Leech: 1983, xi.

# بەشی دووەم
# تیۆرەکانی واتا

## 2- تیۆرەکانی واتا

ڕۆژئاواییەکان تیۆرگەلێکیان لەبارەی واتاوە هێناوەتە ئاراوە، کە وەسفی واتا و شیکردنەوەیەك بە سروشتی واتا دەدات، لەهەمان کاتیشدا ڕاڤەی بۆ چەندەها جۆر دەکەن، کە ئەمیش بەپێی چەند پێوانەیەکی هەمەجۆر، جا ئەمانە چەند تیۆرێکن، لەو تیۆرانە: (تیۆری هێما، تیۆری ڕەوشتکاری، تیۆری بەکارهێنان،... هتد)، لە تەوەرەکانی داهاتوو تیشك دەخەینە سەر ئەم تیۆرانە.

## 2-1: تیۆری هێما

ئەم تیۆرە بۆ چەند بنچینەیەکی فەلسەفی و لۆجیکی و سایکۆلۆژی دەگەڕێتەوە، لەبەرئەوە تیشك خستنەسەر لایەنەکانی ئەم تیۆرە پێویستی بە ناسین و زانینی هەندێك چەمکی فەلسەفی و لۆجیکی هەیە، کە گرنگترینیان ئەمانەن:ـ

### 2–1–1: پلەکانی بوون

فەیلەسوف و لۆجیکناسان لەسەر ئەو ڕایەن، کە بوونی شتەکان لەچوار جۆردا بەرجەستە دەبێت:ـ



سەرەتایێک بۆ زانستەکانی واتاسازی و پراگماتیک و:نەریمان خۆشناو

أ ـ بوونی هزریی، ئەمەش بوونی ئەو شتەیە کە لە هزردا باسی لێ دەکرێت، کە لەو حاڵەتەدا دەردەکەوێت، کاتێ ناوی وشەی (مرۆڤ) دەهێنی وات لێ دەکات وێنەیەکی ڕەها و ڕووتی ئەو شێوانەت لەلا پوخت بێتەوە، بۆ هەموو ئەو خەڵکانەی کە لەژیانتدا بینیوتن.

ب ـ بوونی دەرەکی شت، ئەمەش بۆ نموونە لە جیهانی دەرەکیدا بوونی تاکەکانی مرۆڤە بە هەموو ڕەگەز و ڕەنگ و شێوە و ڕواڵەتەکانیانەوە.

ج ـ بوونی دەربڕین، ئەمەش بوونی دەنگەکانی ئەو وشانەیە، کە ئاماژە بۆ وێنەی هزریی دەکەن، و لە هزر و مێشکدا بانگهێشتی دەکەن و، بە هۆی ئەم دەنگانەوە لە جیهانی دەرەکیدا ئاماژە بۆ تاکەکانی ئەو شتە دەکرێت، هەروەکو وشەی (مرۆڤ).

د ـ بوونی نووسراوی، ئەمەش بوونی پیتە نووسراوەکانە، کە ئاماژە بۆ وشەی مەبەستدار دەکەن، وەکو پیتەکانی وشەی (مرۆڤ).

زانایانی کلتوور ئاماژەیان بۆ ئەم چوار جۆرە کردووە، هەروەك لە ڕوونامەکەی (غەزالی)دا دیارە، کە پلەکانی ئاخافتن بەپێی پلەکانی بوون دەخاتەڕوو،[1]، هەروەها پلە و پێگەکانی بوونی واتاکان لەم سێگۆشە واتاییە لەلای (حازم قرتاجنی) کە بەهەمان شێوەی کلتورناسان ئاماژەیان بۆ کردووە[2].

لەلای واتاناسەکان و زمانەوانان بەگشتی تەنیا سێ جۆری یەکەمی ئەو جۆرانەی کە باسمان کردن، باو و کارپێکراون، چونکە ئەوان وا نابینن، کە نووسین

---

[1] – ابو حامد الغزالی، معیار العلم فی فن المنطق، ط 4 ( بیروت، دارالاندلس،1983)، ص46–47 .

[2] – حازم القرطاجنی، منهاج البلغاء و سراج الادباء، تحقیق محمد الحبیب بن الخوجة، ط3،(بیروت، دار الغرب الاسلامی،1986)،ص19 .

بەشێكی سروشتی زمانی مرۆڤی ئاسایی بێت، بەڵكو نووسین لە ڕوانگەی ئەوانەوە پرۆسەیەكی زاراوەسازی دەستكردە بۆ هێمای وشەكان، كە بۆ دەنگە دركێندراوەكان بەكارناهێنرێت. لەم ڕووەوە (ئۆگدن) و (ڕیچاردز) یەكەمین ئەو دوو زانایەن، كە ئەم سێ جۆرە بوونەیان لە شێوازی سێگۆشەیەك خستۆتەڕوو، كە بە (سێگۆشەی واتایی) ناسراوە.

وێنەی هزریی (ب)



هێمابۆكراو–سەرچاوەی دەرەكی(ج)    دەربڕین– هێما(ا)

جا هەرچەندە كە (ئۆگدن) و (ڕیچاردز) زاراوەی (بیر) یان (هێما)یان بۆ لایەنی (ب) لە سێگۆشەكە بەكارهێناوە،[1] كەچی بەكارهێنانی وشەی چەمك یان وێنەی هزریی باشترە بۆ بەكارهێنان، چونكە لەگەڵ شتە باوەكانی كلتوور شیاوتر و گونجاوترن، نەخاسما لەهەردوو بواری لۆجیك و فەلسەفەدا.

## 2–1–2: جیاكردنەوەی هێما و حەواڵەكردن

بەپێچەوانەی ئەوەی كە لە واتاسازیدا باوە، هەندێك لە زمانەوانەكان جیاوازی نێوان (هێما reference) و (حەواڵە denotation)یان كردووە، هێما بریتییە

1 - Ck 0gden and lA Richards ,"Thoughts ,words and Things" in Donald E. Hayden and E. p. Alworth (eds), Classics in Semantics (London: Vision press Limited, 1965),pp.250-252.





((لە پەیوەندی نێوان ئاخافتن (دەربڕین) و ئەو شتانەی كە ئاماژەیەكن بۆ ئەو پلەو پێگانەی كە تیایدا بەكاردەهێنرێن)).[1] حەواڵەكردنیش پەیوەندی ئاخاوتنەكەیە (دەربڕین) بەو چەمكە گشتییەوە كە بۆ هزری بەرانبەر حەواڵە دەكرێت، جا ئیتر پێگەكەی یان ئەو بەكارهێنانە تایبەتیەی كە تیایدا هاتووە هەرچییەك و هەر چۆنێك بێت. گرنگی ئەم جیاكردنەوەیەش لەو گوزارشتانەدا بەرجەستە دەبێت، كە مانایەكی گشتییان هەیە، بەڵام مەبەستیش لەو بەكارهێنانە، ئەو تەسكردنەوەی چەمكە گشتییەكانە، هەروەكو لەو فەرموودەیەی خوای گەورەدا دەردەكەوێت، كە لە چیرۆكی (ئیبراهیم) پێغەمبەرەوە بۆمان دەگێڕێتەوە، كە دەفەرمووێ ((وتی: گەورەی بتەكان ئەم كارەی ئەنجام داوە))، كە حەواڵەكردنەكانی لە چەمكە گشتییەكاندا چڕدەبێتەوە، بۆ دەرك پێ كردن و تێگەیشتنیان لە بارە زمانەوانییەكە دەست نیشاندەكرێت، جا مەرامەكانیشیان تەنیا بە شیكردنەوەی هێماكانیانە، واتە بەدەست نیشانكردنی سەرچاوەی ئەو هێمایانە ڕوون دەبێتەوە، بەم پێیە دەتوانین بڵێین كە حەواڵەكردنەكان بە باری زمانەوانیەوە پەیوەستن، واتە ئەم حەواڵەكردنانە لە توێی ماناكاندان نەك لەتوێی ئەو مەرامانەی كە بە ڕوونكردنەوەی هێما نەبێت دەرناكەون.

جا لەو نموونانەی كە دەتوانین لە بواری جیاوازی نێوان هێما و حەواڵەكردن بیهێنینەوە، ئەو بەڵگانەن كە ئەم گوزارشتانە ئاماژەیان بۆ دەكەن:(سەرەوەری پێغەمبەران)،(چاكترینی بوونەوەران)،(دواهەمینی پێغەمبەران) . جا حەواڵەكردنی ئەم گوزارشتانە خودی مانا دانراوەكانیانە، بە جیا لەمەرام و مەبەستەكانیان، هەرچی هێماكانیانە واتای لێكدانەوەیەتی، ئەویش بەڕوونكردنەوەی مەرام و مەبەستە دەستنیشانكراوەكەیە بە وردی، كە ئەویش پێغەمبەر محەمەدە (د. خ).

1 - Lyons, 174:1: 1977.

کەواتە ئەوەی کە بۆی حەواڵە دەکرێت کەسێکە بەوە وەسف کراوە، کە پلەی پێغەمبەرایەتی هەیە و باشترینی بوونەوەران و دروست کراوانە، و پاش ئەویش هیچ پێغەمبەرێکی دی نییە، هەروەها سەروەری گشت پێغەمبەرانە، بۆ زانینی ئەم خەسڵەتانەش سیستەمەکانی باوەڕی ئیسلام مشتێك زانیاری لەمبارەیەوە پێبەخشیوین، کە سوودی لێ دەبینرێت بۆ زانین و شارەزابوونی هەموو ئەو گوزراشتانە.

لە کۆتاییدا دەشێ ئەوە بڵێین کە زۆر گرنگە دەرك بکەین بە پەیوەندیەکانی نێوان حەواڵەو باری دانان و زمان و واتا و ڕستە و ئاخافتن، ئەمە لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە ئاماژەو بەکارهێنان و ئاخافتن و مەرام و وتەو بەکارهێنانەکان.

| هێما | حەواڵەکردن |
|---|---|
| بەکارهێنان | بار– دانان |
| ئاخاوتن | زمان |
| مەبەست و مەرام | واتا |
| وتە | ڕستە |
| بەکارهێنان | دەربڕین |

### 2–1–3: دەستنیشانکردن(دیاریکردن)

هەندێك ئاخافتنی زمانەوانی هەن، کە جۆرە تەمومژیەکیان بەسەرەوەیە، بەشێوازێك کە ماناکانی ڕوون نین، تەنها لە ڕێگەی ئەو بەکارهێنانەوە نەبێ کە تیایاندا دروست دەبن، جا ئەو کردەیەی کە تیادا مەرامی ئاخافتنەکانی تیا دەست نیشاندەکرێت زاراوەی (دەست نیشانکردن)ی پێ دەوترێت، کە ئەمانە دەگرێتەوە:ـ





1ـ دەست نیشانکردنی کەسەکان (person deixis)، ئەویش بە گێڕانەوەی جێناوە جۆراوجۆرەکان بۆ ئەو شتانەی کە ئاماژەی بۆ دەکەن.

2ـ دەست نیشانکردنی کات (time deixis)، ئەویش بە دەست نیشانکردنی مەرامی ئەو ئاخافتنانەی کە ئاماژەن بۆ کات، وەکو (سبەی)، (هەفتەی داهاتوو)، (مانگی داهاتوو) و، (دوێنێ)، (ساڵی پێشوو)، (ئەوکاتە)، (ئێستا)، (پێش ئەوە) و (پاش ئەوە)... هتد.

3ـ دەست نیشانکردنی شوێن (place deixis)، ئەمەش بە نیشاندانی مەرامی شوێنەکان دیاری دەکرێت، ئەویش لە ڕێگەی ئەو بەکارهێنانەی تیایدا هاتووە، زۆر ئاخافتنی شوێن هەن کە تەمومژیان لەسەرە و ڕوون و ئاشکرا نین، (ئێرە)،(ئەوێ)، (سەر)، (ژێر)، (پێش)، (ئەو شوێنە)، (ئەم مەسەلەیە)... هتد.

لە دیاریکردنی ئەوەشدا ئاشکرایە کە دەست نیشانکردنی ئەو شتە ئاماژەپێکراوانەدا زۆر گرنگ و پێویستە، هەروەها گواستنەوەی ئاخافتنەکان لە چوارچێوەی حەواڵەکردنەوە بۆ چوارچێوەی ئاماژەکردن بۆ ئەو دوو چەمکەی پێشووی هەردوو زاراوەکە.

### 2–1–4: جیاوازی نێوان ناولێنراو و واتا

جیاکردنەوەی نێوان ناولێنراو (nominatum) و واتا (meaning) بۆ فەیلەسوفی ئەڵمانی (گۆتلەب فریجە) دەگەڕێتەوە، کە واتای بەم شێوەیە پێناسەکرد ((واتا ئەو شێوازەیە کە گوزارشتی لە شتەکان پێ دەکرێت))[1]، لەکاتێکدا کە ناولێنراوەکە ناسراوە و شتەکەی پێ ناولێنراوە. جا ئەم جیاکردنەوەیە

1- R. Carnap, Meaning and Necessity (Chicago. The University of Chicago press, 1956), pp. 118-119.

لە تێبینی كردنەكەی (فریجە)دا لە هەردوو گوزارشتی (ئەستێرەی بەیانیان) و (ئەستێرەی ئێواران) سەری هەڵداوە، كە ئاماژەیە بۆ یەك شت، كە (ئەستێرەی زوهرە – ڤینۆس venus)ە، بەڵام ماناكەی هەر جیاوازە، جا ئەم جیاوازییە لە بواری تێگەیشتنی دیاردەی هاوواتای ئاماژەییدا (یان هاوواتای ناولێنراوەكاندا) سوودی لێ دەبینرێت، مەبەستیش لەم شتە ڕێككەوتنی ئەو سەرچاوانەیە كە ئاخافتنەكە لەگەڵ ماناكانی ئاخافتنە بەكارهێنراوەكە لە ئاماژەكردندا بۆی جیاوازن.

ئەو نموونەیەی كە لەم بوارەدا دەیهێنینەوە، ئاماژەكردنە بە (ئادەم) پێغەمبەر سەلامی خودای لێبێت، بەم گوزارشتانەی خوارەوە:ـ

1ـ یەكەمینی پێغەمبەران.

2ـ یەكەم دروستكراوی مرۆڤ.

3ـ باوكی نەوەی مرۆڤ.

4ـ باپیرە گەورەی مرۆڤایەتی.

5ـ هاوسەری حەوا.

جا هەموو ئەم ئاخافتنانە لە ڕووی ئاماژەكردنەكانیانەوە، واتە (ناولێنراوەكانیانەوە) ڕێك و سازن، بەڵام لە حەواڵەكردنەكانیان و واتاكانیاندا جیاوازن.

## 2–1–5:ـ جیاوازی نێوان چەمك و درێژكردنەوە

جیاكردنەوەی نێوان intension (چەمك) و (درێژكردنەوە extension) بە (كارناب Carnap)ەوە پەیوەستە، كە ئەویش جیاكردنەوەیەكی نزیكە لە جیاكردنەوەكەی (فریجە) كە لە نێوان ناولێنراو و واتا بوو، لەبەرئەوە (كارناب) باس لە جیاكردنەوەكەی فریجە دەكات و دەڵێ كە ئەو جیاكردنەوەی ئەو بوو كە جیاوازی





لە نێوان واتا و ناولێنراوی لە مێشكدا بۆ دروست كرد، چونكە ئەو دوو زاراوەیە لە فەلسەفەی گریكی و ئیسلامیدا چەندەها سەدەیە ناسراون. مەبەستیشی لە (ناوێكە) هەروەكو لاینز دەڵێ ـ ئەو تایبەتمەندی و خەسڵەتە زەقانەیە كە لەسەر ئەو ناوە پراكتیزە دەبێ، وەكو وەسفەكان (ئاژەڵێكی دوو پێ و بەبێ پەڕ) كە لەسەر هەموو مرۆڤێك پراكتیزە دەبێت،كە جیاوازە لەگەڵ چەمكی (ئاژەڵی قسەكەر)دا، بەڵام لە جیهانی دەرەكیدا ئاماژە بۆ هەمان تاكەكان دەكەن، چونكە هەموو ئاژەڵێكی دووپێ و بەبێ پەڕ (ئاژەڵێكی قسەكەرە)، ئیتر بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین كە ئەم دوو گوزارشە لەڕووی مانا و چەمكەوە جیاوازن، بەڵام لە ڕووی (درێژكردنەوە)وە وەكو یەكن، واتە هاوواتان، بەو مانایەی كە ئەو تاكانەی ئەم دوو چەمكەیان لەسەر جێبەجێ دەبێت.

## 2–1–6: خاسیەتەكانی تیۆری هێما

ئەو چەمكە تیۆریانەی كە تیۆری هێما لە توێژینەوەی هەندێك لەو لایەنە واتاییانەی ئەنجامیدا، كە سروشتێكی لۆجیكیان هەیە، بەتایبەتی هاوواتا synonymy،دژواتا antonymy، گرتنەوە hyponymy، پێچەوانە inversion، لەژێربوون inclusion، و دژاودژ، و كێڵگە فەرهەنگییەكان lexical fields . جا پەیوەندییەكانی حەواڵەكردن و پەیوەندیەكانی ناسنامە (sense)، پانتاییەكی فراوانی لە ڕوونكردنەوەی ئەو لایەنانە هەبوو. جا مەبەست لە پەیوەندیەكانی حەواڵە ئەو پەیوەندیەی نێوان یەكەیەكی فەرهەنگی و ئەو شتە حەواڵەكراوانەیە لە جیهانی دەرەكیەوە، هەروەك چۆن ئاخافتنی وشەی (پیاو) بۆ ئەم گوزارشە (مرۆڤێكی باڵغ و نێر) جۆرێكە لە حەواڵەكردن. بەڵام پەیوەندییەكانی ناسنامە پەیوەندییەكانی یەكەیەكی فەرهەنگییە بە یەكەكانی دیكەی فەرهەنگیەوە،

کە لە زماندا بەدی دەکرێت، ئەم پەیوەندییە زۆر سوودی لە جیاکردنەوە و جیاکاری چەمکەکاندا هەیە لەگەڵ یەکدی، بۆ نموونە وشەی (پیاو) مانایەك دەگەیەنێت کە (ئافرەت) یان (منداڵ) نایگەیەنێت. بەمشێوەیە یەکە فەرهەنگیەکان (ئافرەت) و (منداڵ) چوونە بەکارهێنانی هاریکاریەکەوە بۆ دیاریکردنی چەمکی (پیاو)، هەروەك چۆن لە دێرزەمانەوە وتراوە ((شتەکان بە هاودژەکانی خۆیان دەناسرێنەوە)).

## 2–1–7 : ئەو ڕەخنانەی کە ئاراستەی تیۆری هێما دەکرێن

تیۆری هێما بەو شێوەیە واتا دەستنیشاندەکەن، کە شتێکی ئاماژە پێکراوە، واتە واتاکان ئەو شتانەن کە لە دەرەوە ئاماژەیان پێ دەکرێت، ئەم بۆچوونەش سەبارەت بە واتا چەند ڕەخنەیەکی ئاراستەکرا، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

1ـ گەر واتا شتێکی ئاماژەپێکراو بوایە، ئەوا ئەو گوتراوە هەمەجۆرانەی کە ئاماژە بۆ یەك گوتراو دەکەن (وەك ئەوانەی کە لە نموونەی پێشوودا ئاماژەیان بۆ (ئادەم) پێغەمبەر دەکرد)، لە ڕووی واتاوە هاوواتان، بەڵام ئەم شتە ڕاست نییە.

2ـ جا گەر واتا ئاماژە پێکراو بێت، ئەوا هەموو شتێك کە گوزارشتی ئاماژەپێکراوی لەسەر جێبەجێ ببێت، لەسەر واتاش جێبەجێ دەبێت، بۆ نموونە خواردنی سێو دەبێتە خواردنی واتا.

3ـ ئاخافتنە ڕووت و ڕەهاکانی وەکو خۆشەویستی و دادپەروەری و پیتەکان و ئامرازەکانی وەکو (لەلایەن،بەڵام) هیچ بوونێکی دەرەکیان نییە، کە واتا ئاماژەیان بۆ بکات، لەگەڵ ئەوەشدا کەس نکۆڵی لەوە ناکات کە واتایان هەیە.

4ـ ناکرێ لە جیهانی دەرەکیدا واتاکان بەپێی سەرچاوەکان چڕ و فرە بن، چونکە ناکرێ واتاکان بەگوێرەی هەموو دانەکانی سێو لە جیهاندا دەستەبەربکەین.





## 2-2 : تیۆری ڕەوشتکاری

قوتابخانەی ڕەوشتکاری زمانەوانی درێژەپێدەری قوتابخانەی ڕەوشتکاریە لە زانستی دەروونناسیدا، کە (واتسۆن) پێشەنگی دەکات و (بلۆمفیلد)یش کە خاوەنی پەرتووکی (زمان)ە، بە بازنەیەکی پەیوەست بوونی نێوان ئەو دوو قوتابخانەیە لەقەڵەم دەدرێت، لە گواستنەوەی هزریی ڕەوشتکارییەکان لەبواری زمان و پراکتیزەکردنی لەسەر توێژینەوە زمانەوانیەکاندا [1].

ڕەوشتکارییەکان بەوە ناسراون کە ڕەخنەی توندیان ئاراستەی عەقڵانیەکان کردووە، جگە لەوەی کە سەرجەم ئەو توێژینەوانەیان بەکەم و کورت زانیوە کە پەیڕەوی ڕەوشتکارە دەرەکیەکان ناکەن، ئەوان لەو باوەڕەدان کە هەموو ئەو کۆششانەی کە وەسفێك یاخود شرۆڤەیەك بە چالاکیەکانی مێشکی یان هزریی مرۆڤ دەدەن، چەند پێشبینیەکن، کە دوورن لە ڕەوشی بابەتی. لەبەرئەوە لێرەدا هیچ شوێنگەیەك لە بواری تیۆری هێماکاندا نییە بۆ وێنەی هزری کە ناتوانرێت توێژینەوەیەکی زانستی بابەتیانە ئەنجام بدرێت.

تیۆری ڕەوشتکاری لەسەر هەردوو چەمکی وروژێنەر stimulus و وەڵامدانەوە response کاردەکات، کە هەردووکیان لە زانستی دەروونناسی ڕەوشتکاریدا ناسراون، هەروەها وروژێنەر (یان وروژێنەری قسەکەرەکە هەروەك لە زانستی زمانناسیدا ناوزەدکراوە)، بەو ڕووداوانە دەگوترێت کە لە پێش قسەکردندا ڕوودەدەن، پاشانیش دەبنە هۆکاری زارکردنەوەی قسەکەرەکە و ئاخافتنی، بەڵام ئەو ڕووداوانەی کە پاش قسەکردن ڕوودەدەن، بە وەڵامدانەوەی گوێگرەکە ناوزەد دەکرێت، بەم شێوەیە هەڵوێستی قسەکەرەکە بەگوێرەی ئەم پێکهاتەیە دەبێت:

[1] : Bloomfield, Language (NewYork: Holt, Rinehart & Winston 1933.

أ- ڕووداوە كردەییەكانی پێشووی پرۆسەی قسەكردن.

ب ـ قسەكردن.

ج ـ ڕووداوە كردەییەكان پاش قسەكردن.[1]

جا بۆ ڕوونكردنەوەی ئەم زانیاریانە، بلۆمفیلد ئەم نموونەیە پێشكەش دەكات:

أ- (جاك) و (جیل) لە چوارچێوەیەكی پەرژینداردا هاتوچۆ دەكەن، (جیل) برسیەتی، سێوێك لەسەر درەختەكە دەبینێت (وروژێنەرەكە).

ب ـ چەند دەنگێك لەگەروو و زمان و هەردوو لێوەكانی دەردەكات (قسەكردن).

ج ـ (جاك) پەرژینەكە دەبەزێنێ و سەر درەختەكە دەكەوێ و سێوەكە لێدەكاتەوە، پاشان بۆ (جیل) دەهێنێ، دەیداتە دەستی و ئەویش دەیخوات[2](وەڵامدانەوە).

ئیتر بەمشێوەیە وتوێژەكە بەردەوام دەبێت بەشێوەیەك هەموو قسەیەك وروژێنەری وەڵامدانەوەی قسەیەكی ترە. بەمجۆرە ئاخافتن یان بونیادی زمانەوانی هەروەك بلۆمفیلد ناوی لێناوە ـ دەبێتە مەسەلەیەكی گشتگیر بۆ((ئەو هەڵوێستەی كە تیایدا قسەكەرەكە ئەو بونیادە زمانەوانیەی تیادا دەدركێنێ، و ئەو وەڵامدانەوەیە لە گوێی گوێگردا دروست دەكات)).[3] جا هۆكاری بەكارهێنانی زاراوەی بونیاد لەجیاتی واتا یان وشە بۆ چەند مەسەلەیەكی میتۆدی دەگەڕێتەوە، كە تیۆری ڕەوشتكاری لەسەری دامەزراوە، كە لە دووركردنەوەی مانا لە توێژینەوە زمانەوانیەكاندا بەرجەستە دەبێت، ئەویش لەبەر ئەم هۆكارانەی خوارەوە:ـ

1- Bloomfield 23: 1933.
2 - Bloomfield 22: 1933.
3 -Bloomfield 139: 1933.





1ـ دژواری و سەختی مامەڵەكردن لەگەڵ واتادا، چونكە ئەم كارە پێویستی بە زانینی هەموو شتێكی جیهانی قسەكەرەكە هەیە، ئەمەش كارێكە دژوارەو هەرگیز مەیسەر نابێت.

2ـ جیاوازی واتاكان لە زمانێكەوە بۆ زمانێكی دی، بۆ نموونە لە زمانی ئەڵمانیدا (نەهەنگ) هەر ماسی پێدەوترێت، (شەمشەمەكوێرە)ش (مشك)ی پێ دەوترێت.

3ـ جیاوازی كەسایەتی قسەكەران، و جیاوازی لە مێژووی ڕۆشنبیریی و ئەزموونی هەر یەكە لەوانە، ئەمەش مەسەلەیەكە كە پاشان مۆركێكی كەسی و تایبەت بە ماناكە دەبەخشێ، و وا دەكات كە زانینی مەخسەدی قسەكەرەكە زەحمەت بێ.

4ـ مامەڵەكردن لەگەڵ مانادا پێویستی بە هەڵێنجان (introspection) هەیە، واتە ساخكردنەوەی ماناكانی ناو میشكی مرۆڤ، ئەوەش لە بڕوا و بۆچوونی ڕەوشتكاریەكاندا پرۆگرامێكی بابەتی نییە.

## 2-2-1: خاسیەتەكانی تیۆری ڕەوشتكاری

تیۆری ڕەوشتكاری ڕەدووی پرۆگرامێكی بابەتی یەكلاكەرەوە دەكەوێت، كە وای لێ دەكات نزیك بێتەوە لە جێبەجێكردنی چەمكی وردی زمانەوانی، هەروەك پێشتر بەوە پێناسە دەكرا كە توێژینەوەیەكی كردەیی زمانە، بەڵام ئەم پرۆگرامە بابەتییە یەكلاكەرەوەیە لەسەر توێژینەوەی گرنگی ئەم زانستە بونیاد دەنرێت، هەروەك لەم بڕگەیەی داهاتوودا باسی لێوە دەكەین.

## 2-2-2: ئەو ڕەخنانەی كە ئاراستەی تیۆری ڕەوشتكاری كراون

قوتابخانە ڕەوشتكاری هەروەك بینیمان لەسەر دوورخستنەوەی واتا لە توێژینەوە زانستییەكان دامەزرێنراوە، ئەمەش چارەسەرێك نییە بۆ گرفتی مامەڵەكردن لەگەڵ

واتادا، لەبەرئەوە ئەم هەڵوێستەیان دووچاری چەندەها ڕەخنە لەلایەن عەقڵانیەکانەوە بووەوە، جگە لەوانیش لایەنگرانی مامەڵەکردن لەگەڵ واتا بەهەمان شێوە ڕەخنەیان ئاراستە دەکەن،جا ئەو ڕەخنانەی کە ئاراستەی ڕەوشتکاریەکان دەکرێت ئەمانەن:

1ـ نەوام چۆمسکی، یەکێکە لەوانەی کە زۆر دژی هەڵوێستی ڕەوشتکارییەکانە، لەو باوەڕەدایە کە گرنگی نەدان بە سیستەمە قووڵەکانی شیکردنەوەی ڕەوشتکاری مرۆڤ(( گوزارشتێکە لە پێویستیمان بۆ گرنگیدان بە تیۆر و شرۆڤەدان))[1]، چۆمسکی لەو باوەڕەدایە کە پابەندبوون بە بابەتییەوە لە خودی خۆیدا مەبەست نییە، لەبەرئەوە پابەندبوون پێوەی چ سوودێکی هەیە گەر تۆزقاڵێك هۆشیاری و دەرککرنمان لەبارەیەوە نەبێ.[2]

2ـ (جون لاینز) دەڵێ ((هیچ پەیوەست بوونێك لە نێوان وشەکان و ئەو هەڵوێستە بەکارهاتووانەدا نییە، تا ئەو ڕاددەیەی کە دەتوانرێ پێشبینی بە ڕوودانی وشەگەلێکی دیاری کراو بکەین، وەك دەرەنجامێکی کۆنترۆڵکراو هەمبەر پێشبینیەکانیشی والابێت، ئەویش لە ڕوانگەی هەڵوێستەکانەوە)).[3]

---

[1] Chomsky, N. Aspects of the theory of Syntax Cambridge (Mass: the mit press, 1965), p. 193, Note (1).

[2] - Chomsky 20: 1965.

[3]- Lyons, John, Language and Linguistics: An Introduction (Cambridge : Cambridge University press 1981) , pp: 5 – 6.





## 3-2 : تیۆری بەکارهێنان

تیۆری بەکارهێنان (contextual Theory) بە زمانەوانی بەریتانی (جۆن رۆبەرت فێرس)ەوە بەستراوەتەوە، ئەم تیۆرە لەسەر ئەو تێڕوانینە بەندە بۆ واتا بەو وەسفەی کە ((ئەرکی لە بەکارهێنان))[1]. ئەم ڕەوشە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە بۆچوونەکانی سەبارەت بە مانا دروست کرد، ئەویش لە پێگەی پەیوەندییە عەقلّیەکانی نێوان ڕاستەقینەکان و هێما ئاماژەپێکراوەکانی، هەروەك (ئۆگدن) و (ڕیچاردز) لە سێگۆشە واتاییە ناسراوەکەی خۆیاندا ئاماژەیان پێداوە بۆ ((پێکهاتەیەکە لە پەیوەندییە بەکارهێنانەکان))[2]، ئەویش بەپێی گوزارشەکەی (فێرس).

بەکارهێنان لەم تیۆرەدا بە چەمکێکی فراوان بەکارهێنرا، بەشێوەیەك کە بەکارهێنانی دەنگی و وشەسازی و ڕستەسازی و فەرهەنگیش بگرێتەوە و مانای جێی مەرامی قسەکەریش دەرناکەوێت، تەنها بە ڕەچاوکردنی فەرمانە واتاییەکانی ئاخافتنە بەکارهێنراوەکان نەبێت. لەبەرئەوە (فێرس) ئەرکەکانی بۆ پێنج ئەرکی سەرەکی پۆلێنکرد، کە واتا پێکدەهێنن:

1ـ ئەرکی دەنگی phonetic function

2ـ ئەرکی وشەسازی morphdogical function

3ـ ئەرکی ڕستەسازی syntactical function

4ـ ئەرکی فەرهەنگی lexical function

---

[1] - C. E. Bezel, J.C. Catford. M. A. k. Holiday and R.H Robins (ends) in Memory of J. R. Firth (Longman, 1969). p. v.

[2] - J. R. Firth, papers in Linguistics 1934 – 1951(London: Oxford University press (1957), p. 19.

## 5ـ ئەرکی واتاسازی semantic function[1]

جا هەر ئەرکێك لەم ئەرکانە لە بواری پرۆگرامێك دەست نیشان دەکرێت،کە بە پرۆگرامی (جێگۆڕکێ ـ method of substitution ) ناسراوە، جگە لەوەی کە توخمی زمانەوانی لەسەر هیچ ئاستێکی ئەم پێنج پۆلێنکراوەی پێشوو دەرناکەوێت، مەگەر بە جیاکارییە بەکارهێنانەکەی نەبێت، ئەویش لەو هەمبەربوونانەی کە لەوانەیە بکەونە شوێنگەی بەکارهێنانەکانی خۆیان، ئینجا ئەگەر جێگۆڕکێیەکی بەکارهێنانی بۆ ئەو توخمە زمانەوانیە لەئارادا نەبێت،ئەوا ئیتر خاوەنی هیچ مانایەك نابێت. دەشتوانین ڕوونکردنەوەیەك سەبارەت بەم مەسەلەیە بخەینەڕوو، کە لە توێژینەوە کەلتوورییە عەرەبیەکاندا بەنموونە بەدواکەوتن ناسراوە. لەم حاڵەتەدا وشەی دووەم لە تویی هەردوو وشەکەی بەدواکەوتندا هیچ مانایەکی ئەوتۆی نابێت، چونکە بوونی ئەم وشەیە لە بەکارهێناندا چڕدەبێتەوە، و هیچ ئەلتەرناتیڤێکیش نییە کە جێی بگرێتەوە. وشەی (بسن) لەم نموونەیەدا کە نمرەی (1)ی پێ بەخشراوە هیچ مانایەکی نییە، ئەویش لەبەرئەوەی کە ئەرکێکی بەکارهێنانی ئەدا ناکات، چونکە ئەرك دەبێ ئەلتەرناتیڤێکی شیمانەکراوی وشەکانی دی بێت، کە لێرەدا هیچ وشەیەك لەجیاتی نییە، لەبەرئەوە هیچ مانایەکی نییە.

**1ـ ئەمە باشە (هذا حسن بسن).**

بەڵام لە (2)دا هەر توخمێك مانای هەیە، چونکە وشەی دی لەجیاتی هەیە کە لەهەمان بەکارهێناندا بەکاربهێنرێ، لەسەر ئاستی فەرهەنگیش وشەی (ئەو ئافرەتە ئامادەبوو) جێگۆڕکێیەکی تەواوی بەرامبەرەکانی دی شیمانەکراوی وەکو: نەهات،بەسەرکەوت،کەوت... هتد. دەستەبەر دەکات، هەروەها وشەی (10) بووە ئەلتەرناتیڤی (9) و (8) و (11) هتد. وشەی مامۆستا ئافرەتەکان: ئەلتەرناتیڤی

[1] - Firth 26: 1957 – 7.





(قوتابییە کچەکان)، (فەرمانبەرە ئافرەتەکان)ە... هتد. ئەویش لەسەر ئاستی وشەسازیدا، کە وشەی (ئامادەبوو) بەشێوازی (کردی ـ کار) بەکارهێنرا، لەجیاتی ئەوەی کە بەشێوازی (یفعل) (افعل) (فاعل) (مفعول)... هتد. بەکاربهێنرێت، ئەویش بۆ ئاماژەکردن بە کاری ڕابوردوو و شێوەی (مامۆستا ئافرەتەکان) بەشێوازی (اسم الفاعل) لەجیاتی هەر شێوازێکی دی، کە شیمانەی واتا بەخشینی (اسم الفاعل)ی هەبێ، پاشان (ات) لەجیاتی (ین) وەکو واتایەك هێنرا بۆ واتابەخشینی (جمع المؤنث السالم).

**2ـ دە مامۆستای ئافرەت ئامادەبوون(حضرت عشرة مدرسات ) .**

کاتێك کە ڕستەیەك لە شوێنگە و پێگەیەکی گوتاربێژی دیاریکراودا بەکاردەهێنرێت، ئەوساتە وەختە ئەرکە واتاییەکەی جێبەجێ دەبێت، ئەو پێگەیەش لەوانەیە گۆڕانکاری بەسەردابێت یان وەك ئەوەی کە (مالینۆفسکی) بە بەکارهێنانی هەڵوێست ناوزەدی کردووە، گۆڕانکارییەکەش لەڕووی ئەو مانایەوە بێت کە بۆی دانراوە، بۆ مانایەکی تر، وەك ئەوەی کە لەمانای (گوزارە) ەوە بۆ (فەرماندان) دەری بێنێت یان بیگۆڕێت بۆ (پرسیارکردن).

هەروەها (جیڤری ئیلز) جیاوازیەکی خستە نێوان بەکارهێنانە هەنووکەییەکان instinctual context یان کردەییەکان (actual) و مانای ئەو بەکارهێنانانەی کە شیمانەکراون یان لەناویدا هەن، جا ماناکانی بەکارهێنانە هەنوکەییەکان دەزانرێت و دەرکی پێ دەکرێت، ئەویش لە نموونەیەکی تایبەت و شوێنگەیەکی تایبەت و لە دەقێکی تایبەت و لە پێگەیەکی دیاریکراودا، هەرچی مانای بەکارهێنانی گریمانەکراویشە هەموو ئەو مانا بەکارهێنانە شیمانەکراوانەی یەکە زمانەوانییەکان،

لەکاتێکدا کە لەو دەقانەی کە لەناویدان ڕووت و ڕەها دەکرێن[1]، لەهەمان کاتیشدا مانا بەکارهێنانە ڕووتەکان بە ڕستەوە پەیوەستن، و مانا بەکارهێنانە شیمانەکراوەکان یان لەناو کرۆک و ناخەکانی ناو وتەکانن، گەر ئەو بەکارهێنانانە لە شوێنگەیەکی گوتاری دیاریکراودا پراکتیزەببێت، ئەوا ئیتر دەرەنجامەکەی دەبێتە وتەیەکی کردەیی.

هەروەها (هالیدای) پەیوەندییە بەکارهێنانەکان دەکاتە دوو بەشی پەیوەندیە ناوخۆییەکانی توخمە زمانەوانیەکان لەنێوان یەکدیدا، و پەیوەندییە دەرەکیەکان کە توخمە زمانەوانیەکان بەو شتانەوە دەلکێنن، کە ئەو واتایانەی دەرەوە ئاماژەی بۆ دەکەن. ئەو لەو باوەڕەدایە کە هەموو یەکە زمانەوانیەکان بە یەکەوە پەیوەستن یان لە بەرانبەربوونە داخراوەکاندا، ئەویش گەر لەو توخمە یاسایانە بن، هەروەکو لە بەرانبەرکردنی نێوان (ڕابردوو) و (ڕانەبردوو)یان لە بەرانبەربوونە والآکاندا، ئەویش گەر لە توخمە فەرهەنگیەکانی بن، هەروەك چۆن لە نێوان (ئافرەتە مامۆستاکان) و (کچە قوتابیەکان)دا لەو نموونەیەی پێشوو بەدی دەکرا.[2]

## 2–3–1: هاوڕێیەتی

جا لەبەرئەوەی کە تیۆری بەکارهێنان گرنگی پەیوەندییە دەرەکیەکانی کەمکردەوە، بۆیە هاوڕێیەتی سەری هەڵدا، واتە پەیوەندی توخمە زمانەوانییەکان بەو شتانەی کە بۆی حەواڵە دەکرێن یان لەدەرەوە ئاماژەی بۆ دەکەن، جۆرە

1 - See: J. Ellis, "On Contextual Meaning" in Bezel and Others (eds).in Memory of J. R. Firth, (Longman, 1979), p. 81.
2 - See: M.A. k. Haliday, "Lexis as Linguistic Level". in Bazell and Others (ends) in Memory of J. R. Firth, (Longman, 1979), p. 160.





گرنگیەك بە پەیوەندییە ناوخۆییەکان درا، ئەم گرنگیدانەش لەوەدا بەشێوەیەکی ڕوون بەرجەستەبوو، کە (فێرس) ناوی لێنا هاوڕێیەتی، ئەویش مانای ((پەیوەست بوونی ئاسایی وشەیەکە لە زمانێکدا بە چەند وشەیەکی دی دیاریکراو لە ڕستەکانی سەر بەو زمانە)).[1] گرنگی هاوڕێیەتی لەوەدا بەرجەستە دەبێت، بۆ نموونە وشەی (ئازا) بە هاوڕێیەتی (پیاو) دەردەکەوێت، و هەندێك لە ماناکانی وشەی (پیاو) بە هاوڕێیەتی وشەی (ئازا) دەردەکەوێت، بەم شێوەیە زاراوەی هاوڕێ بوون هەروەك لاینز دەڵێت دەبێتە هاوواتای زاراوەیەکی فەرهەنگی[2]. کە لە هزری زۆر کەسدا بەو واتایەوە پەیوەستە کە وشەکە لە دەرەوەی چوارچێوەی زماندا ئاماژەی بۆ دەکات.

## 2–3–2: بەکارهێنانی هەڵوێست

(فێرس) لەو باوەڕەدایە کە بەکارهێنانی هەڵوێست زاراوەیەکی فراوانە و تەنها لە بەکارهێنانە زمانەوانیەکاندا بەدی ناکرێت، بەڵکو بەکارهێنانە ڕۆشنبیرییەکان و وتاری قسەکەرەکان و ناقسەکەرەکان و کردارەکانیان و هەموو شتە پەیوەندیدارەکانی و وتە بەکارهێنراوەکان و کاریگەری ڕووداوی زمانەوانیش دەگرێتەوە، (جیڤری ئیلز) لەو باوەڕەدایە کە چەمکی بەکارهێنانی هەڵوێست لە گرنگترین ئەو دەسکەوتانە بوو، کە (فێرس) لە تیۆرە بەکارهێنانیەکەیدا پێشنیازی کردووە.[3]

1 - R. H. Robins, General Linguistics: An introductory Survey and znd, (London: Longman, 1978) p. 63
2 - J. Lyons, "firth's theory of Meaning". In Bazell and Others (eds) in Memory of J. R. Firth, (Longman 1979) p. 295.
3 - Ellis 79: 1979.

جا گەر تيۆری (فێرس) پشت بە پراكتيزە بەكارهێنانيە يەك بەدوای يەكەكان و لەسەر ئاستە زمانەوانييە هەمە جۆرەكاندا دەبەستێ و لە بەكارهێنانی دەنگی و وشەيی و ڕستەيی و فەرهەنگيەوە تا دەگاتە بەكارهێنانی واتايی، بەڵام بەكارهێنانی هەڵوێست لەڕووی ماناوە فاكتەری دواهەمين و يەكلاكەرەوەی كێشەكەيە.

## 2–3–3: خاسيەتەكانی تيۆری بەكارهێنان

لەوانەيە گرنگترين خاسيەتەكانی ئەم تيۆرە ئەوەيە كە تيۆرێكی بابەتيانەيە و لادەر نييە لە بونيادی زمان و بەكارهێنانی ڕۆشنبيری دەوروبەری. پرۆگرامە بەكارهێنانەكەش دەرفەتی والآكردنی ڕێچكەی بۆ ڕەخساند، كە سەرقاڵبوانی زمان گرنگی بە توخمە زمانەوانييەكان بدەن و ئاوڕ لەو لايەنانە بدەن كە دەچنە ژێر ڕكێفيەوە لەجياتی گرنگی نەدانيان بە پەيوەنديە دەروونيەكانی نێوان زمان و هزر و دەرەوە يان گرنگيدان بە كردە دەروونييەكانی ناو مێشك.

بەهەمان شێوە گرنگی دان بە بەكارهێنان و ڕەچاوكردنی خەسڵەتە چێنراوەكانی ناو سروشتی زمان دەگەيەنێت، كە ئەويش ئادگارێكی كەڵەكەبووە، و لە توخمە زمانەوانيەكان پێك هاتووە، چونكە لەم حاڵەتەدا دەرفەتێك بۆ زمانناسان دەرەخسێت كە لە ڕێگەی گرنگی ئەم ئادگارەوە لايەنە پراكتيزەكراوەكانی كە ئەو ڕۆڵە ڕوون ببێت كە توخمە زمانەوانييەكان ئەدای دەكات، و يەكانگير و ئاوێتەش بن لە هەردوو كردەی تێگەيشتن و تێگەياندن،كە بۆ كردەی وتوێژی زمانەوانی زۆر پێويستن.

هەروەها لە خاسيەتەكانی ئەم تيۆرە جەختكردنيەتی لەسەر لايەنە ئەركييەكانی زمان، كە زۆر بە گرنگی دادەنێت، لەبەرئەوەی ئەركە زمانەوانيەكان





بەهۆی زمانی مرۆڤەوە داهێنراون، بەو وەسفەی كە گرنگترين ئامرازەكانی تێگەياندنە.

## 2–3–4: ئەو ڕەخنانەی كە ئاراستەی تيۆری بەكارهێنان دەكرێن

پشت بەستنی ئەم تيۆرە بە بەكارهێنان وای لێ كرد، كە مەيلی ڕۆچوونی لە بواری ڕۆڵی بەكارهێناندا هەبێ، ئەويش لە دروست كردنی واتادا، تا ئەو ئاستەی كە فەرمانی حەواڵەكردنی لا پەراوێز بێ. جگە لە ئەركە هێماييەكانی وشەكان بەهەمان شێوە پەراوێز دەبن، ڕستە زمانەوانيەكانيش كاتێك كە لە خەملاندنی خۆياندا حەواڵەكردنەكانی وێنە هزرييەكانيان لابرد، و ئەو ئاماژانەی ڕاستەقينە دەرەكيەكانيان پەراوێز خست، ئەويش لەسەر ئاستی وشەكان، هەروەك چۆن ڕێژە دەرەكييەكان و ئەو بەمەرج گرتنانەی ڕاستی و دروستی ڕستەيان پەراوێز خست، كە لە توێژينەوەی پەيوەندييەكانی نێوان وتە فەرهەنگيەكان و ڕستە زمانەوانيەكاندا گرنگيان بە دەردەكەوێت، بەهەمان شێوەش لەنێوان ڕستە زمانەوانيەكانی وەكو هاوواتاكان و گرتنەوە و پێچەوانە و دژواتا... هتد. ڕوويداوە.

جا لەجياتی ئەوەی كە ئەم تيۆرە ڕۆڵی بەكارهێنان لە گرنگی دانەپاڵدا ببينێت كە لە دەست نيشانكردنی واتای مەبەستەكەدا دەردەكەوێت و، واتا نامەبەستەكان لابەرێت، دەبينين كە بەكارهێنانەكە دەكاتە سەرچاوەيەك بۆ هەڵگۆزينی واتا لە توخمە زمانەوانيەكان. بۆنموونە وشە وەك ((ئەو ئاوە نييە كە ڕەنگی ئەو دەفرە وەربگرێت كە تيايدايە، بەڵكو وەكو ئاژەڵی (الحرباء) وايە، كە ڕەنگی شوێنەكە وەردەگرێت، واتە وشە وەكو (الحرباء) وايە، كە توانای تايبەتی هەيە، و لەهەر

شوێنێکدا جۆرێك لەو توانایانەی دەردەکەون، واتە تواناکانی بەگوێرەی ئەو کاریگەریانەن کە لە دەرەوە فشار دەکەنە سەری)).[1]

## 4-2: تیۆری کێڵگە واتاییەکان

مەبەست لە کێڵگەی واتایی (semantic field) کۆمەڵە وشەیەکی نزیکی یەکدین، لە ڕووی ماناوە، کە خاڵی هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە. تیۆری کێڵگە واتاییەکان گرنگی بە ئاوێتەکردنی یەکە فەرهەنگیە هاوبەشەکان دەدات، لە پێکهاتە واتاییەکانی یەك کێڵگەی واتاییدا، وەکو: سەوز، سوور، شین، ڕەش... هتد. کە لە کێڵگەی ڕەنگەکاندا هاوبەشن، هەروەها وەکو: باوك و دایك و باپیر و داپیر و کوڕ و کچ و برا و خوشك. ...هتد. کە لە کێڵگەی خزمایەتیدا هاوبەشن.

خاسیەتەکانی ئەم تیۆرەش لەوەدایە کە جێبەجێکردنی لە بوارەکانی فەرهەنگ و ڕەخنەی ئەدەبی و لۆجیك و بواری تردا هەیە.

## 5-2: تیۆری شیتەڵکاری پێکهاتەیی واتا

تیۆری شیتەڵکاری پێکهاتەیی واتا گرنگی بە دابەشکردنی یەکە فەرهەنگیەکان دەدات، بۆ پێکهاتە سەرەکیەکانی خۆیان (تایبەتمەندیەکانی - یان کۆڵەکە و بنەماکانی)، بۆ نموونە پێکهاتەکانی مرۆڤ، ئەمانەن (+گیاندار + عاقڵ)، پێکهاتەکانی پیاو ئەمانەن (+ گیاندار + عاقڵ + نێر + باڵغ)، پێکهاتەکانی ژن (گیاندار + عاقڵ + مێ + باڵغ).

1 – **محمد محمد يونس علي، وصف اللغة العربية، دراسة حول المعنى وظلال المعنى، (طرابلس: منشورات جامعة الفاتح، 1993 ) ص 105 ـ106.**





سوودەکانی ئەم تیۆرە لەوەدایە کە یارمەتیمان دەدات بۆ گەیشتن بە دەستنیشانکردنی جۆری پەیوەندیەکانی نێوان مانای یەکە فەرهەنگیەکان (کە ئایا هاوواتایە یان دژواتایە یان گرتنەوەیە)، و پەیوەندییەکانی مانا بە شێوازێکی ورد و زانستی لێبکۆلرێتەوە، هەروەها دەبینین کەجێبەجێکردنی لە بواری ڕێزمان و ئاماژەدا هەیە.

## 6-2: تیۆری کردەکانی ئاخاوتن

تیۆری کردەکانی ئاخاوتن بۆ (ئۆستن) دەگەڕێتەوە، و سەرجەم ئەو وانانەی کە لە زانکۆی (هارفارد) ساڵی (1955) وتوینەتەوە لە پەرتوکێکدا کۆکراونەتەوە و بە ناوی ((شتەکان چی لە وشەکان دەکەن))، پاشان (جۆن سیرل) و پراگماتیکەکانی دیش لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکاندا هەستان بە پێشڤەبردنی ئەم تیۆرە.

تیۆری کردەکانی ئاخاوتن وا دەڕوانێتە زمان، کە ئەداکردنی چەند کاروبارێکە لەیەك کاتدا، وتەش یەکێکە لە کاروبارەکان، جا کاتێك کە قسەکەر قسەدەکات، ئەوا هەواڵێکت پێ دەگەیەنێت، یان لێدوانێکت دەداتێ، یان فەرمانێك دەردەکات یان دەست لە شتێك دەداتیان دادەنیشێ یان سوپاسی دەکات یان داوای لێبوردن دەکات یان ئاگاداری دەکاتەوە یان داوەتی دەکات یان ناوی دەنێت یان داوای لێخۆشبوون دەکات یان مەلە دەکات،یان مەدحی دەکات یان زەم دەکات یان ستایش دەکات یان گرێبەستێکی بازرگانی مۆر دەکات یان ژن دەهێنێت یان تەلاق دەدات...هتد.

تیۆری کردەکانی ئاخاوتن وا دەڕوانێتە کردەی گفتوگۆ، کە قسەکردنێکە بە هەڵوێستێکەوە پەیوەستە کە گوزارشتی لێ دەکات و، داواکردن گوزارشت لە

ئارەزوویەك دەكات، ستایش كردن گوزارشت لە ڕەزامەندی دەكات، سوپاس گوزارشت لە سوپاسگوزاری دەكات، پۆزش گوزارشت لە پەشیمان بوونەوە دەكات و سەركەوتنی وتوێژیش بەپێی ئەم تیۆرە بەدۆزینەوەی وەرگرەكە بۆ ئەو هەڵوێستە گوزارشكراوە لە ڕێگەی قسەكەرەكەوە دەپێورێ.

ئۆستن كردەكانی ئاخاوتن دەكاتە سێ بەشەوە:ـ

أـ كاری ئاخافتن، مەبەست لەم زاراوەیە كردەی دركاندنە بۆ ڕستەی مانا بەخشی كە لەگەڵ ڕێزمانی زماندا یەك بگرێت.

ب ـ كاری ناگوتراو، مەبەست لەم زاراوەیە ئەو ڕووداوەیە كە قسەكەر لەتوێی ڕستەدا مەبەستێتی وەك فەرمان و ئامۆژگاری.

ج ـ كاری بەجێ لە دركاندنەوە، ئەم زاراوەیەش مانای ئەو كاریگەریە دەبەخشێت كە ڕووداوی زمانەوانی لە وەرگردا دروست دەكات، وەكو ملكەچ بوون بۆ فەرمانەكان، یان قەناعەت هێنان بەئامۆژگاری، یان باوەڕكردن بەئاخافتنەكان یان باوەڕپێنەكردنی .

جا ئەم تیۆرە سەرنجی زۆر كەسی بۆ ئەوە ڕاكێشا، كە زمان تەنها بۆ هەواڵدان و گواستنەوەی بیرو هزرەكان نییە، بەڵكو وەزیفەی كاریگەری كۆمەڵایەتیش بەهەمان شێوە ئەدا دەكات، ئەویش لە ڕێگەی شێوازی گرێبەستەكان (یان شێوازی دانانی). بەشێوەیەكی گشتیش شێوازەكان دەكرێنە دوو بەشەوە:**شێوازی بڕیارەكان و شێوازی دەسكەوتەكان،** وا باشترە كە یەكەمجار ناوبژیوانان ڕێساكان و بڕیارەكانیان وەربگیرێت، پاشان ئەوی دی شێوازی گرێبەستەكانە، وەكو ئەوەی كە بە ژنەكەی خۆی بڵێیت (تەڵاقتم دا) یان تۆ (تەڵاقدرای) یان بۆ هاوسەرگیری یەكێك بڵێیت (قبوڵم كرد)، یان بۆ فرۆشیار بڵێیت (فرۆشتم) و بۆ كڕیاریش بڵێیت (كڕیم). هەروەها بڕیارەكانی دامەزراندن و، دركاندنی





بڕیاری زیندانی....هتد. ئەم شێوازانە سەرناگرێت و جێبەجێ ناكرێت، مەگەر لەلایەن قسەكەرێكەوە بۆ گوێگرێكی دیاریكراو و لە كاتێكی دیاریكراو و لە شوێنێكی دیاریكراودا دەربچێت.

هەروەها تیۆری كردەكانی ئاخاوتن گرنگی بە پۆلێنكردنی ڕووداوەكانی ئاخاوتن دەدات و دەیكاتە چەند جۆرێك، وەكو جیاوازی نێوان كردەكانی ئاخاوتنی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ و دانراوی و پراگماتیكی و پیتی و ناپیتی و توێژینەوەی ڕێگاكانی سەركەوتنی ئەو كارانە یان نشوست هێنانیان و گۆڕینی مانای ڕستەكان، ئەویش بەپێی بەكارهێنانەكان وەك گۆڕینی هەواڵ بۆ هۆنینەوەی پەخشان.[1]

هەروەها لەو تاقیكردنەوانەی كە (ئۆستن) داینا، ئەویش بۆ جیاكردنەوەی نێوان ڕستە وەسفسازەكان (یان ڕستەی هەواڵگەیاندن) و (ڕستە پەخشانیەكان) ئەوەیە كە قسەكەر دەڵێ (1) بۆ نموونە( سلفی ئۆتۆمبێلەكە ناجولێنێت)، بەڵام كە دەڵێ (2) ئەوا پەیمان دەدا . و دەشڵێ (3) ئەوا سوپاسی دەكات... هتد.

**1ـ سلفی ئوتومبێلەكە ئیش پێبكە.**

**2ـ پەیمانت دەدەمێ جارێكی دی سەردانت بكەم.**

---

[1] – بۆ زیاتر زانیاری بگەڕێوە بۆ:

- J.L. Austin, How to Do Things with words (Cambridge, Mass: Harvard University press, 1962).
- Searle, j. (1969) Speech Acts: An Essay in the philosophy of Language,
Cambridge,Eng: Cambridge University press.
- Strawson ,p. F., intention and Convention in speech acts, philosophical Review (1964) 73: 439 – 460.
Tsohatzidis, S. L. , ed, Foundations of Speech Act Theory: philosophical and Linguistic perspectives,London;Routledge. (1994).

**3ـ سوپاست دەکەم بۆ ئەم میوانداریەت.**

لە تایبەتمەندیەکانی دیکەی شێوازی گرێبەستیەکان ئەوەیە، کە جێناوی کاری سەرەکی تیایاندا، یان ئەو شتانەی کە لەجیاتیان بە کارەکان هەڵدەستن، (جێناوی قسەکەر)ن، هەرچەندە چەند نموونەیەك هەن کە لەم ڕێسایە بەدەرن، هەروەك لە (4) داهاتووە:

**4ـ تۆ تەڵاقدرایت.**

لەو پۆلێنکردنانەی کە تیۆری کردەکانی ئاخاوتن هێنایەکایەوە، جیاکردنەوەی سێینەیە لە نێوان:ـ

أـ ڕستەی هەواڵگەیاندن، کە بۆ ئاشکراکردن و لێدوانەکان و سکاڵاکان و گێڕانەوەی چیرۆك... هتد. بەکاردێن.

ب ـ پرسیارکردن، کە بۆ داواکردنی وەڵامی گوتراوی لە گوێگرەوە بەکاردێت.

ج ـ داواکردن کە ئاماژەیە بۆ حەزی قسەکەر لە کاریگەربوون لەسەر کارەکانی داهاتوو، و بۆ داواکردن بەکاردەهێنرێن، و دەرکردنی فەرمانەکان و پێشنیازەکان... هتد.[1]

[1] - Sadock and Zwicky (1985:160)



سەرەتایێک بۆ زانستەکانی واتاسازی و پراگماتیک ______ و:نەریمان خۆشناو

# بەشی سێیەم
# جۆرەکانی واتا

## 3. جۆرەکانی واتا*

باشترین ئەو توێژینەوانەی کە پۆلێنکردنی واتا و لق و پۆپەکانی و گفتوگۆکردن لەسەر بەشەکانی و ئەو بنەمایانەی کە پۆلێنکردنەکە پشتی پێ بەستووە، ئەو توێژینەوانەن کە زانایانی (ئوسول) لە بواری واتاسازی و توێژینەوە زمانەوانییەکانی واتا و جۆرەکانیدا ئەنجامیانداوە، نەخاسمە ئەو زانیارییانەی کە لە توێی هەردوو زانستی واتاسازی و پراگماتیک باسکراون، ئێمەش لێرەدا جۆرەکانی واتا لای ڕۆژئاواییەکان و پاشان جۆرەکانی واتا لای زانایانی ئوسول باس دەکەین.

### 3 – 1 : جۆرەکانی واتا لای ڕۆژئاواییەکان

ئێستا لە زمانەوانی نوێدا تەماشای پراگماتیکی زمانەوانی ناکرێ، کە پرۆسەیەکە پشتی بە توخمەکانی (الوضعية – دانان) بەستووە، بەڵکو مەسەلەیەکی ڕوونە، کە پاش دەرکەوتنی پراگماتیک گوێگران ناتوانن بگەنە ئاستی پرۆسەی گوتارییەکی سەرکەوتوو، بەبێ پەنابردنە بەر توخمە لۆجیکی و پراگماتیکییەکە.بەم شێوەیە ئیتر تێڕوانین بۆ پرۆسەی پراگماتیک پێشکەوت، واتە

* ئەم بابەتە لە توێژینەوەیەکی نووسەرەکەوە وەرگیراوە، کە لە گۆڤاری توێژینەوەکانی (اليرموك)دا بە ناونیشانی (تصنيف المعنى) بڵاوکراوەتەوە، (مج 21، ع2، 2003).





لە چوارچێوەی کردەی جیابوونەوە و پێکهێنانی بونیادە دانراوەکانی (فەرهەنگی و ڕێزمانییەوە) بۆ پرۆسەیەکی هەڵهێنجان گوازرایەوە، کە بنەماکانی پراگماتیک سنوور ڕێژی دەکات و سێ توخمی سەرەکی ئاوێتەیان دەبێ:

دانراوە زمانەوانییەکان linguistic conventions و کردە لۆجیکیەکان logical processes و بنەماکانی پراگماتیک principles of conversation و هەر یەکێکیان بە مانایەکەوە پەیوەستن کە لە ژیانی ڕۆژانەماندا بەکاریان دەهێنین، دانراوە زمانەوانییەکان پەیوەستە بە واتاکانی دەنگی( بۆنموونە بە مانا ڕاستەقینەکانی زمان) و ئەو ڕێژە دەرەکییانەی کە ڕستەکان لە دەرەوە ئاماژەیان بۆ دەکەن، هەرچی کردە لۆجیکییەکانە ئەوا پەیوەستە بە (گرتنەوە) و (گریمانەکراو)، بەڵام بنەماکانی پراگماتیک بەستراوەتەوە بە چەمکە گوتارییەکان یان بە ئەنجامە نادانراوە لۆجیکییەکانەوە. بێگومان ئەم پێشڤەچوونانەی سەبارەت بە فرەوانکردنی تێڕوانینەکانی کردەی پراگماتیک بەو شێوازەی کە باسمان کرد، وامان لێدەکات کە جارێکی تر چاو بە چەمکی پێویستی زمانەوانی و پراگماتیک بخشێنینەوە، بەشێوەیەك کە زۆر مەعقولە لەو باوەڕەدابین کە هیچ کەس توانای بەکارهێنانی زمانی نییە، تەنها لە حاڵەتێکدا نەبێ، کە بتوانێ:

أ. لە بەکارهێنانی دانانە زمانەوانییەکان (فەرهەنگییەکان و ڕێزمانییەکان) شارەزایی تەواوی هەبێت.

ب. توانای عەقڵی وای هەبێ کە وای لێ بکات ئەو کردە لۆجیکیانەی کە بۆ گەیشتن بە دەرەنجامەکان پێویستی پێیەتی، بە تەواوەتی پێیان هەستێ.

ج. (بنەماکانی پراگماتیک) شارەزابێت، بە شێوەیەك کە بتوانی چەمکەکانی پراگماتیک هەڵهێنجێ. ئەمەش شرۆڤەیەکە بۆ بێ دەسەڵاتکردنی کۆمپیوتەر لەوەی کە بتوانێ زمانی سروشتی مرۆڤ کۆنترۆڵ بکات و وەکو مرۆڤ فێری زمانە

سروشتییەکەی مرۆڤ ببێت، هەرچەندە کۆمپیوتەر و ئامێرەکانی تری هاوشێوەی توانای مامەڵەکردنی لەگەڵ واتا بۆ دانراوەکان و لۆجیکییەکاندا هەیە، کەچی ناتوانێ مامەڵە لەگەڵ (بنەماکانی پراگماتیک)دا بکات، چونکە یاساڕێژکردنی سەختە و سروشتێکی فەلسەفی و کۆمەڵایەتی ئاڵۆزی هەیە.

## 3 – 1 – 1 : جۆرەکانی واتا لای گرایس

پۆلێنکردنی واتا لای (گرایس) تۆزێك تەمومژاوییە، ئەم تەمومژاوییەش لەو کۆششانەدا ڕەنگیدایەوە، کە زمانەوانەکان بۆ نیگارکردنی لق و پۆپی ئەم پۆلێنکردنە پێی هەستان، لە گرنگترین ئەو هەوڵانەش هەوڵەکانی هەردوو زانا (ڕۆبێرت هارنیش [1](بڕوانە: وێنەی (1) )، و (جیرۆڵد سادۆك[2](بڕوانە وێنەی (2) ).

دابەشکردنەکە درەختەکەی (سادۆك) سەبارەت بە جۆرەکانی واتا زۆر نزیکە لە بۆچوونەکانی (گرایس)،ئەگەرچی واتای لۆجیکی لە پۆلێنکردنەکەی گرایس ڕوونەکراوەتەوە. هەرچی چۆنێك بێت هەردوو دابەشکردنەکە کۆکن لەسەر دابەشکردنی واتا بۆ گوتراو و چەمك و دابەشکردنی چەمکیش بۆ دانراو و نادانراو و دابەشکردنی نادانراویش بۆ پراگماتیکی و ...هتد. هەروەها دابەشکردنی چەمکی پراگماتیکی بۆ گشتی و تایبەتی. هەرچەندە (گرایس) ئاماژەی بە هەمان ئەو شتە نەکرد کە (هارنیش) و (سادۆك) لە دابەشکردنەکانی خۆیاندا ئاماژەیان بۆ کردبوو،

(1) Robert Harnish , "Logical form and Implicature". In Steven Davis (ed.), pragmatics: A Reader (New York: Oxford University press, 1991.) P.325

(2) Jerrold B. Sadock, "on testing for Conversational Implicature". in Steven Davis (ed.) pragmatics: A Reader (New York: Oxford University press 1991.) p 366.





سەبارەت بە هەمان مەبەستی نادانراوی ناپراگماتیکی، ئەوا ئیتر دابەشکردنی لۆجیکی بابەتەکە وامان لێدەکات کە بە دوای سەرجەم ئەگەرەکاندا بچین. ئەو هێڵە دابڕاوەی کە ئاماژە بۆ ئەم جۆرەی چەمکی درەختەکەی هارنیش دەکات، مەبەستی ئەوەیە ئەم چەمکە ئەگەرانەیە و چەمکێکی ڕاستەقینە نییە، لە داهاتووشدا هەریەك لەم جۆرانەی واتا لای (پۆل گرایس) دەخەینەڕوو.

**وێنەی (1)**

**درەختی هارنیش بۆ پۆلێنکردنی واتا لای (گرایس)**




**وێنەی (2)**

**درەختی سادۆك بۆ پۆلێنکردنی واتا لای (گرایس)**




**3-1-1-1 : واتای دانراو ( یان گوتراو )**

(پۆل گرایس) Paul Grice دوو واتای سەرەکی لە یەکتر جیادەکاتەوە: گوتراو و چەمك، مەبەستیش لە گوتراو (یان مانای دانراوی ڕستە) کرۆکە واتاسازییەکەیەتی کە لە کۆمەڵە واتایەکی ڕێزمانی (وشەسازی، ڕستەسازی) و، مانا





فەرهەنگییەکانی کە لە ناویدان پێکدێت، کە هەموو ئاماژە بە ڕێژە دەرەکییەکەی دەکەن کە لە دەرەوەی مێشکدان، هەروەها دەستنیشانکردنی کات و ئەو سەرچاوانە دەستنیشان دەکات، کە گوزارشتە ئاماژەدارەکان حەواڵەیان دەکرێت[1].

زمانەوانەکان بەگشتی لەسەر ئەوە ڕاهاتوون کە واتای ڕستەی دانراو لە رووی دەرەکییەوە یەکسان دەبن، یان ڕاستی و دروستی ڕستە بە مەرج وەربگرن، هەروەك لە زمانەوانیدا ناسراوە. دەتوانین نموونەی(1) لەم بارەوە بهێنینەوە: لە حاڵەتێکدا ئەمە ڕاست دەبێت کە بەریتانیا شاژنێکی هەبێت و لە دەوڵەمەندترین ئافرەتانی جیهانیش بێت، ئەم مانایەش لە کۆی ئەو مانا ڕێزمانی و فەرهەنگییانەوە دەستەبەر دەبێت کە لە دووتوێی ڕستەدا هەیە و پێویستی بە هەڵهێنجان ناکات، تا پەی بە واتاسازییە لۆجیکییەکان بەرێت و پشت بە بنەما پراگماتیکییەکان ببەستێت.

**1. شاژنی بەریتانیا یەکێکە لە دەوڵەمەندترین ئافرەتانی جیهان.**

واتای دانراو هەروەکو (گراندی) ئاماژەی بۆ دەکات کە هەڵوەشاندنەوە یان پووچەڵکردنەوە بەبێ پێچەوانە بوونەوە پەسەند ناکات،[2] چونکە لەو کاتەدا ناتوانین گوزارشتی یان ڕستەی (2) بخەینە سەری، بەبێ ئەوەی تووشی پێچەوانە ببین لە نێوان (1) و (2).

**2. بەڵام هەژارە.**

جا ئەگەر ئێمە پێوەری پەسەندکردنی ئەم لابردنە بچەسپێنین، ئەویش بۆ دۆزینەوەی واتا دانراوەکە، بەم شێوەیە ئیتر هەریەك لە (گرتنەوە) و (گریمانەکردن) دەچنە چوارچێوەی پێناسەکردنی واتا دانراوەکەوە. واش پێدەچێ کە زۆربەی زۆری

---

(1) Harnish (1991): 326.

(2) Peter Grundy, Doing Pragmatics (London: Edward Arnold, 1995), P.82

زانا ئوسولییەكان كاتێك كە دانیان بەوە دانا،كە واتای (گرتنەوە) هەروەك واتا دانراوەكەیە، هەرچەندە (ڕازی) و هەوادارانی دژ بەم بۆچوونەبوون[1]. چونكە گرتنەوە و گریمانەكردن بەهەمان شێوە هەڵوەشاندنەوە پەسەند ناكەن، لە شوێنی خۆشیاندا باسیان لێوە دەكەین.

بەم شێوەیە مەبەستی گرایس لە (گوتراو ) ناوەرۆكی لۆجیكی وتە زمانەوانییەكەیە یان ئەو مەسەلە دەرەكییەیە، كە لە دەرەوە ئاماژەی بۆ دەكات، هەر شتێكیش كە لەم لایەنگیرییە دەرەكییە بەدەر بێ، ئەوا دەچێتە چوارچێوەی (چەمك)ەوە، مەسەلەیەكی ڕوونیشە كە پێناسەكردنی چەمك لای ئەو پێناسەیەكی نێگەتیڤە و كۆمەڵێكی نەگونجاو لە واتاكان هەڵدەگرێ و تەنها لەوەدا كۆدەبنەوە كە ناچنە چوارچێوەی گوتراوەوە.[2]

هەروەها (هۆرن) ئەو جیاكردنەوەی كە (گرایس) لە نێوان گوتراو و چەمك دەیكات، دەیبەستێتەوە بە جیاكردنەوەی تەقلیدی لە نێوان شێوازی ڕستەكە بە لایەنگیرییە دەرەكییەكەوە بەستراوەتەوە و ئەو كرۆكەی كە بە لایەنە دەرەكییەكەوە نەبەستراوەتەوە.[3] لە لایەكی ترەوە جیاكردنەوەی گوتراو و چەمك بە هەمان شێوە بە واتاسازی و پراگماتیكەوە پەیوەستە، چونكە لە كاتێكدا كە یەكەمیان سەر بە واتاسازییە، كەچی ئەوی تریان لە چوارچێوەی پراگماتیكدایە.

---

(1) فخرالدين الرازي، المحصول في علم اصول الفقه (بيروت، دار الكتب العلمية، 1988). وانظر ايضاً. 58:
Yunis Ali 156, 2000 1

(2) Sadock (1991): 365

(3) L. R, Horn "Presupposition and Implicature". In: Lappin, S.: The Handbook of Contemporary Semantic Theory (oxford: Blackwell , 1996), P312.





گرایس هەندێك پێوانە دەخاتەڕوو، كە بە شێوەیەكی ڕوون چەمكی پراگماتیكی لە گرتنەوە، هەروەها لە واتای لۆجیكی و دانراو جیادەكاتەوە ، دەكرێ بەم شێوەیەی خوارەوە كورتی بكەینەوە:

أ. چەمكی پراگماتیكی پێویستی بە تێڕامان هەیە،[1] كە بنەماكانی هاریكاری كۆنترۆڵی دەكات.

ب. توانای هەڵوەشاندنەوە یان پوچەڵكردنەوەی هەیە[2]، ئەمەش مانای ئەوەیە كە دەشێ پوچەڵبكرێتەوە هەروەك لە (3)دا هەیە كە چەمكی (4)ی لێوە پەیدا دەبێت، كە دەتوانرێت هەڵبوەشرێتەوە یان پووچەڵبكرێتەوە، هەروەك لە (5)دا هەیە، ئەویش بە پێچەوانەی گرتنەوە، كە ناتوانرێت ئەم كارەی تیادا ئەنجام بدرێت، بەبێ بوونی دژاودژی (پێچەوانەیی)، هەروەك لە (6)دا هەیە، كە پێویستە گرتنەوەی (7)ی تێدا بێت، لەبەر ئەوە ناتوانین ئەو شتانە هەڵوەشێنیتەوە كە لە ناوەرۆكیاندا هەن، كاتێك كە دەڵێین (8)، مەگەر بە بوونی پێچەوانەیی و دژاودژی لە نێوان (6) و (7) نەبێ.

**(3) ئەحمەد دوو ئۆتۆمبێلی هەیە.**

**(4) ئەحمەد تەنها دوو ئۆتۆمبێلی هەیە.**

**(5) ئەحمەد دوو ئۆتۆمبێلی هەیە، نەخێر سێی هەیە.**

**(6) قابیل هابیلی كوشت.**

**(7) هابیل مرد.**

**(8) قابیل هابیلی كوشت، بەڵام هابیل نەمرد.**

---

(1) H. p. Grice "Logic and Conversation". In Steven Davis (ed.), Pragmatics: A Reader (New York: Oxford University press, 1991).

(2) Grice (1991 : 314 – 315).

ج. لێکجیابوونەوە پەسند ناکات،[1] مەبەست لەم گوزارشتە ئەوەیە کە شێوازی وشەکە لە ڕووی ئاخافتنەوە گۆڕانکاری بەسەر بێت لەگەڵ هێشتنەوەی ماناکەی وەك خۆی، ئەم حاڵەتەش نابێتە هۆی هەڵوەشانەوەی چەمکە پراگماتیکییەکە. ئەویش لەبەر ئەوەی بە ماناوە بەستراوەتەوە و هیچ پێوەندییەکی بە ئاخافتنەوە نییە، هەر گۆڕانکارییەکیش لە وتەکانی (9) بۆ وشەکانی دی کە لە توانایدا هەبێت نابێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی چەمکەکانی لە (10)دا[2].

**(9) مەڕوماڵاتی لەوەڕگا زەکاتی لەسەرە.**

**(10) مەڕوماڵاتی دابەستا زەکاتی لەسەر نییە.**

د. ئەمە بەشێك نییە لە شێوازە گوتراوەکە، واتە دانراو نییە، لەبەر ئەوە گوتراوەکە لەوانەیە ڕاستگۆبێت و چەمکەکەش درۆ بێ[3].

هـ. لە گوتراوەکە وەرناگیرێت، بەڵکو لەو ڕێگەوە وەردەگیرێت کە پێی دەدرکێنرێ[4].

و. ئەوە مەزندەی واتاییە[5].

ز. توانای جەختکردنی هەیە، مەبەستیش لەمە توانای جەختکردنە لەسەر ئەو چەمکەی کە لە وتەکەوە وەردەگیرێ، بەبێ ئەوەی کە بکەوێتە ناو قسەی بێ سوودەوە، دەشتوانین بە ژمارە (11) نموونە بهێنینەوە کە ژمارە (12)ی لێ هەڵدەهێنجین، چونکە لەوێ ئەم جەختکراوەیەی خرایە سەر (نەك لە مەڕە دابەستکراوەکان) لە ژمارە (13) بەبێ ئەوەی کە زیادەکە تەنها پڕکردنەوە بێ،

---

(1) Grice (1991: 315).
(2) Grice (1991: 307)
(3) Grice (1991: 315)
(4) Grice (1991: 315)
(5) Sadock (1991 : 367)





بەپێچەوانەی گرتنەوە کە جەختکردنەوە لەسەری دەبێت، هەر پڕکردنەوە بێت هەروەك لە ژمارە (15)دا جەختمان لەسەری کردەوە، کە بە واتای گرتنەوە چەمکڕێژکراوە لە (14)، ئەویش کە کاتێك (16) دەڵێین: ئەمەش دەبێتە هۆی پڕکردنەوەی گوزارشتەکە بە قسەیەکی زیاد و ناپەسەند.

**(11) مەڕوماڵاتی لەوەڕگا زەکاتی لەسەرە.**

**(12) مەڕوماڵاتی دابەستە (بە ئالیف بەخێوکراو) زەکاتی لەسەر نییە.**

**(13) لە مەڕوماڵاتی لەوەڕگا، نەك لە مەڕوماڵاتی بەخێوکراو بە ئالیف زەکات هەیە.**

**(14) قابیل هابیلی کوشت.**

**(15) هابیل مرد.**

**(16) پاشان هابیل مرد.**

### 3-1-2 : واتای لۆجیکی

واتای لۆجیکی دوو جۆر واتا هەڵدەگرێت، کە گرتنەوە و گریمانەکردنە.

### 3-1-1-2-1 : گرتنەوە:

لەسەر پرسێك وەك (ق) ڕاست دەردەچێت لە ناوەرۆکیدا (ك)ی تیادا هەبوو، ئەوە لەو حاڵەتەدا هەر کاتێك (ق) بەدیکرا، ئیدی (ك)یش بەدی دەکرێت، لەبەرئەوە گرتنەوە پێوەندی نێوان دوو ڕستەی (ق) و (ك)ە، بەجۆرێك لەم حاڵەتەدا هەر (ك)ێك، (ق)ی تیادایە، ئەویش لە کاتی بوونی (ك)ێکی ڕاستگۆ، پاش بوونی (ق)ی ڕاستگۆ، بۆ نموونە (17) و (18) لێرەدا دەبینین کە (ق) (17)، (ك) (18)ی تیادایە، بە شێوەیەك کە (17)یەکی ڕاستگۆ هەبوو، ئەوا (18)ی ڕاستگۆش بوونی هەیە. بەڵام گەر هاتوو (ق) درۆزن بوو – بەوەی کە قسەکەرەکە سەگێکی نەبینێ –

، ئەوا ئەو ساتە مەرج نییە کە (ك) وا بێت، بەڵکو لەوانەیە (ك) ڕاستگۆبێت، گەر قسەکەرەکە ئاژەڵێکی دیکەی بینی، یان لەوانەیە درۆزن بێت گەر هەر هیچ ئاژەڵێکی نەبینی بێت.

**(17) سەگێکم بینی.**

**(18) ئاژەڵێکم بینی.**

## 3–1–1–2–2: گریمانەکردن

گریمانەکردن ئەو پەیوەندییەی نێوان (ق) و (ك)ە، لەم کاتەدا (ق) (19) وا گریمانەی (ك) (20) دەکات، ئەویش لە حاڵەتێکدا کە (ك) ڕاستگۆیە، جا ئیتر ئەو (ك) (20)ە، لە (ق)دا ڕاستگۆ بێت، هەروەك لە (19)دا هەیە، یان درۆزن بێت، هەروەك لە (21)دا بەدی دەکرێت.

**(19) سەلیم وازی لە جگەرەکێشان هێنا.**

**(20) سەلیم جگەرەی کێشا.**

**(21) سەلیم وازی لە جگەرەکێشان نەهێنا.**

گریمانەکردن چەمکێکە زۆر تێکەڵە بە چەمکی گرتنەوەوە، تەنانەت هەندێ لە زانایان وا پێناسەی دەکەن، کە ((گرتنەوە بە نەرێ کاریگەر نابێ))[1]، ئەمەش مانای وایە کە هەریەك لە (19) و (21) (هەرچەندە دووەمیان یەکەمیان ڕەتدەکاتەوە) کەچی وا گریمانە دەکات کە سەلیم جگەرەی دەکێشا.

جا هەرچەندە من لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا هۆکاری ئەو دیاردەیەم بەرچاونەکەوت، کە گریمانەکردن بۆچی (ڕەتکردنەوە ــ نەرێ)ی تێدا نییە، بەڵام گرتنەوە کاریگەرە پێی، وا پێدەچێ کە هۆکارەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە لە

(1) Grundy (1995: 82)





گریمانەکردندا بۆ نموونە (22) لە (23) و (24) پێکدێت، بەشێوەیەك کە یەکەمیان لە ڕووی کاتەوە لە پێشترە و، دووەمیشیان لە ڕووی لۆجیکییەوە لە پێشترە، بە جۆرێك کە چەسپاندنی دووەم پێویستی بە چەسپاندنی یەکەم هەیە، چونکە گوزارشتەکەی پاشتر بەجێ نایەت، مەگەر بە گوزارشتەکەی پێشتر نەبێت، بەڵام ڕەتکردنەوەی دووەم هەروەك لە (25)دا نابێتە هۆی ڕەتکردنەوەی یەکەم، کە (23)یە، چونکە لەوانەیە ئەوەی پێشوو بچەسپێنێ، بەبێ بوونی پاشکۆیەکە.

**(22) عەلی جگەرەکێشانی ڕاگرت.**

**(23) عەلی جگەرەی کێشا.**

**(24) عەلی جگەرەکێشانی واز هێنا.**

**(25) عەلی جگەرەکێشانی واز لێنەهێنا.**

بەڵام لە حاڵەتی گرتنەوە، ئەوا یەکەمیان (27) پێشتر نییە و بۆ دووەمیش (28) بە هەمان شێوە نابێتە پاشکۆ، چونکە پلەداری لە نێوانیاندا دەستەبەر نابێت، بەڵکو پەیوەندییەکەی نێوانیان پەیوەندی تایبەتییە بە گشتییەوە، هەروەها ڕەتکردنەوەی تایبەتە هەروەك لە (29)دا دیارە، کە ڕەتی گشتییەکە (30) ناکاتەوە، چونکە نەبینینی سەگەکە، نەبینینی ئاژەڵێکی دی ڕەت ناکاتەوە، چونکە لەوانەیە پشیلەیەك یا ئاژەڵێکی بینیبێ، بەڵام لە حاڵەتی چەسپاندندا، ئەوا کاریگەرییەکەی بەرکەوتووە، چونکە چەسپاندنی تایبەتەکە (27) وا پێویست دەکات کە گشتییەکەش (28) بچەسپێنێت، بینینی سەگەکە وا پێویست دەکات ئاژەڵێك بینرابێت.

**(26) سەگێکم بینی.**

**(27) سەگێکم بینی.**

**(28) ئاژەڵێکم بینی.**

**(29) سەگێكم نەبینیوە.**

**(30) ئاژەڵێكم نەبینیوە.**

### 3 – 1 – 1 – 3 : چەمك

گرایس چەمك دابەش دەكاتە سەر دوو بەشەوە، چەمكی دانراو و چەمكی پراگماتیكی.

### 3 – 1 – 1 – 3 – 1: چەمكی دانراو

ئەم جۆرەی واتا بە چەمك ناوزەد دەكرێت، ئەویش بۆ جیاكردنەوەی لە گوتراوەكان، هەروەها وا وەسف دەكرێ كە دانراوە بۆ جیاكردنەوەی لە چەمكە پراگماتیكییەكەی، كە لە تەوەری داهاتوو باسی دەكەین. مەبەست لە چەمكی دانراو ((هەموو ئەو گوتانەیە كە بە شێوازەكەی خۆی واتاكە دەگەیەنێت، بەڵام ناچێتە ژێر ئەو مەسەلە دەرەكییەی كە ئاماژەی بۆ دەكات))،[1] تاكو دەرەنجام لە ڕیزی گوتراوەكان هەژمار بكرێت. یەكێك لە نموونەكانی چەمكی دانراو ئەو شتانەن كە لە وتەكەوە هەڵدەهێنجرێن (31)، كە ئەویش ڕاست و دروستی گوتراوەكەی بە مەسەلە دەرەكییەكە سنووررێژ دەكات (واتە ئەو مانایەی كە لە واقیعە دەرەكییەكە ئاماژەی بۆ دەكات، ئەویش ئەوەیە كە پێغەمبەر (د.خ) هەژار و ئەمین بووە یان نە)، ئەم مانایەش لەگەڵ گوتەی (32) هاوواتایە، بەڵام ئەو زانینەی كە (بەڵام) ئاماژەی بۆ دەكات، هیچ پەیوەندییەكی بە گوتراوی گوتەكەوە نییە، بەڵكو پەیوەندی بە چەمكە دانراوەكەوە هەیە.

[1] Sadock (1991 : 366)





**(31) محەممەد (د.خ) هەژاربوو، بەڵام ئەمین بوو.**

**(32) محەممەد (د.خ) هەژار و ئەمین بوو.**

بەم شێوەیە (31) دەلالەت دەكاتە سەر مانایەك، كە ناچێتە ناو چوارچێوە دەرەكییەكەوە، بەڵام لە چەمكی چەند توخمێكی زمانەوانی گوتراو وەرگیراوە، كە بەشێك لە شێوازی ڕستەكە پێكدەهێنن، كە توخمی (بەڵام)ە، كە دەلالەت دەكاتە سەر (زانینی).

بەپێی قسەكانی (گرایس) هۆكاری دانەنانی ئەم مانایە بە گوتراوێك بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە هەر یەكێك (33) بەكاربهێنێت، مەرج نییە وتبێتی: ئەو كەسەی قسەی لەبارەیەوە دەكەی، كەسێكی ئینگلیزە و سیفەتی ئازایەتی تیادایە، هەرچەندە ئەگەر قسەكردنەكەشی ئەم مەبەستەش بگەیەنێت.

**(33) كەسێكی ئینگلیزە، كەواتە ئازایە.**[1]

لەوانەیە لە گرنگترین تایبەتمەندییەكانی چەمكی دانراو كە لە چەمكی پراگماتیكی جیای دەكاتەوە ئەوەیە كە لە ژێر تیشكی بنەماكانی پراگماتیكیدا شرۆڤە ناكرێ.[2] بەڵكو مانایەكەی ئاشكرایە بەبێ زانینی دەوروبەرەكەی، جا سەبارەت بەوەی چەمكە و گوتراو نییە، ئەوە لەبەر ئەوەیە كە ناچێتە ژێر مانای دەرەكی گوتەكە. هەروەك پێشوتر ئاماژەمان بۆ كرد، هەر كەسێك كە بە وردی لەو نموونانەی گرایس بكۆڵێتەوە، تێبینی ئەوە دەكات كە بەستراوەتەوە بە هەندێك ئامراز یان هەندێ پیتی واتایی، واتە بە واتای دانراوی ئامرازەكانەوە بەستراوەتەوە.

[1] Grice (1991: 307)
[2] The Concise Oxford Dictionary of Linguistics, Oxford University Press , 1997.

## 3 – 1 –1- 3 – 2: چەمکی پراگماتیکی

مەبەست لە چەمکی پراگماتیکی هەموو ئەو شتانەیە کە لە گوتەوە هەڵدەهێنجرێ، سەرباری ئەو مەسەلە دەرەکییانەی کە ئاماژەی بۆ دەکەن ـ ئەویش بە پشت بەستن بە بنەماکانی پراگماتیکی نەك بە گەڕانەوە بۆ واتا دانراوەکان یان بۆ دەرئەنجامە لۆجیکییەکان. چەمکی پراگماتیکی لەسەر ئەو گریمانەیە بەندە کە بەشدارییەکانی قسەکەران بە یەکەوە بەستراون و بە بنەماکانی هاریکاریشەوە سنوورڕێژکراون، کەوا پێویست دەکات هەریەك لە قسەکەر و گوێگرەکە هەوڵبدەن بۆ گەیشتن بە حاڵەتێکی پراگماتیکی سەرکەوتوو، جا بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم ئاستە، هەریەك لەوانە فەرمانی خۆی بەپێی ئەو بنەمایانە جێبەجێ دەکات. هەروەها فەیلەسوفی زمانەوانی (پۆڵ گرایس) بەم شێوەیەی خوارەوە ئەو بنەمایانە دەخاتەڕوو:

**1–بنەمای چەندێتی:**

أ. تەنها بەپێی پێویست قسە بکە (بەو ڕادەیەی کە جێبەجێ کردنی مەرامەکانت لە پرۆسەوی قسەکردنەوە بۆ دەستەبەر دەبێت).

ب. سنووری پێداویستییەکانت لە قسەکردندا مەبەزێنە.

**2 – بنەمای چۆنیەتی:**

أ. ئەو شتانە مەڵێ کە پێت وایە درۆن.

ب. ئەو شتانە مەڵێ کە زۆر پێویستییان بە بەڵگە هەیە.

**3–بنەمای شێواز:**

أ. دوورکەوتنەوە لە گوزارشتی تەمومژاوی

ب. دوورکەوتنەوە لە تێکهەڵکێشی

ج. قسەت کورت بکەوە (زۆر وێژ مەبە).



سەرەتاییێک بۆ زانستەکانی واتاسازی و پراگماتیک ____ و:نەریمان خۆشناو

د. با قسەکانت ڕێکوپێك بێت.

**4. بنەمای بۆنە (پێوەندی):**

با قسەکانت لەگەڵ دەوروبەری قسەکانتدا گونجاو بێت.[1]

جا گرنگی ئەم بنەمایانە لەوەوە دەردەکەوێت، کە گوێگرەکە وا گریمانە دەکات کە قسەکەرەکە دوای دەکەوێت، لەبەر ئەوە دەرەنجامەکەی لەسەر ئەم گریمانەیە دادەمەزرێت. هەر کاتێك قسەکەرەکە ئەم وتەیەی (34) درکاند، ئەوا گوێگرەکە ـــ لەسەر بنەمای چەندێتی ـ کە لەیلا هەموو نانەکەی نەخواردووە. لەبەرئەوەی گەر مەبەستەکە ئەوەبێ کە لەیلا هەموو نانەکەی خواردووە، ئەوا قسەکەرەکە دەیگوت، چونکە ئەو بەپێی بنەمای چەندێتی پابەندە بەوەی کە بەپێی پێویست قسەبکات.

**(34) لەیلا هەندێك لە نانەکەی خوارد.**

**(35) لەیلا هەموو نانەکەی نەخوارد.**

بەم شێوەیە چەمکی پراگماتی (35) لە واتا دانراوەکانی ڕستەوە (34) هەڵناهێنجرێت، چونکە لەم ڕستەیەدا هیچ مانایەکی فەرهەنگی یان ڕێزمانی یان پێکهاتەیی یا شێوازی بەدی ناکرێت، کە توانای ئەوەی هەبێت بدرێتە پاڵی، جگە لەوەش دەرەنجامێکی لۆجیکیش لە (34) نییە، چونکە گرتنەوە یان گریمانەکردنی لە ناویدا نییە، بەڵکو دەرەنجامێکی وەرگیراوە لە بنەماکانی ئەو هاریکارییەوە، کە پرۆسەی پراگماتیکەکە سنووررێژ دەکات، بەشێوەیەکی دیاریکراو ئەمە پرسێکە پێویستی بە ڕەدوکەوتنی بنەمای چەندێتییەوە هەیە.

(1) Grice (1991 : 307 –309). See Also "Logic and Conversation" , in peter Cole and Jerry L. Morgan (eds), Syntax and Semantics 3 : Speech acts (New York: Academic Press , 1975), pp. 41 – 68.

هەروەك لێرەدا تێبینی دەكەین كە چەمكی دانراوی (هەروەها واتای دانراو) بە ڕوونی لەگەڵ چەمكی پراگماتیكی جیاوازی هەیە، ئەویش لەو ڕوانگەیەوە كە یەكەمیان ڕەمەكییە (واتە پێوەندی نێوان ئاخافتنەكە و واتاكەی خودی نییە، هەروەها لۆجیكیش نییە، بەڵكو ڕەمەكییە و تەنیا دەكەوێتە ژێر باری بابەتە زمانەوانییەكان، كە زمانەوانان دەیناسن)، لە كاتێكدا كە هەڵهێنجانی دووەمی گوتەكە بەوە سەردەگرێت كە هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی چەند پرۆسەیەكی عەقڵیی.[1]

سەربارى ئەو قسانەی پێشوو، سنوورەكانی نێوان چەمكی پراگماتیكی و واتای لۆجیكی و واتای دانراو بە ڕوونی و ئاشكرایی دەمێننەوە، هەروەها چۆمسكی نموونەیەكی هێنایەوە كە گریمانەكردن و چەمكی پراگماتیكی و واتای دانراو كۆدەكاتەوە، كە وتەی (36)ە، كە لێرەدا وا گریمانە دەكرێت قسەكەرەكە پێنج منداڵی هەیە، چەمكەكەش دەلالەتی ئەوەی هەیە كە سێ لە منداڵەكانی لە قوتابخانەی سەرەتاییدا نین، واتاكەشی بە ڕوونی دانراوە و دەلالەت دەكاتە سەر ئەوەی كە دوو لەو پێنج منداڵەی لە قۆناغی سەرەتاییدان.

**(36) دوو منداڵ لەو پێنج منداڵە لە قوتابخانەی سەرەتایین[2].**

---

(1) See Deirdre Wilson and Dan Sperber , "Inference and Implicature" in Steven Davis, Pragmatics: A Reader (New York: Oxford University press 1991) p. 378.

(2)N.,Chomsky,"Some Empirical Issues in the Theory of Transformational Grammar" In S. peters (ed.), Goals of Linguistic Theory. (Englewood Cliffs, N. J: Prentice – Hall , 1972), p. 112





## 3ـ1ـ1ـ3ـ2ـ1: چەمكی پراگماتیكی گشتی و چەمكی پراگماتیكی تایبەتی

جیاوازی سەرەكی لە نێوان چەمكی پراگماتیكی گشتی و چەمكی پراگماتیكی تایبەتی ئەوەیە كە یەكەم بەبێ دەوروبەر هەڵدەهێنجرێت، كەچی دووەمیان تەنها بەهۆی دەوروبەرەوە هەڵدەهێنجرێت. جا بە پێچەوانەی چەمكی پراگماتیكی تایبەتەوە كە نموونەكانی چەمكی پراگماتی پێشوو بۆ ئەویش هەر بە نموونە دادەنرێت، هەروەك (گرایس) دەڵێت: زۆر سەختە چەند نموونەیەك بدۆزینەوە كە ناكۆكی سەبارەت بە چەمكی پراگماتیكی گشتی تیادا نەبێت، ئەویش لەبەر ئەوەی لەگەڵ چەمكی دانراو تێكهەڵكێشە. جا لەو نموونانەی كە (گرایس) سەبارەت بە چەمكی پراگماتیكی گشتی باسی كردووە ئەوەیە، كە لە (37)دا هاتووە، هەر یەكێك ئەم ڕستەیە بەكاربهێنێت، وای لێی تێدەگات، ئەو ئافرەتەی كە بینرا، ئافرەتێكی بێگانەیە، واتە نە هاوسەریەتی و نە دایكییەتی و نە خوشكیەتی. بە هەمان شێوەش هەریەكێك گوێ لە (38) ڕابگرێت، یەكسەر وا دێتە مێشكی كە ماڵەكە ماڵی ئەو نییە. پێویستە باز نەدەینە سەر ئەوەی كە مەسەلەكە پێوەندی بە ڕێزمانە دانراوەكانەوە هەیە، وەك ئەوەی بڵێین: كە جیاكردنەوەی نێوان (نەناسراو و ناسراو) لەسەر بنەمای ئەوەیە كە یەكەمیان چەمكێكی گشتی لێ وەردەگیرێت و دووەمیش چەمكێكی تایبەتی لێوەردەگیرێت، كە لە بواری دەستنیشانكردنی مەرامەكە یەكلاكەرەوە دەبێت. ئەویش لەبەرئەوەی كۆمەڵێ نموونەی تری پێچەوانە لە ئارادا هەیە، هەروەك لە نموونەكەی پێشووی (گرایس)دا هەبوو لە گوتەی (39)دا كە دەلالەت دەكاتە سەر ئەوەی، كە ئەو پەنجانەی كە شكاندنی، پەنجەی خۆی بوو، لەوانەشە وا ڕوونتر بێت، كە وشەی (دانەیەك) لە باتی پەنجەیەك دابنێین.

**(37) سەعید ئەم ئێوارەیە دیداری ئافرەتێك دەكات.**

**(38) سالم چووە ناو خانوویەکەوە بینی کە لە بەرانبەر دەرگاکەی پێشەوەی خانووەکە کیسەڵێك هەیە.**

**(39) دوێنێ پەنجەیەکم شکاند[1].**

لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە ئەم جیاکردنەوەیە جێی تێڕامانی زمانەوانان و فەیلەسوفانی زمانە و تاکو ئێستاش یەکلا نەبۆتەوە، هەرچەندە زۆربەی زۆری توێژەران پەسندیان کردووە. لە ناسراوترین ئەو کەسانەی کە دژ بەم جیاکردنەوەن (سپێربیر) و (ویلسۆن)ن، کە ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد جیاوازییەکەی گرایس لە نێوان ئەو شتانەی دەدرکێنرێت و ئەو شتانەی کە لێی دەگەن جیاوازییەکی ڕاست و دروست نییە[2]. لەو ڕەخانەی کە سپێربیر و ویلسۆن ئاڕاستەی ئەم جیاوازییەیان کرد، ئەو حوکمانەبوو کە لەسەر لایەنەکانی ئەو واتایانە درا، سەبارەت بە دەستنیشانکردنی ئەو سەرچاوانەی کە (دەربڕینەکانی ئاماژە و جێناو و ئاوەڵکاری شوێنی و ئاوەڵکاری کاتی بۆی حەواڵە دەکەن)، هەروەها سەبارەت بە (هەڵگەڕانەوە دەوروبەر) لەو بڕوایەدا بوون کە هەروەك چەمك وایە و دەیان وت کە هەندێك لەو شتانەی کە (گرایس) بە چەمکی دادەنێت، لە ڕاستیدا لە توێی واتای شاراوەدایە، بە (گوتراوی ناڕاستەوخۆ) ناوزەدیان کرد، کە هەر پەیوەستیان کرد بەو مانایانەوە کە لە شێوازی لۆجیکی ناو پێکهاتەی گوتنەوە

---

[1] See Grice (1991 : 314).

[2] "On Grice's theory of conversation". In: P. , D. Wilson. and D. Sperber Werth (Ed.): Conversation and Discourse (London: Croon Helm , 1981), See also D. Sperber & D. Wilson : " Mutual knowledge and relevance in theories of comprehension." In : N. V. Smith (Ed). Mutual Knowledge. (London: Academic press, 1982), 61 – 85.





دروست دەبێت[1]. ئەو دوو زانایە پێیان وابوو کە لە جیاتی جیاکردنەوە لە نێوان گوتراوی ئاشکرا و چەمکی گرتنەوە، هەروەك گرایس کردی، وا باشترە یەکەمجار جیاوازییەك لە نێوان ئەو پرسە بکرێت کە قسەکەر گوزارشتی ڕوون و گوزارشتی شاراوە و هەڵهێنجانە جۆراوجۆرەکانی کە لێوەی وەردەگیرێت، کۆدەکاتەوە[2]. ئەم مەسەلەیەش لە لای هەوادارانی تیۆری (بۆنە- پێوەندی) بەوە گوزەری کرد، کە جیاوازییەك بکرێت لە نێوان دەربڕینی ناڕاستەوخۆ و چەمك[3].

وا دەردەکەوێ کە ئەم جیاوازییە لە ڕێبازەکەی (ئیبن حاجب) نزیکترە، کە واتای چەمکی تەسك کردەوە و، گوتراوی شاراوەشی بە وردی و ئاشکرایی لێ دەرهێنا، جا چەمکەکە تیایدا لە واتاکانی دی جیادەکرێتەوە، هەروەك لەو توێژینەوەیەی داهاتوودا تیشکی دەخەینە سەری.

## 3 – 2 – جۆرەکانی واتا لە لای زانایانی ئوسولّ فقهـ

لەوانەیە زانایانی ئوسولّ فقهی ئیسلامی یەکەم کەس بووبێتن کە گرنگییان بە پۆلێنکردنی واتا دابێت و، لق و پۆپیان بۆ کردبێت و، جۆرەکانیان لە یەك جیاکردبێتەوە، لەبەر ئەوە زۆر پێویستە کە دیارترینی ئەو هەوڵانە بخەینەگەڕ کە واتایان بۆ چەند جۆرێك پۆلێن کردووە، بۆ ئەوەی ببێتە نموونەیەك، تێڕوانینی ئوسوڵییەکان لە ڕووی دابەشکردنی واتاوە بخاتەڕوو، کە هەوڵەکانی (ئیبن حاجب)ە.

---

[1] Sperber, D. and Wilson, D, Relevance: Communcation and cognition. (Oxford: Blackwell . , 1986), p. 182.

[2] Dan Sperber and Deidre Wilson, "Irony and the use – mention distinction". In peter Cole (ed), Radical Pragmatics, pp. 295 – 318 . (New York: Academic Press, 1981). P. 159.

[3] Diane, Blakemore, Understanding Utterances: An Introduction to Pragmatics (Oxford: Blackwell Publishers, 1992), p. 57f.

## 3 – 2 – 1 : جۆرەکانی واتا لە لای ( ئیبن حاجب )

**وێنەی (3)**

**پۆلێنکردنی واتا لای (ئیبن حاجب)**




(ئیبن حاجب) پێی وابوو کە هەموو واتاکان دەچنە چوارچێوەی گوتراوی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، تەنها چەمکی (ڕازی بوون) و (لادان) نەبێت، کە هەردووك دەچنە چوارچێوەی چەمکەوە. مەبەست لە گوتراوی ڕاستەوخۆ واتای دانراوە، کە هەردوو واتاکانی (وەکیەك) و (گرتنەوە) دەگرێتەوە، بەڵام گوتراوی ناڕاستەوخۆ تەنها جۆرێك لە جۆرەکانی واتای پابەندبوون دەگرێتەوە، ئەو جۆرەیە کە لەگەڵ گوتراوەکەدا نەڕێك دەکەوێ و نەدژاودژ دەکەوێتەوە ، جا ئەگەر دەلالەت





بکاتە سەر یەکێك لەو دوو مانایە، ئەوا وەك چەمکی لێ دێت و بە گوتراو هەژمار ناکرێت، لێرەوە دەتوانین بڵێین کە هەندێك پێداویستی دەچنە چوارچێوەی چەمکەوە، کە ئەویش لەگەڵیدا دژ بە گوتراو بێت و هەندێکیشیان دەچنە ژێر گوتراوی ناڕاستەوخۆوە، کە ئەویش ئەوانەن کە ئەم مەرجەیان لەسەر جێبەجێ نابێت. بیروڕاکانی (ئیبن حاجب) سەبارەت بە (ڕازیبوون) و (لادان) دژ بە بۆچوونە ناسراوەکانی زانایانی (ئوسولێ فقه)ن. ئەم خاڵەش پێویستە لەسەری ڕابوەستین، چونکە ئەم خاڵەیە کە بۆچوونەکانی (ئیبن حاجب) لە بۆچوونەکانی (پۆل گرایس) و زمانەوانەکانی دی جیادەکاتەوە، لەبەرئەوەی (ئیبن حاجب) پێوەرێکی ورد سەبارەت بە جیاکردنەوەی گوتراو و چەمك پێشکەش دەکات، کەوا پێدەچێت لە (ئیمام حەرەمەین جوینی) (ت 478 هـ، 1085م)[1] وەرگیرابن.

### 3 – 2 – 1 – 1 : گوتراو

گوتراو هەروەك پێشووتر باسمان کرد، دوو جۆرە: گوتراوی ڕاستەوخۆ و گوتراوی ناڕاستەوخۆ.

### 3 – 2 – 1 – 1 – 1 : گوتراوی ڕاستەوخۆ

ئیبن حاجب دەڵێت: ((واتای گوتراو، واتای ئەوەیە هەر ئاخافتنێك دەلالەت بکاتە سەری لە جێگەی گوتراوەکاندا، چەمکیش بە پێچەوانەیەتی، واتە لە جێگەی گوتراوەکەدا نییە))[2]. واتە کاتێك کە مەسەلەکە بە فەرمانی ناوبراوەوە پەیوەست

[1] امام الحرمين ابو المعالي الجويني، البرهان في اصول الفقه، تحقيق عبدالعظيم الديب (قطر : 1299 هـ) 1 : 448 – 453.

[2] ابن الحاجب، مختصر المنتهى الاصولي، ط2، (بيروت : دار الكتب العلمية، 1983)، 2 : 171.

بێت، هەروەك لە (مەڕی لەوەڕگا)دا لە (40)دا باس کرا، کەوا لە گوتراوەکەی تێدەگەین کە زەکات لەسەر ئەو مەڕ و ماڵاتانەئەرکە، ئەوا لەو حاڵەتەدا واتاکەش واتای گوتراوە، چونکە پێوەندی بە شتێکی ناوبراوەوە هەیە.

**(40) مەڕی لەوەڕگا زەکاتی لەسەرە.**

بەڵام ئەگەر باسی شتێك بکەین، کە ناوی نەبرابێت، بەڵام لە قسەی قسەکەرەوە وەرگیرابێت، هەروەك لە (41 ب)، یا پێچەوانەی ناوبراوەکە بێت، هەروەك لە (42 ب)دا دیارە، ئەوا مەسەلەکە لەو کاتەدا بە واتای چەمکەوە بەستراوەتەوە، ئەو چەمکەی کە بۆ چەمکی (ڕازیبوون) هەروەك لە (41)دا دیارە، و چەمکی (لادان) هەروەك لە (42)دا دیارە دابەش دەکرێت.

**(41) أ. ((پێیان مەڵێ ئۆف))**[1].

**ب. لێیان مەدە.**

**(42) أ. مەڕوماڵاتی لەوەڕگا زەکاتی لەسەرە.**

**ب. مەڕوماڵاتی دابەستە (بە عەلەف بەخێوکراو) زەکاتی لەسەر نییە.**

## 3-2-1-1-1-1 : واتای وەکیەك

هەروەك باسمان کرد واتای گوتراو لە لای (ئیبن حاجب) هەردوو واتای (وەکیەك) و (گرتنەوە) دەگرێتەوە، مەبەستیش لە وەکیەك ئەوەیە کە ئاخافتنەکە لە ڕووی دانراوەوە دەلالەت بکاتە سەر تەواوبوونی ناولێنراوەکە، وەکو ئەوەی کە وشەی (پیاو) دەلالەت بکاتە سەر پیاوی باڵغ و نێر (مرۆڤ + باڵغ + نێر )، جا زانایانی کەلتور لەسەر ئەوە کۆکن، کە ئەم واتایە دانراوە، هەروەها لەسەر ئەوەش

(1) سورة الاسراء، 17 : 23.





بە هەمان شێوە کۆکن کە (دانراو) هەر بۆ خۆی بووە، ئەمەش بە شێوەیەکی ئاسایی لە کاتی دەربڕینیدا مەبەستە، چونکە ئەگەر واتای ڕستە یان وشەکە درکێندرا، بەبێ خستنەسەری کۆتێك لەسەر گوزارشتەکە، ئەوا مەبەست واتای وەکیەکە، ئەم جۆرە واتایەش پێوەندی بەو مەسەلە دەرەکییەوە هەیە، کە بواری ئەوەمان بۆ دەڕەخسێنێت کە حوکم لەسەر ڕستەی هەواڵگەیاندن بدەین کەوا درۆیە یان ڕاستە، بۆ نموونە گەر بوترێت (خالید دەرچوو)، ئەوا ڕستەکە ڕاست نابێت، مەگەر خالید لە جیهانی دەرەوەدا بە ڕاستی دەرچووبێت.

## 3-2-1-1-1-2 : گرتنەوە

مەبەست لە گرتنەوە ئەوەیە کە هەر وشەیەك دەلالەت بکاتە سەر بەشێك لە ماناکەی، واتە وشەی (پیاو) دەلالەت دەکاتە سەر یەکێك لە مرۆڤەکان یان باڵغ یان نێر، کە ئەمەش واتایەکی لۆجیکی گرنگە، لەوانەیە زۆر کەس تەنانەت هەندێك لە پسپۆڕانی بواری زمانیش زۆر هەست بە گرنگی نەکەن. گرنگییەکەی لەوەدا دەردەکەوێت کە ناتوانین هەست بەوە بکەین کە قسەکەرێك توانای هەیە زمانت بزانێت، بەبێ ئەوەی زمانەکە تێ بگات و خەڵکی پێ تێ بگەیەنێت، بەڵام لەوانەشە قسەکەرەکە زاراوە و تیۆرەکانی زمانەکە هەست پێ نەکات، بەڵگەشمان لەسەر ئەمە ئەوەیە کە هەموو قسەکەرانی زمانەکە هەست بەم جۆرە واتایە دەکەن، واتە وا چاوەڕوان ناکرێت لە کەسێکی عاقڵەوە کە بوونی مرۆڤێك لە خانوویەکدا ڕەت بکاتەوە، ئەویش لە حاڵەتێکدا گەر (پیاوێکی) تیادا بێت. جا لەو یاسا سەرەکییانەی کە قسەکەرانی زمان جێبەجێی دەکەن و لە هەمان کاتیشدا دەکەونە ژێر واتای گرتنەوەوە:

أ. چەسپاندنی تایبەت وا پێویست دەکات گشتییەکەش بچەسپێنرێت، چونکە بەکارهێنانی (43) وا پێویست دەکات، کە (44) بەکاربهێنرێت.

**(43) پیاوێك هات.**

**(44) مرۆڤێك هات.**

ب. چەسپاندنی گشتی وا پێویست ناکات کە تایبەتەکە بچەسپێنریٚ و نە ڕەتیش بکرێتەوە، بەکارهێنانی (44) وا پێویست ناکات کە (43) بچەسپێنرێت، چونکە مرۆڤ لەوانەیە ئافرەت یان کوڕێك یان کچێك بێت، هەروەها وا پێویست ناکات کە ڕەت بکرێتەوە، چونکە لەوانەیە ئەو کەسەی کە دێت پیاوێك بێت.

ج. ڕەتکردنەوەی تایبەت، وا پێویست ناکات کە گشتییەکەش نەڕەت بکرێتە وە نەبشچەسپێنرێت، چونکە بەکارهێنانی (45) وا پێویست ناکات کە (46) و (47) هەبن.

**(45) هیچ پیاوێك لە خانووەکەدا نییە.**

**(46) هیچ مرۆڤێك لە خانووەکەدا نییە.**

**(47) لە ناو خانووەکەدا مرۆڤێك هەیە.**

د. ڕەتکردنەوەی گشتی وا پێویست دەکات کە تایبەتەکەش ڕەتبکرێتەوە، چونکە بەکارهێنانی (46) وا پێویست دەکات کە (45) بوونی هەبێت.

هەروەها زانایانی ئوسولْ لە بواری دانانی واتای گرتنەوە لە دووتوێی واتای دانراودا ناکۆکن، هەندێکیان پێیان وایە کە (دانراوی گوتراون) و، هەندێکیشیان پێیان وایە کە (دانراوی عەقڵین)، ئەوانەی کە ڕای یەکەمیان لا پەسندە (سەیفەدین ئامەدی) و (ئیبن حاجب) بوون و، خاوەن ڕای دووەمیش (غەزالی) و (ڕازی)ن.





## 3 – 2 – 1 – 1 – 2: گوتراوی ناڕاسەوخۆ

ئیبن حاجب گوتراوی بۆ ڕاستەوخۆ (ئەو شتەیە ئاخافتنەکەی بۆ دانراوە) و ناڕاستەوخۆش (ئەو ئاخافتنەیە وای بۆ دەخوازێت) دابەش کردووە،[1] هەروەها ئەمانە خرانە ناو دووەمەوە:

أ. واتای ویستن

ب. واتای ئاگادارکردنەوە و ئاماژەکردن

ج. واتای ئاماژەیی

جا لە پێناسەکردنی گوتراوی ناڕاستەوخۆ وا تێدەگەین کە هەموو دەرەنجامێك دەگرێتەوە کە لە (واتای پابەندبوون)ی وشەکەوە وەردەگیرێن، تەنها هەردوو چەمکی ڕازیبوون و لادان نەبێت، کە هەردووکیان باس لە حوکمی شتێك دەکەن کە ناویان نەهێنراوە.

ئەو خاڵەی کە پێویستە گرنگی پیٚ بدەین لە پۆلێنکردنەکەی (ئیبن حاجب) هۆکاری نەخستنە دووتوێی واتاکانی (أ.) و (ب.) و (ج.)ن، کە پێش وەخت بە واتای چەمك باسمان کردن، جا بۆ ئەوەی ئەم مەسەلەیە ڕوون بکەینەوە، پێویستە بڕوانینە مەرامەکەی ئەویش لە هەر یەکێك لەو واتایانە.

(1) ابن الحاجب، 2 : 171

**وێنەی (4)**




## 3 – 2 – 1 – 1 – 2 – 1 : ویستن

مەبەست لە ویستن گوتراوی ناڕاستەوخۆیە، ئەوەی کە لە خەملاندنیدا پشت بە ڕاستگۆیی قسەکەرەکە یان تەندروستی عەقڵی و شەرعی قسەکەرەکەی دەبەستێت، بۆ نموونە لە (48)دا دەردەکەوێت کە هەڵنەسەنگاندنی قسەیەکی لابراو لە هەموو قسەکە، بە درۆخستنەوەی قسەکەرەکەی لێ دەکەوێتەوە، ئەمەش مەسەلەیەکە لەگەڵ بنەمای ڕاستگۆییدا یەك ناگرێتەوە، کە پرەنسیپێکە لە پرەنسیپەکانی گفتوگۆکردن و، ناشکرێ هیچ گفتوگۆیەکی سەرکەوتوو بەبێ گریمانەکردنی ئەو پرەنسیپە ئەنجام بدرێت.

**(48) ((لەسەر ئوممەتی من هەڵە و لە بیرکردن هەڵگیراوە))**[1]

---

[1] لەو ڕاویانەی کە ئەم فەرموودەیەیان گێڕاوەتەوە، (ئیبن ماجە) و (ئەلبەیهەقی)بوون لە (سنن ابن ماجە)دا و لە پەرتووکی (الطلاق) بەشی (طلاق المكره والناسي)، بە شێوەی (خودا هەڵە و لەبیرچوون و بە زۆرەملێی لەسەر ئوممەتەکەم لابردووە)دا هاتووە، هەروەها (ئەلبەیهەقی) لە بەشی (ما جاء في طلاق المكره) بەم شێوەیە هاتووە (ان الله تجاوز لي عن أمتي ...) (فەرموودەی ژمارە 15472)، لە ڕیوایەتێکی تریشدا بەم شێوازە هاتووە (وضع الله عن أمتي ...) (فەرموودەی ژمارە 15474) بڕوانە:
أبو عبدالله محمد بن يزيد الربعي بن ماجه، السنن، (جمعية المكنز الاسلامي: 2000م) ص 287.





جا ئەو شتەی کە هەڵسەنگێنراوە، ئەو شتەیە کە پێویستی پێ هەیە، وەك (ڕوخسەت) یان (گوناهە)، بەشێوەیەك کە خەملاندنی ماناکە وای لێ دێت (لەسەر ئوممەتی من هەڵە و لەبیرکردن هەڵگیراوە)، یان بۆ ئەوەی قسەکە ڕاست و دروست دەرچێت.

بەڵام لە (49)دا تەندروستی عەقڵی وا پێویست دەکات کە هەڵسەنگاندنی وشەی (خەڵك) پێش وشەی (گوند) بکەوێت، بۆ ئەوەی وشەکە ڕاست و دروست دەرچێت.

**(49) ((لە خەڵکی گوندەکە بپرسن))**[1].

بە هەمان شێوەش ئازادکردن لە (50) وا دەخوازێت، کە پێش وەخت قسەکەرەکە ئەو کەسەی ئازادی دەکات، کۆیلەی خۆی بووبێت.

**(50) وەڵڵا دەبێ ئەو کۆیلەیە ئازاد بکەم.**

هەندێك لە ئوسوڵییەکان بەتایبەتی (شەهابەددین قرافی) ( 684 ك ــ 1285ز) هەردوو نموونەکەی یەکەم واتە (48) و (49) و نموونەکەی کۆتایی(50) جیادەکەنەوە، (48) و (49) بە داپۆشراوی و (50)ش بە ویستن دادەنێن و، جیاوازیش لە نێوان (ویستن) و (داپۆشین) دەکەن، بەپێی بۆچوونەکانی (قرافی) لە کاتی نەبوونی هەڵسەنگاندن لە (داپۆشین)دا، ئەوا وشەکە دەبێتە خوازە، بەڵام نەبوونی هەڵسەنگاندن لە (ویستن)، ئەوا وشەکە نە بە ڕاستەقینە و نە بە خوازە دروست و ڕاست دەرناچێت.

---

أبوبكر أحمد بن الحسين البيهقي، السنن الكبرى، (بيروت: دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، 1996)، 11 : 262 – 3.

[1] سورة يوسف : 12 : 82.

بەم شێوەیە ویستن لە لای قـرافی کۆت و قەیـدێك خراوەتـە سـەری، بۆ ئـەوەی تەنها ((واتای دەربڕینەکە ئەوانە بگرێتەوە کە مەرجن لە گوتراوەکانـدا، جـا ئـیتر بـە داپۆشین بێت یاخود نە، هەروەها پێویستیش ناکات دەربڕینەکە خوازە بێـت)).[1] وا پێدەچێ کە جیاوازی کردن لە نێوان ویـستن و داپۆشـین بـەو شـێوەیەی کـە (قـرافی) خستویەتیەڕوو زۆر پێویستە، لەسـەر ئـەم بنەمایـە دەتـوانین بڵـێین: ویـستن لـە نـاو چەمکی گریمانەدایە هەروەك ڕۆژئاواییەکان پێناسـەیان بـۆ کـردووە و، پێوەنـدی بـە واتای چەمکەوە نییە، بەڵگەشمان لەسەر ڕاستی و دروستی ئەم بۆچوونەش ئەوەیـە کە ڕەتکردنەوەی ئەو ڕسـتەیەی کـە (ویـستن)ی تیادایـە (بـەپێی بۆچـوونەکە قـرافی) ڕەتکردنەوەی ویستنەکە ناخوازێ، ئەمەش ئاماژەیەکی جیاکەرەوەی گریمانەکردنە، چونکە ڕەتکردنەوەکەی (51) **هەروەك لە (52)دا بەرجەستە بووە، ڕەتکردنەوەی (53) ناخوازێت.**

**(51) وەڵلاّ ئەم کۆیلەیە ئازاد دەکەم.**

**(52) وەڵلاّ ئەم کۆیلەیە ئازادا ناکەم.**

**(53) کۆیلەکە موڵکی منە.**

## 3 – 2 – 1 – 1 – 2 – 2 : ئاگادارکردنەوە و ئاماژەکردن

واتـــای ئاگادارکردنـــەوە و ئامـــاژەکردن جۆرێکـــە لـــە جۆرەکـــانی واتـــای پابەنـدبوون، کـە بـۆ قـسەکەر جێـی مەبەسـتە، لـە هـەمان کاتیـشدا بـەم حوکمـەوە پەیوەستە ((ئەگەر خۆی نـەبێت و یـان هاوشـێوەکەی نـەبێت، کـە بـۆ ڕوونکردنـەوە

---

[1] شهاب الدين القرافي، نفائس الاصول في شرح المحصول، تحقيق عادل أحمد عبدالموجود و علی محمد معوض، ط2 (الرياض : مكتبة نزار مصطفى الباز، 1997)، 2 : 647





بشێت، ئەو بـە دوور دەگیرێـت))[1]، واتـە لەسـەر بونیـادێکی شـاراوە و ناڕاسـتەوخۆ دەوەستێت، ئەویش لە نێوان حوکم و سیفەت، بە جۆرێکی ئـەوتۆ، کـە ئامـاژە بـەوە دەکات کە سیفەت هۆکارێکی حوکمدانە. جـا لـە جیـاتی ئـەوەی کـە شەرعساز بڵـێ هۆکـاری حوکمەکـە ئەمـە و ئەوەیـە، یـان یـەکێك لـەو پیتانـە بـەکارهێنێت کـە بـۆ ڕوونکردنەوە بەکاردێت، هەروەك لەم ئایەتـەدا هەیـە ﴿ ومـا خلقـت الجـن والانـس الا ليعبدون – هەردوو جندۆکە و مرۆڤم تەنها بۆ پەرستن دروست کـردووە﴾[2]،( لێـرەدا (لا)ی ڕوونکردنەوە بەکارهاتووە، بۆ ڕاگەیاندنی ئەوەیە کە پێویستی مرۆڤەکان تەنیا بۆ پەرستنی خوای گەورەیە)، ئەوکاتـە پێکهاتەیـەکی زمانـەوانی پەیـدا دەکـات، کـە پێت دەڵێت پێوەندییەکی هۆکار ئامێزە لە نێوان حوکم و سیفەتدا هەیە، لەوەوە ئەو شتەی کە لە دەرەنجامی گفتوگۆی نێـوان ئەعرابییەکـە و پێغەمبـەرەوە (د.خ) تێـی دەگەین ئەوەبوو، ئەعرابییەکە ئەو قسەیەی کرد (54 أ.)، ئەوەبوو پێغەمبـەر (د.خ) فەرمانیدا پێی کە کۆیلەیەك ئازاد بکات، ئەمەش بووە بەڵگەیـەك لەسـەر ئـەوەی کـە جووتبوون لەگەڵ ژندا هۆکاری ئازادکردنی کۆیلەکەیە. لێرەدا حوکمەکـە ئازادکردنـە، سـیفەتەکەش جووتبوونەکەیـە، هەردووکیـشیان بـەو شـێوەیە هـاتوون کـە وای لـێ تێبگـەین کـە هۆکـاری ئازادکردنەکـە جووتبوونەکەیـە ((چـونکە کـە ئەعرابییەکـە ڕووداوەکەی بۆ پێغەمبەر گێڕایەوە، بـۆ ئـەوە بـوو کـە حوکمەکـەی بزانێـت، پاشـان ناوهێنانی حوکمەکە، وەك وەڵامێك وابوو بۆ زانینی مەبەستەکە))[3].

**(54) (ا)((لەگەڵ ژنەکەی خۆمدا لە ڕۆژی مانگی ڕەمەزاندا جووتبووم)).**

---

[1] ابن الحاجب : 2 : 234

[2] سورة الذاريات، 51 : 56.

[3] عضد الملة والدين، شرح مختصر المنتهى الاصولي لابن الحاجب، ط 2، (بيروت : دار الكتب العلمية، 1983)، 1983، 2 : 234 – 235

**(ب) ((كۆیلەیەك ئازادبكە)).**

ئەوەی لێرەدا ڕوونە كە ئەوەی بنچینەی گفتوگۆكردنەكە پشتی پێبەستووە، هەڵهێنجانی گونجاوە بۆ واتای ئاگاداركردنەوە و ئاماژەكردن، واتە گونجانی ئاخاوتنەكە بۆبەكارهێنان.

## 3 – 2 – 1 – 1 – 2 – 3 : ئاماژە

ئیبن حاجب پێی وایە كە واتای ئاماژە جۆرێكە لە واتای پابەندبوون، بەڵام بۆ قسەكەرەكە خاوەن مەرام نییە، ئەمەش وای لێدەكات كە لە چوارچێوەی چەمك بچێتە دەرەوە، ئەویش لەلای (گرایس) كە پێی وایە كە هەموو چەمكەكان لای قسەكەران خاوەن مەبەستن[1]. نموونەكانی ئەو جۆرە واتایانەش ئەوەیە كە لە كۆكردنەوەی مانای ئەم دوو ئایەتەی خوای گەورەوە دەستەبەر دەبێت:

**(55) ((سكبوون و لە شیركردنەوەی سی مانگە))**[2].

هەروەها خوای گەورە دەفەرمووێت:

**(56)((وفصاله في عامين))**[3] . (ماوەی شیرەخۆری منداڵ دوو ساڵە)

ئەمەش دەبێتە ئەو ئەنجامەی كە:

**(57) كەمترین ماوەی سكبوون شەش مانگە.**

لە واتاكانی دی ئاماژە لەم ئایەتەدا هاتووە:

**(58) ((شەوی ڕۆژووگرتن (ڕەمەزان) حەلاڵە كە بچنە لای ئافرەتەكانتان))**[4].

---

(1) Levinson (1983: . 116).

(2) سورة الاحقاف، 46 : 15

(3) سورة لقمان، 31 : 14.

(4) سورة البقرة، 2 : 187





ئەوەی كە لەم ئایەتەوە تێی دەگەین، ئەمەیە:

**(59) جائیزە لای بەیانی ڕەمەزان گیانت پیس بووبێت.**

## 3 – 2 – 1 – 2 : چەمك

پێش وەخت باسمان كرد، كە چەمك ئەو شتەیە كە بەرانبەر گوتراوە و، بۆ دوو بەش پۆلێن دەكرێت: چەمكی ڕازیبوون و چەمكی لادان.

## 3 – 2 – 1 – 2 -1 : چەمكی ڕازیبوون

مەبەستی ئیبن حاجب لە چەمكی ڕازیبوون ئەمەیە (( كە ئەو شتەی ناوت نەهێناوە، لەگەڵ حوكمەكە پەسندە))[1] بۆ گوتراوەكە، بۆ نموونە (نەڕێ) كردن لە وتنی (ئۆف) لە (60)، ئەوا مانای (61) دەخوازێت. چونكە عەقڵ دەلالەت دەكاتە سەر ئەوەی كە لێدان لە وتنی (ئۆف) توندترە.

**(60) ((بە هەردووكیان (دایك و باوك) مەڵێ ئۆف))**[2].

**(61) لێیان مەدە.**

چەمكی ڕازیبوون دوو جۆر دەگرێتەوە:

(أ.) هۆشداریدان بە خوارەوە بۆ سەرەوە، هەروەك لە نموونەی پێشوو باسمان كرد، هەروەها لە ئایەتی (62)دا هەیە، كە ئاماژە بۆ (63) دەكات، چونكە هەر یەكێك زەررەیەك كاری كردبێت، لە ڕۆژی قیامەتدا دێتەڕێی، كەواتە هەر یەكێك كارێكی زیاتر لە زەررەیەك بكات، ئەوا بێگومان هەر دەیبینێت.

(62) ((هەر یەكێك زەررەیەك خێربكات دێتەڕێی))[3].

---

(1) ابن الحاجب، 2 : 172.

(2) سورة الاسراء، 17 : 23

(3) سورة الزلزلة، 99 : 7.

**(63) کەواتە هەر یەکێك لەو ڕێژەیە زیاتر خێربکات بێگومان هەر دەیبینێت.**

(ب.) هۆشداریدان بە سەرووتر لە سەر خوارتر، هەروەك لە (64)دا هەیە، کە خوازیاری (65)ە.

**(64) ((لە خاوەن پەرتووکەکانی سروشتدا هەن، گەر ئەمانەتێکی زۆری لەلا دابنێیت بۆت دەگەڕێنێتەوە))[1].**

**(65) هەروەها لە خاوەن پەرتووکە یەزدانییەکاندا هەن، گەر ئەمانەتێکی کەمتر لەلای دابنێی، ئەوا بۆت دەگەڕێنێتەوە.**

زۆر ڕوون و ئاشکرایە لە چەمکی (ڕازیبوون)دا کە پێوانەی بەڵگەهێنانەوە سەر بۆ کارێکی کارا لە ڕووی هەڵهێنجاوە دەکێشێ، ئەمەش ڕای (ویلسۆن) و (سپێربەر) (کە لە پێشوودا باس کران)، ئەویش لە ڕووی گرنگی (بەڵگەهێنانەوە) لە هەڵهێنجانی چەمکە پراگماتیکەکان.

### 3-2-1-2-2: چەمکی لادان

ئیبن حاجب چەمکی (لادان)ی بەم شێوەیە پێناسە کردووە ((دەبێ شتە ناونەبراوەکە لادان بێت))[2]، واتە ((پێچەوانەی ناوبراوەکە بێت لە ڕووی حوکمەوە چ بە چەسپاندن و چ بە ڕەتکردنەوە))[3]ن جا گەر زەکات لە مەڕی لەوەڕدا واجب بێت بە حوکمی گوتراوەکەی (66 أ.)، ئەوا بڕیارەکە لە مەڕی ئالیف کراودا بە حوکمی (66 ب.) واجب نەبێت، کە ئەم مانایەش لە (66 أ.)ەوە وەرگیراوە.

**(66) أ. مەڕی لەوەڕگا زەکاتی هەیە.**

[1] سورة ال عمران، 3 : 75.

[2] ابن الحاجب، 2 : 173.

[3] عضد الملة والدين، 2 : 173.





**ب. مەڕی ئالیف کراو زەکاتی نییە.**

بەم شێوەیە ناونەهێنراو (کە مەڕی ئالیف کراوە لە نموونەکەی پێشوودا)، پێویستە بە پێچەوانەی ناوبراوەکەوە بێت، کە (مەڕی لەوەڕە لە نموونەکەی پێشوودا).

چەمکی لادان چەند جۆرێك دەگرێتەوە، کە بە کورتی لێرەدا هەندێکیان باس دەکەین:

1. چەمکی وەسفکردن، کە پێشتر لە (66)دا نموونەمان بۆ هێنایەوە.
2. چەمکی مەرج، وەك بۆ نموونە لەم ئایەتەدا هەیە:

**(67) ((گەر دووگیان بوون، ئەوا خەرجیان بکێشن تاکو منداڵیان دەبێت))[1].**

لێرەدا خەرجی کێشان مەرجدار کراوە بەوەی کە ئەو ئافرەتانە دووگیانن، کە ئەمەش بە گوێرەی چەمکی لادان وا دەگەیەنێت کە ئەوانەی دووگیان نین، خەرجییەکە نایانگرێتەوە.

3. چەمکی دەرەنجام، کە لەم ئایەتەدا هەیە:

**(68) ((ئیتر پاش تەڵاقدان، نابێتە حەڵاڵی ئەو، مەگەر شوویەکی دی بکاتەوە))[2].**

لێرەدا ئەوە تێدەگەین کە ئەو ئافرەتەی کە سێ بە سێ تەڵاقدراوە، لە کاتێکدا بۆ مێردەکەی یەکەمی حەڵاڵە، گەر شوویەکی دی بکاتەوە، لە نموونەکەی پێشووشدا (67) تێدەگەین کە منداڵبوون دەرەنجامی سکبوونە، بۆیە پاشان واتە پاش منداڵبوون، ئیتر خەرجیان نادرێتێ.

4. چەمکی ژمارە، کە لەم ئایەتەدا هەیە:

**(69) ((هەشتا داریان لێبدەن))[1].**

[1] سورة الطلاق، 65 : 6.

[2] سورة البقرة، 2 : 230.

لەم ئایەتەدا ئەوە تێدەگەین کە دار لێدان نابێت لە (هەشتا) زیاتر بێت.

5. چەمکی (هەڵاوێژتن ـ جیاکەرەوە) وەکو:

**(70) (لااله الا الله) هیچ خودایەك نییە جگە لە خودا نەبێت.**

گوتراوەکەی ڕەتکردنەوەی خودابییە بۆ غەیری خودا، چەمکەکەشی ئەوەیە کە خودا خودایە.

جا توێژینەوەی ئەو شتانەی کە لە لای ئوسوڵییەکان بە چەمکی لادان ناسرابوو، جیاوازبوو لەگەڵ توێژینەوەی ئەو زمانەوانە ڕۆژئاواییانەی کە لە زۆربەی زۆری جۆرەکانیان کۆڵییەوە، ئەویش لەژێر ناوبراوی (چەمکی پلەدار)، وا پێدەچێت کە ئەم ناونیشانەی ئوسوڵییەکان لەوەوە هاتووە کە حوکمەکەی پێچەوانەی حوکمی گوتراوەکە یان ناوبراوەکەیە، کەچی ناوهێنانی ڕۆژئاواییەکان سەبارەت بەوەی کە چەمك بەشێکە لە چەمکە گریمانەیەکە کە گشتگیرترە و باس لەوە دەکات کە گوتراوەکە بەشێك لەوە، هەروەها قسەکەرەکە بەشەکەی دی ناونەبردووە، هەروەك بڵێی کە بەم شێوەیە پلە بە پلە لە حوکمی گشتەوە دابەزیوەتە سەر حوکمی تایبەت، بۆ ئەوەی ئاماژە بە واتایەك بکات کە پێوەندی بە ناونەبراوەوە هەیە، بەم شێوەیە ئوسوڵییەکان گرنگییان بە (لادان) داوە، ئەویش لە نێوان گوتراو و ناونەبراو، هەروەها ڕۆژئاواییەکانیش گرنگییان بە پلەداری داوە لە گواستنەوە لە گشتەوە بۆ تایبەت.

---

(1) سورة النور، 24 : 4.

# بەشی چوارەم
# گرفتەكانی واتا

## 4. گرفتەكانی واتا

ئەم توێژینەوەیە سێ بابەتی واتایی جۆراوجۆر دەگرێتەخۆ، كە (هاوبێژی) و (دژواتا) و (هاوواتا)ن، لەبەر ئەوەش ئەم باسەمان ناونا (گرفتەكانی واتا) كە لە ڕەچەڵەكدا دەبێ هەر وشەیەك دەلالەت بكاتە سەر یەك واتا و لە هەمان كاتیشدا دەبێ یەك واتا یەك وشەی هەبێ و دەلالەت بكاتە سەری، جا گەر ماناكە فرەبوو، وشەكەش یەك دانەبوو (هەروەك لە هاوبێژی و دژواتادا هەیە یان بە پێچەوانەوە هەروەك لە هاوواتادا هەیە)، ئەوا مانای ئەوەیە كە ئێمە بەرانبەر گرفتێكین لە گرفتەكانی واتا، كە ئێمە بە تەماین لەم باسانەی خوارەوەدا چارەسەری بكەین.

### 4 – 1: هاوبێژی

دیاردەی هاوبێژی (هەروەك هاوواتا) گرفتێكە لە گرفتە واتاییەكان، هەروەك پێشووتر باسمان كرد، چونكە بە پێچەوانەی بارودۆخە نموونەییەكەی زمان گوزەر دەكات، كەوا دەخوازێت هەر وشەیەك یەك واتای هەبێت و هەر مانایەكیش یەك وشەی بۆ دانرابێت و، لەم چەند باسەشدا دێینە سەر بۆچوونی هەریەك لە زاناكانی ئوسولێ فیقھ و زمانەوانە ڕۆژئاواییەكان و زمانەوانە كەلتورییەكان، كە باسیان لە دیاردەی هاوبێژی كردووە.





#### 4 – 1 – 1: هاوبێژی لای زانایانی ئوسولێ فیقھی ئیسلامی

ئوسولییەكان جیاوازی لە نێوان سێ زاراوەدا دەكەن، كە پێوەندییان بە هاوبێژییەوە هەیە: هاوبێژی و گوازراوە، خوازە.

بەپێی بۆچوونەكانی غەزالی هاوبێژی ((ئەو وشەیەیە كە دانراوی یەكەمجار بێت و هاوبەشی هەردوو ماناكە بێت، نەك بەو حیسابەی كە یەكێك لە ناوبراوەكان مافی خۆی بێت، كە ئەو ناوە بەكاربهێنێت، پاشانیش لەوەوە بۆ وشەی دی گوازراوەتەوە))[1]. واتە وشەیەكە بۆ دوو مانای یەكسان بەكاردێت، كە پڕ بە پێستی بێت، بەبێ ئەوەی كە مانایەكیان لەوی دییان لەبارتر بێت لە ڕووی شیاوبوونی وشەكەوە، بۆ نموونەی وشەی (سەرچاوە) (العین) لە زمانی عەرەبیدا كە مانای (سەرچاوەی كانی) و (دینار) و (ڕۆژ) دەگەیەنێت، بەبێ ئەوەی كە هیچ پێوەندییەك لە نێوان ئەم مانایانەدا هەبێت، بەشێوەیەك كە بكرێت بڵێین وشەكە تەنها بۆ یەكێكیان دانراوە، پاشان بۆ ئەوانی دی گواستراوەتەوە، كەواتە هەریەك لەم مانایانە وشەی (عین)ی بۆ دەگونجێ.

بەڵام گوازراو ئەو ناوەیە كە لە بابەتی یەكەمەوە ((بۆ مانایەك گوازراوەتەوە، بە شێوەیەك كە ناوێكی چەسپاوی هەمیشەیی دابنێت و لە یەكەمدا بەكاردەهێنرێت و دەبێتە هاوبەشێكی نێوانیان))[2]. واتە گوازراو وشەیەكە لە ناوبراوەكەیەوە بۆ ناوبراوێكی دی لە ڕووی چەسپاوییەوە گوازراوەتەوە، ئەویش لەبەر پێوەندییەك كە لە نێوانیاندا هەیە، پاشان پێكەوە لە هەردوو ماناكە بەكارهێنراون، بۆ نموونە (نوێژ) و (حەج)، یەكەمیان دەلالەت دەكاتە سەر دوعاكردن،پاشان بۆ واتای دەستەی نوێژی ئیسلامی گوازراوەتەوە، دووەمیش

[1] الغزالي، معيار العلم، ص 56 – 57.
[2] الغزالي معيار العلم، ص56.

دەلالەت دەكاتە سەر مەبەست، پاشان بۆ دەستەی حەجی ئیسلامی گوازراوەتەوە، كە لەم شتانە پێكهاتووە ((ئیحرام بەستن + تەوافكردن، سوڕانەوە بە دەوری كەعبەدا و سەعیكردن، ڕاكردن لە سەفا و مەروەدا و ڕاوەستان لەسەر كێوی عەرەفە)). جا هەرچەندە واتای گوازراوەكە دەلالەت دەكاتە سەر هەردوو ماناكە، بەڵام یەكێكیان لەوی دی زیاتر گونجاوترە، چونكە لە بنەڕەتەوە وشەكە هەر بۆ ئەو مانایە دانراوە، بۆ نموونە نوێژ بۆ دوعاكردن دانراوە، پاشان بۆ نوێژكردن گوازراوەتەوە و حەجیش بۆ مەبەست + مەرام دانراوە، بەڵام پاشان بۆ ئەو ڕێوڕەسمە تایبەتییەی حەج(دەستەی حەجی ئیسلامی) گوازراوەتەوە.

هەرچی خوازەشە ئەو ناوە گوازراوەیەیە كە بە شێوەیەكی كاتی بۆ شتێكی دی دانراوە، چونكە پێوەندییەك لە نێوانیاندا هەیە. غەزالیش بەم شێوەیە پێناسەی كردووە: ((دەبێت ناوەكە دەلالەت بكاتە سەر خودی شتەكە بە دانان، بە شێوەیەكی هەمیشەیی لە یەكەمی دانانەنەكەوە تاكو ئێستا، بەڵام لە هەندێ جاردا وەكو نازناو بەكاردەهێنرێت نەك بە هەمیشەیی، ئەویش لەبەر ئەوەی كە لەگەڵ دانانی یەكەمدا گونجاوە، بەشێوەیەك لە شێوەكان بەبێ ئەوەی بۆ دووەم خودی بێت و لەسەری چەسپاو بێت و بۆی گوازراوە بێت))[1]. وەكو وشەی (دایك) كە بۆ دایك بەكاردەهێنرێت، پاشان بۆ زەوی خوازراوە، بۆیە وتراوە (دایكی مرۆڤ)، هەروەها (باڵ) بۆ ئەو ئەندامەی لەشی پەلەوەڕ دانراوە، كە پێی دەفڕێت، بەڵام پاشان بۆ دانەنواندن و زەلیل بوون خوازراوە، هەروەك خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمووێت: ﴿واخفض لهما جناح الذل من الرحمة﴾ (بۆ هەردووكیان باڵی

(1) الغزالي معيار العلم، ص56.



سەرەتاییێك بۆ زانستەكانی واتاسازی و پراگماتیك ______ و:نەریمان خۆشناو

زەلیلی ڕەحمەت دابنەوێنە). هەروەها ئەم نموونانەش لە ئارادا هەن (( سەرمایە، ڕووی ڕۆژ، كاتی ڕۆژ، كانیاوی ئاو، بەرگرتنی خۆر، لوتكەی شاخ))[1].

هەروەك ڕوونە جیاوازی نێوان هاوبێژی لەلایەك و گوازراو و خوازە لە لایەكی ترەوە ئەوەیە، كە هاوبێژی هیچ پێوەندییەك لە نێوان ماناكانیدا نییە، واتە هەردوو ماناكەی ڕاستەقینەن، كەچی هەردوو مانا یاخود ماناكانی گوازراو و خوازە بە پێوەندییەكی خوازەی ناڕاستەقینەوە دەورەدراون، بەڵام پێوەندی نێوان گوازراو و خوازە ئەوەیە كە گواستنەوە لە گوازراودا چەسپاوە، بەڵام لە خوازەدا كاتییە.

## 4 – 1 – 2: هاوبێژی لە لای ڕۆژئاواییەكان

لە كاتێكدا كە ئوسوڵییەكان جیاوازی دەكەن لە نێوان سێ جۆر لە جۆرەكانی هاوبێژی، هەروەك پێشووتر باسمان كرد، ئەوا زمانەوانە ڕۆژئاواییەكان تەنها جیاوازی دەكەن لە نێوان دوو جۆر، كە هاوشێوەی دەربڕین homonymy و هاوشێوەی مەعنەوی polysemy، یەكەمیان لە لای ڕەسەن خوازەكان لەگەڵ هاوبێژیدا یەكسانە، لێرەدا بۆ یەك وشە دوو مانا دانراوە، كە یەكێكیان لە دەرەنجامی پێشڤەچوونی وشەكەوە پەیدا نەبووە، ئەم دیاردەیە بە هاوشێوەی دەربڕین ناوزەد دەكرێ، چونكە ئەوان وا گریمانە دەكەن كە دوو وشە لە ئارادا هەیە و هەریەكەو مانایەكی جیای بۆ دانراوە، بەڵام بە ڕێكەوت دوو وشە كە لە یەك دەچن، لەبەر ئەوە هەردووكیان دوو دەروازەی جیا لە فەرهەنگدا دەبەخشن و، یەك مامەڵەیان لەگەڵدا ناكرێت. هەروەها بۆ هاوبەشی دەربڕین ئەم وشانە بە نموونە دەهێنرێنەوە (bank1) مانای بانكە و (bank2) مانای ڕۆخی ڕووبارەكەیە و،

(1) الغزالي معيار العلم، ص57 – 58.

هەردوو ماناكەش هیچ پێوەندییەكیان بە یەكەوە نییە، لە زمانی عەرەبیشدا وەك ئەم نموونەیە هەیە: (خال)، (خالۆ) دەگرێتەوە كە برای دایكە، هەروەها (خاڵ)یش دەگرێتەوە كە خاڵێكی ڕەشە لەسەر ڕوومەت، هەروەها بە لیوای سوپاش دەوترێت. هەرچی دووەمیشە ((بەو حاڵەتانە دەوترێت كە ماناكانی یەك وشەی تیادا فرە دەبێت))[1]. هەروەك لە وشەی گەردندا Neck هەیە، كە مانای بەشێك لە لەشی مرۆڤ و بەشێك لە جلوبەرگ و بەشێك لە شوشە و شەقڵێكی بچووكی سەر زەوی دەبەخشێت.[2] زۆریش ڕوونە كە هەموو ئەم مانایانە نزیكن لە یەكەوە و چەند پێوەندییەكی خوازەی ناڕاستەقینە كۆیان دەكاتەوە.

جا ئەو پێوەرەی كە پێویستە هەمیشە لە جیاكردنەوەی نێوان (هاوشێوەی دەربڕین) و (هاوشێوەی مەعنەوی)دا ڕەچاوبكرێت، نزیكبوونەوەی مەعنەوییە relatedness of meaning، چونكە گەر ماناكانی یەك وشە لە یەك نزیك بن، ئەوا وشە واتاخوازەكە، كە واتا بەو مانایانە دەبەخشێت لە ڕیزی هاوبەشی فرەمانا polysemous هەژماردەكرێت. گەر ماناكانی وشەكەش لە یەكەوە دابڕان، ئەوا وشەكە لە ڕیزی (هاوبەشی دەربڕین) هەژمار دەكرێت.

## 4 – 1 – 3: هاوبێژی لای زمانەوانانی عەرەب

زمانەوانە عەرەبە دێرینەكان زاراوەی هاوبێژی بۆ سەرجەم جۆرەكانی وشە بەكاردەهێنن، ئەو وشەیەی كە یەك مانا زیاتر هەڵدەگرێت، جا گەر ماناكانی نزیك بن یان جیا بن. لەبەر ئەوە سەرجەم ماناكانی وشەی (عین) لە عەرەبیدا كە لە فەرهەنگەكاندا هەن لە ڕیزی هاوبەشدا هەژماردەكرێن و، یەك دەروازەی فەرهەنگی

[1] أولمان، دور الكلمة في اللغة، ص114.

[2] Lyons, Language, p 147.





لە فەرهەنگەكاندا دەبەخشن، جا چ ئەوانە بن كە ماناكانیان نزیكن وەكو (جاسوس ـ سیخوڕ) و (ئەندامی بینەر) و (دەمی دۆست) یان ئەوانە بن كە هیچ پێوەندییان بەم مانایانەوە نییە، وەك لاری لە تای تەرازوودا و ئەو بارانەی كە هەڵدەكات و چەند ڕۆژێك بەردەوام دەبێت و ئەو گەواڵە هەورەی كە لە لای قیبلەوە دێت.

لەوە دەچێت كە زانایانی ئوسوڵ لە بواری لێكۆڵینەوەی هاوبێژیدا بەسەر زمانەوانە دێرینەكاندا سەركەوتبێتن، ئەویش بە ئەنجامدانی جیاوازییەكی ورد لە نێوان هاوبێژی و گوازراوە، كە ئەمەش لە خودی خۆیدا جیاوازییەكە، بەخشینی دەروازەی فەرهەنگی بۆ هاوبێژی ڕاستەقینە بە پێویست دەزانێت، ئەویش بە گوێرەی فرەبوونی ئەو مانایانەی كە دەلالەتی لەسەر دەكەن، لە كاتێكدا كە بۆ گوازراوەكە یەك دەروازەی فەرهەنگی بەسە. بەڵام خوازە لە فەرهەنگەكاندا تۆمار ناكرێت، مەگەر ببێتە یەكێك لە خوازراوە مردووەكان و بەم شێوەیە دەبێتە گوازراوە.

## 4 – 1 – 4: هۆكارەكانی ڕوودانی هاوبێژی

زمانەوانەكان ڕوودانی هاوبێژی بۆ چەندەها هۆكاری جوگرافی و مێژوویی دەگەڕێننەوە، كە بەم شێوەیە كورتی دەكەینەوە:

**یەكەم: هۆكارە جوگرافییەكان:** ئەبو عەلی فارسی دەڵێت، تێكهەڵكێشكردنی زمانەكان (مەبەستی شێوەزارەكانی زمانی عەرەبییە) هۆكارێكە لە هۆكارەكانی ڕوودانی هاوبێژی لە زمانی عەرەبیدا و، ئەوەش ڕەتدەكاتەوە كە ئەم حاڵەتە لە یەك شێوەزاردا ڕوویدات.

**دووەم: هۆكارە مێژووییەكان:** یەكێك لە ناسراوترین ئەو كەسانەی كە لە دیاردەی هاوبێژییان كۆڵیبێتەوە لەسەر بنەمای پێشڤەچوونی (دەنگ)، زمانەوان (ئیبراهیم

ئەنیس)ە، کە هەوڵیدا وشەکانی وەکو (السغب ـ برسێتی) شرۆڤە بکات لە ڕووی دەلالەتکردنی لەسەر (پیسی) و (چڵکنی)، هەروەها (قات و قڕی) و (برسێتی). ئەم زانایە هەوڵیدا کە ئەم وشانە شرۆڤە بکات، ئەویش بەم ڕاوبۆچوونە ((ئەو وشانە لە شێوەزارێکدا پێشڤەچوونیان بە خۆوە بینی، بەپێی بارودۆخێکی تایبەت، بە شێوەیەك کە (التغب) لە زمانی عەرەبیدا بووە هاوبێژی، ئەویش بە ئاشنابوون لەگەڵ قسە و شێوەزاری هەندێك لە هۆزەکانی یەمەن کە لە کاتی قسەکردنیاندا (تاء) لە جیاتی (س) دادەنێنن، هەروەك لە قسەکردنیاندا (النات) لە جیاتی (الناس)دا بەکادەهێنن. پاشان ((کۆکەرەوانی فەرهەنگەکان هاتن و دوو مانای جیایان بۆ وشەی (التغب) دانا و لە ڕیزی وشەکانی هاوبێژی هەژماریان کرد))[1].

جا ئیتر (ئیبراهیم ئەنیس) سەرکەوتوو بێ یا نا، لە دۆزینەوەی هۆکاری سەرەکی کە وشەی (السغب)ی کردۆتە هاوبێژی، ئەوا ئەو پرۆگرامەی کە پێڕەوەی کرد لە گەیشتن بە دەرەنجامەکان پرۆگرامێکی نابابەتییە و پشت بە هەستی خودی کەسایەتی خۆی دەبەستێت و کەس لەگەڵ ئەو ڕایەیدا نییە.

هەندێك لە زمانەوانان کە (ئەبو عەلی فارسی) یەکێك لەوان پێیان وایە کە (خوازە) هۆکارێکە لە ڕوودانی (هاوبێژی)، ئەمەش ڕایەکی ناپەسندە، ئەویش ئەگەر ئەو ڕایە وەرگرین کە جیاوازییەك بکەین لە نێوان (هاوبێژی) و (گوازراو)دا، لەبەرئەوەی واتاکانی خوازە پەیوەستن بە بێژتنەوە لەبەر هۆکاری پێشڤەچوون و فرەوانبوونەکەی دروستبوونە، بۆیە وشەکەی بۆ گوازراوەتەوە و، بە هیچ شێوەیەکیش لەو شتانە نییە کە ماناکیان سەبارەت بە گونجاوبوونی وشەکە یەکسانن.

[1] ابراهيم أنيس، في اللهجات العربية، ص 201.





## 4 – 2 : دژواتا

مەبەست لە دژواتا، وشەکانی هاوبەشییە، کە دەلالەت دەکەنە سەر دوو مانای دژ بە یەك. بەم شێوەیە باسکردنی دژواتاکان دەبنە لقێك لە باسکردنی هاوبەشی، بۆ نموونە وشەی (جون) لە زمانی عەرەبیدا کە بە هەردوو ڕەنگی (ڕەش) و (سپی) دەوترێت.

جا لەو تێبینییانەی کە سەبارەت بە توێژینەوەکانی زانا دێرینەکانمان لە ئارادا هەن لە بواری دژواتاکان ئەم چەند خاڵە دەخەینەڕوو:

1.هەر ئەوەندە بەسە کە دوو مانا دژ بە یەك بن، ئیدی ئەو وشەیە بە دژواتا هەژمار دەکرێت، ئیتر داتاشراوەکانی یەك بن یاخود یەك نەبن، هەر هەمان دەرەنجامی هەیە، لەبەر ئەوە هەریەك لە (ئەسمەعی) و (ئیبن ئەلسەکین) و (سجستانی) و (ئەلسەغانی) وشەی (قانع)یان لە زمانی عەرەبیدا هەر بە هاودژ هەژمار کردووە، هەرچەندە جیاوازی لە داتاشینیدا هەیە، (( (قانع) دوو مانای دژ بە یەك دەگەیەنێت، مانای (سواڵکەر) و مانای ئەو کەسەش دەگەیەنێت کە ڕازییە بە قسمەتی خۆی))، قانع بە مانای ڕازی لە (قنع، يقنع)ەوە وەرگیراوە، کە لەسەر کێشی (شرب، يشرب)ە و سەرچاوەکەشی (قناعة، وقنعاً، وقنعاناً)نە، بەڵام ئەو (القانع)ەی کە سواڵکەر دەگەیەنێت لە (قنع، يقنع)ەوە هاتووە کە لەسەر کێشی (صنع، يصنع)ە و سەرچاوەکەشی تەنها لەسەر کێشی (فعول)ە. بەڵام (ئەبو تەیب ئەلوغەوی) ڕایەکی دی هەبوو کە نموونەکانی ئەم وشەیەی لە ڕیزی دژواتاکان دەرکرد و بە دوو وشەی جیای لەقەڵەمدان، وتیشی مەرجی دژواتاکان ((ئەوەیە کە یەك وشە پێویستە دوو مانای دژ بە یەك ببەخشێت، بەبێ ئەوەی کە گۆڕانکارییەك بێتە سەری، یان جیاوازییەك لە داتاشراوەکانیدا هەبێت)).

2. بەشێك لە زمانەوانەکان لە توێژینەوەی دیاردەی دژواتاکاندا ڕەچاوی ئەوەیان نەکردووە، کە ئەم بابەتە بابەتێکی سەر بە واتای فەرهەنگییە، بۆیە دژواتاکانیان خستە ناو ڕیزی شێوازی وشە داتاشراوەکانەوە، هەروەك (ئەبو حاتەم) کردی کە هەر وشەیەك شێوازی (مفتعِل) و (مفتَعل)ی بە (المعتل العين الواوي) و (اليائي) و بە (المضاعف) هەژمارکرد، وەکو بۆ نموونە وشەکانی (المختار) و (المزدان) و (المعتاض) و (المقتال) و (المعتد) و (المنقاد)، جا (ئەبو ئەلتەیب) ئەم وشانەی لە ڕیزی دژواتاکاندا دەرکردووە، بەڵام وشەی (الحالق) لە دژواتاکان داناوە، (الحالق چ بۆ سەرتاش، چ بۆ ئەو کەسەی کە سەرتاشەکە سەری دەتاشێت) دانراوە. لەوانەشە هەقی بێت ئەم کارەی کردووە، چونکە وشەی (المختار) هەڵبژێردراو (هاوشێوەی ڕێزمانییە) واتە هاوبەشبوون تیایدا لە ڕێککەوتنی شێوازی داتاشراوەوە هەڵدەقوڵێت و لە ڕێککەوتنی مانا فەرهەنگییەکەوە پەیدا نابێت، بەڵام (الحالق : سەرتاش) لە ڕیزی هاوشێوە فەرهەنگییەکانە (واتە لەفزی)، چونکە دەلالەت کردنی لەسەر دوو ماناکە دەلالەتێکی دانراوی بیستنە و بە مانا فەرهەنگییەکەوە پەیوەستە و بۆ هۆکارە دەنگی و داتاشراوییەکان ناگەڕێتەوە.

3. هەندێك لەو زانایانە چەند دەربڕینێکیان کردۆتە ناو دژواتا، کە دەلالەت دەکەنە سەر مانایەکی هاوشێوە لە نێوان هەردوو دژەکاندا، نەك لەسەر دوو مانای هاودژ، هەروەك لە وشەی (القرء)دا هەی، کە دەلالەت دەکاتە سەر (پاکبوونەوە) و (الحيض: حەیز)، بەڵام لە ڕاستیدا القرء: خۆی مانای ئەو کاتەی نێوان ئەو دوو حاڵەتە دەگەیەنێت.





### 4 – 2 -1 : هۆکارەکانی ڕوودانی دژواتاکان

دەتوانین هۆکارەکانی بوونی دژواتاکان بۆ ئەم خاڵانە بگەڕێنینەوە:

1. **تێکهەڵکێش بوونی شێوەزارەکان:** زمانەوانە عەرەبەکان زۆر پشتیان بەم هۆکارە بەستووە ـــ بە بۆچوونی سیوتی ـــ ئەم حاڵەتە لە یەك شێوەزاردا دووبارەنابێتەوە[1]، سیوتی لەم بارە جیاوازییەکی لەگەڵ (ئەبوبەکر ئیبن درید)دا هەبوو، ئەم پێی وابوو کە تەنها ئەو وشانەی کە لە یەك شێوەزاردا هەن بە دژواتا دادەنرێن، هەژمارکردنی وشەی (الشعب) ڕەتدەکاتەوە کە لە ڕیزی هاودژەکاندا بێت، چونکە سەر بە دوو شێوەزاری جیایە، ( الشعب) دەلالەت دەکاتە سەر کۆبوونەوە و جیابوونەوە [2].
2. **گەشبینی:** نموونەکەش لە قسەکانی (سەعلەب)دا بەرجەستە دەبێت، کە وتی: (( (مفازة، مفعلة) لە دژواتاکانە و لە (فوز)ەوە هاتووە، کە مانای (مردن)ە، و (مفازة) لە (فوز)ەوە هاتووە لەسەر ڕەگەزی گەشبینی ساغ و دروست))[3].
3. **ڕەشبینی:** (ئیبن مەنزوڕ) خاوەنی (لسان العرب) دەڵێت: (( ئەو کەسەی کە مار ـ یان هەر شتێك پێوەدراوە لە لای عەرەب بە (تەندروست) ناوزەد دەکرێت، چونکە پێوەدراو بە بەدیۆم دەزانن، بۆیە ماناکەیان هەڵوەگێڕ کردووە، یان بە حەبەش دەوترێت (ئەبو ئەلبەیزا)، هەروەها عەرەب بە (الفلاة : بیابان) دەڵێن: (المفازة)، گەشبینیان کردووە بە (الفوز)، واتە (مردن)ە)).[4] زۆر ڕوونە کە ئەم هۆکارە و ئەوەی پێشووی لە واقیعدا هاوشێوەی یەکن و، جیاوازییەکە تەنها لە

---
(1) المزهر: 1 : 104.
(2) المزهر : 1 : 396.
(3) المزهر : 1 : 393.
(4) ابن منظور، معجم لسان العرب: (سلم).

ڕووی ڕەچاوکردنەکەوەیە، (ثعلب) ڕەچاوی بەکارهێنانی (مفازة)ی کرد لە جیاتی (مهلکة)، ئەویش لەبەر (گەشبینی)، کەچی ئیبن مەنزور گرنگی بە وازهێنانیدا سەبارەت بە وشەی (مهلکة)، ئەویش لەبەر بەدیۆمی (ڕەشبین بوو پێی)، دەرەنجامەکەش لە هەردوو حاڵەتدا هەریەکە.

4.**گاڵتەپێکردن:** ئەویش وەکو ((ناونانی سەرکەوتوویێك بەسەر دۆڕاوێك کە چەندجار ئەو ناوهێنانە دووبارەببێتەوە، کە لە بنەڕەتدا بۆ سەرکەوتووەکەیە))[1]

5.**ڕەوشت بەرزی:** وەکو ناولێنانی کوێرێك بە چاوساغ[2].

ئاشکراشە کە مانا سەرەکییەکانی وشەکانی دژواتا لە دانراوەوە پەیدابوون و مانا کتوپڕەکانیش لە بەکارهێنان و پێویستییە کۆمەڵایەتییەکانی وەك گەشبینی و ڕەوشت بەرزی (ئاکارجوانی) و گاڵتە پێکردنەوە سەریانهەڵداوە.

## 4 – 3: هاوواتا

دەتوانین لە ڕووی دڵفرەوانییەوە بڵێین: گەر هاوبێژی ئەو پێوەندییەی نێوان دوو مانا بێت سەبارەت بە یەك وشە، ئەوا هاوواتا ئەو پێوەندییەیە کە لە نێوان دوو وشەی لێك جیادا هەیە، کە یەك مانایان هەبێت و، حوکمەکەش لەسەر دوو وشە کە بە جۆری ماناکەوە پەیوەستە، چونکە لەوانەیە هەردوو وشەکە هاوواتا بن بە جۆرێك لە جۆرەکانی مانا، بەڵام لە جۆرێکی دیدا جیابن، بۆ نموونە هەردوو وشەی (الصارم) و (الهندی) یەك مانایان هەیە لەم دێرە شیعرەدا:

**في حامل الصارم الهندي منتصراً**

(1) ينظر أضداد الاصمعي : 53.

(2) ينظر أحمد مختار عمر، علم الدلالة، ص 205 – 206. و ابراهيم أنيس، في اللهجات العربية، ص 208وما بعده.





**ضع السلاح قد استغنيت بالكحل**

لێرەدا هەردوو سیفەتی شمشێرەکە باسکراوە، کە هاوواتان، بەڵام لە وەسفدا جیان، چونکە (الصارم)، واتە ئەو ئاسنە تیژەی کە شت دەبڕێتەوە، (الهندی)ش واتە لە هیندەوە هێنراوە.

جا (فەخرەدین ئەلڕازی) وا پێناسەی هاوواتاکانی کردووە، ((وشە تاکەکان هاوواتان کە دەلالەت دەکەنە سەر یەك شت بە یەك بایەخ))[1]، جا کە (تاك وشەی) بەکارهێناوە، بەم بەکارهێنانە پێوەندییەکانی نێوان شت و پێناسەکەی بڕیوە، چونکە هەموو وشەیەك لە زماندا سنوورێك و پێناسەیەکی هەیە، کە وتویەتی (بە یەك بایەخ)، ئەوا پێوەندییەکانی نێوان دوو هاوواتاکەی وەك (صارم) و (الهندی) لابرد، هەروەها (شەریف ئەلجورجانی)[2] و (شەوکانی)[3] هەر هەمان پێناسەیان کردبوو.

## 4 – 3 – 1: جیاوازی لە بوونی هاوواتا لە زماندا

هەندێك لە زمانەوانە دێرینەکان و تازەکان پێیان وایە کە هاوواتا لە زماندا بوونی نییە، لەوانە: (ئیبن ئەلئەعرابی) و (سەعلەب) و (ئیبن فارس) و (موبەرید) و (ئەبو هیلال عەسکەری)، هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەوانە هاوواتایان بەبێ سوود لە قەڵەمداوە، ((دانەری زمان خاوەن پەند و حیکمەتە و شتێك دانانێت کە بێهودە بێت))[4]. جگە لەوەش وتویانە کە هەر هاوواتایەك تەنها لە دوو زمانی

(1) المزهر: 1 : 402.

(2) التعريفات، 31.

(3) إرشاد الفحول، ص18.

(4) العسكري، الفروق في اللغة، ص 13.

جیادا پەیدا دەبێت، یان ماناکان بە خۆیان جیان، یان وێکچوونی ((شتێکە بە شتێك)).[1]

جا هەندێك لەوانەی کە هاوواتا ڕەتدەکەنەوە، پێیان وابوو کە چەند جیاوازییەکی ورد لە نێوانیاندا هەن، وەکو جیاکردنەوە ناو لە ئاوەڵناو هەروەك باسمان کرد، جاری واش هەبووە بە زۆرەملێ ویستویانە هەندێك جیاوازی بدۆزنەوە، بۆ نموونە وتویانە کە (ئینسان) و (بەشەر) لە ناوە جیاوازەکانن، نەك لە هاووتاکان، چونکە (( یەکەمیان (ئینسان) کە بە مرۆڤ دەوترێت، لەبەر ئەوەی شتی لە بیر دەچێ، یان بەو ئیعتیبارەی کە ئاشنایەتی لەگەڵدا دەکرێت، کە لە (ئونس) (أنس)ەوە هاتووە، یان لەبەر ئەوەی ڕەنگی پێستی دیارە واتە (بادي البشرة) ))[2].

ئەمەش ڕۆچوونێکی زۆری تیادایە، چونکە گەر ئەم جیاوازییانە زەق بوونایە، ئەوا ئەو کاتە قسەکەران ئەو گوزارشتانەیان ڕەچاودەکرد. هەروەها لە ڕۆچوونەکانی دی سەبارەت بە ڕاوکردنی جیاوازییەکانی هاوواتاکان هەردوو وشەی (جلس) و (قعد) کە مانای (دانیشتن)ە، چونکە یەکەم بە پاڵکەوتنەوە دەبێت و دووەمیش بە هەستانەوە دەبێت، بەڵام ئەوەی تێبینی وشەی (المجلس) بکات، کە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە، هەروەها بڕوانێتە هەردوو وشەی (جلس) و (قعد) و لە داتاشراوەکانیان بکۆڵێتەوە لە فەرهەنگی پێرستکراوی قورئاندا، ئەوەی بۆ دەردەکەوێت کە هەموو ئەو شتانەی سەبارەت بەو دوو وشەیە هاتوون تەنها وڕێنە و درێژدادڕن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێت لەم قسەیەمان وا تێبگەن کە ئێمە هاوواتا ڕەتدەکەینەوە، نەخێر بەڵکو ئێمە تەنها جیاوازی نێوانیان تاڕادەیەك و بەو شێوەیەی کە باسمان کرد ڕەتدەکەینەوە، بەڵام بوونی جیاوازی مەعنەوی لە جیاوازی دابەشکردنی بەکارهێنانیانە،

[1] المزهر : 1 : 385.

[2] شرح الجلال شمس الدين المحلي على متن جمع الجوامع بحاشية البناني، 1 : 294.





مەسەلەیەکی ڕوون و ئاشکرایە، ئەویش لە ڕوانگەی تێڕوانینێکی ورد بۆ ئەو ئایەتانەی کە داتاشراوەکانی (قعد)ی تیادا هاتووە، کە لەوانە وەکو (تقعد) و (أقعدوا) و (القاعدين) و (مقعد)، چونکە ناتوانرێت هاوشێوەکانی ئەم وشانە لە بەرانبەر داتاشراوەکانی وشەی (جلس) وەربگیرێت.

## 4 – 3 – 2 : جۆرەکانی هاوواتا

لەوە دەچێت کە دابەشکردنی هاوواتا بەپێی دابەشکردنی واتا لە ڕووی پرۆگرامەوە بەسوود بێت لە دۆزینەوەی جۆرەکانی، پاشان بە دواداچوون و ئەنجامدانی گفتوگۆکانی، لەبەرئەوە ماناکان بەگشتی بۆ ئەم بەشانە پۆلێن دەکەین:

### 4 – 3 – 2 – 1 : هاوواتای ئاماژەیی

مەبەست لە هاوواتای ئاماژەیی ڕێککەوتنی دوو وشە یان زیاترە بۆ ئاماژە بۆکراوەکە، لەوانەش بۆ نموونە وەسفەکانی پێغەمبەر (د.خ)، وەك (هەڵبژێردراو) و (مژدەدەر)، کە هەموو ئاماژە بۆ خودی پێغەمبەر (د.خ) دەکەن و، لە مانا حەواڵەتکراوەکانیدا جیاوازییەکی هەیە، لەبەر ئەوە گەر ئەو وشانە لە دەوروبەری ڕۆشنبیری و گرێبەستییەکەی هەڵبکێشرێت، لەوانەیە بۆ ئاماژەکردن بۆ غەیری ئەو (د.خ) بەکاربهێنرێت، چونکە مانا حەواڵەتکراوەکەی لە ڕووی زمانەوانییەوە بوارمان بۆ دەڕەخسێنێت کە بۆ هەر کەسێکی بەکاربهێنین کە ماناکانی لەسەر جێبەجێ ببێت.

بەکارهێنانەکەش هەر خۆی مانا ئاماژەییەکەی دەستنیشان دەکات. هەندێك لە ئوسوڵییەکان وشە هاوواتاکان لە ڕووی ئاماژەییەوە بە هاوواتا لە خوددا ناوزەد دەکەن.

## 4 – 3 – 2 – 2: هاوواتای درککردن

مەبەست لە هاوواتای درککردن ڕێککەوتنی دوو وشە یان زیاترە لە مانا ڕاگەیاندنەکەیەوە، کە سروشتی سۆزداری و کاریگەری لە تویدا هەڵنەگرتبێ، لەوانەش بۆ نموونە ڕێککەوتن و گونجانی (دەم) و (چاڵ) و (مل) و (گەردن) و (گەردن + مل) لە ڕووی مانای درککردنەوە، بەڵام جیاوازییان لە ڕووی سێبەرە مەعنەوییەکەی و بەڵگەش لەسەر ئەوە، جیاوازی بەکارهێنانی هەروەك لەم نموونانەدا دەردەکەوێت:

- **ئیسلام بانگەشەی ئازادکردنی (گەردن، جید، أعناق، رقاب)ی کۆیلەکانی کرد.**
- **هەڵبەستەکانی خۆشەویستی پڕن لە (گەردن، جید، أعناق، رقاب)ی ئافرەتان.**
- **زۆر لە تاوانباران کە لە سێدارە دەدرێن (گەردن، جید، أعناق، رقاب)یان دەبڕڕێتەوە.**

## 4 – 3 – 2 – 3: هاوواتای تەواو

هاووتای تەواو لەسەر دوو مەرج بەندە:

1. تواناى گۆڕینی لە سەرجەم بەکارهێنانەکاندا هەبێت.
2. گونجانی هەردوو ناوەرۆکی درککردن و سۆزداریی.

جا لەبەر ئەوەی کە هەردوو مەرجەکە بە زەحمەت دروست دەبن، لەبەر ئەوە ((هاوواتای تەواو کەمتر دروست دەبێ و لە ڕیزی ئەو زیادەڕەوییە دایە کە زۆر زەحمەتە زمان دروستی بکات))[1].

(1) Lyons, Introduction to Theoretical Linguistics 447, - 8.





(جۆن لاینز) هەوڵیدا کە جیاوازییەك بکات لە نێوان هاوواتای تەواو synonymy complete و هاوواتای سەرجەم(هەموو) total synonymy، ئەویش بە تایبەتکردنی یەکەمیان بۆ مەرجی دووەم، لە کۆی هەردوو مەرجەکە و، بە تاك هێشتنەوەی دووەم سەبارەت بە جێبەجێ بوونی مەرجی یەکەم تیایدا[1]. لە توێژینەوەیەکی تریشدا باسی لە هاوواتای ڕەها کردووە، کە پێویستە ئەو دوو مەرجەی تیادا پراکتیزە ببێت، بە شێوەیەك کە هاوواتای ڕەها لەم حاڵەتەدا دەبێتە هاوواتای تەواو و سەرجەم، ئەم زانایە پێی وابوو کە ئەم جۆرە هاوواتایە کە جۆرێك لە ڕێککەوتنی تیادایە لە نێوان مانا وەسفی و تەعبیری و کۆمەڵایەتییەوە لەگەڵ یەکگرتنی دابەشبوونی بەکارهێنانی لە نێوانیاندا، کە ئەم هەموو مەرجانەش مەحاڵە بێنەدی[2].

## 4 – 4: واتای درککردن و واتای نیشانەیی

مەبەست لە واتای نیشانەیی جۆرەکانی مانایە کە پێشووتر باسمان لێوەکرد، هەروەها باسمان لەو چوارچێوە هاوبەشانەی نێوان دەلالەتەکان کرد، کە لە واتای نیشانەیی جیایان دەکاتەوە:

1. هاوبەشبوونی تاکەکانی ژینگەی زمانەوانی لە تێگەیشتنیدا.
2. درککردن پێی درککردنێکی عەقڵی ڕووتە و لەسەر ناسینی دانانەکەیە یان هەڵهێنجانی لۆجیکی یان پشت بەستن بە بنەماکانی پراگماتیکی و هاریکاری دەوەستێت.
3. ئەرکی ڕاگەیاندن ئەدا دەکات.

(1) Lyons, Introduction to Theoretical Linguistics 448.
(2) Lyons, Language and Linguistics 148.

هەرچی واتای نیشانەشە مەبەست لێی ئەو مانا سۆزدارییەیە کە زیادەیە لە مانا درککردنەکەی، ئەمانەش هەندێك لە تایبەتمەندییەکانیەتی:

1. بەپێی تاکەکان دەگۆڕرێت.
2. درککردنەکەی سۆزدارییە.
3. ئەرکی کارتێکردن ئەدا دەکات.

بە پێی ئەو شتانەی کە باسمان کردن، ئەوا واتای درککردن سەبارەت بە وشەی (أم : دایك) و هاوشێوەکانی دی، واتاکەیان نیشانەیی و ئاماژەییە و بەگوێرەی تاکەکان فەرق دەکات (سۆز و گرنگیدان......) جیاوازی هەیە، بەم شێوەیە واتای درککردن سەبارەت بە وشەی (شەو) لە ئێوارەوە تا بەرەبەیان بەردەوام دەبێت، واتا نیشانەکەش لەوانەیە ئەم وشانە بگرێتەوە (شەونخوونی، دڵەڕاوکیٚ، ترس، ئارامبوون...تاد.).

زمانەوانەکان زاراوەی جۆراوجۆر بەکاردەهێنن سەبارەت بەوەی کە پێی دەوترێت واتای درککردن و واتای نیشانە، بۆ نموونە (ئیبراهیم ئەنیس) (واتای مەرکەزی) و (واتای پەراوێز) بەکاردەهێنێت. هەروەها کە تاکەکانی یەك ژینگەی زمانەوانی لە ژیانیاندا قەناعەت (( بە ڕێژەیەکی هاوبەشی واتاکان دەهێنن، کە بیانگەیەنێتە سەر جۆرێك لە جۆرەکانی تێگەیشتنی نزیك کە بە کەڵکی ژیانی گشتی ڕۆژانەیان بێت، ئەم ڕێژە هاوبەشەش ئەو ڕێژەیەیە کە زمانەوان لە فەرهەنگی خۆیدا تۆماری دەکات))[1]. بەڵام واتای پەراوێزی بەم شێوەیە پێناسەکردووە ((ئەو سێبەرانەیە کە بە گوێرەی تاکەکان جیاواز دەبێت و بەپێی ئەزموون و ئارەزوو و پێکهاتەی جەستەیی و بۆماوەییان لە باوك و باپیرانەوە جیاواز دەبێت))[2].

(1) دلالة الالفاظ، ص 107.

(2) دلالة الالفاظ، ص 106.





ئەوەی ڕاستی بێت لە نێوان ڕۆژئاواییەکاندا هەردوو زاراوەی حەواڵەکردن denotation و نیشانە connotation بەکارهێنراوە بۆ هەردوو واتای درککردن و نیشانەیی. (لاینز) بەم جۆرە نیشانە پێناسە دەکات و دەڵێت: ((نیشانە پێکهێنەری سۆزداری یان خۆشەویستییە کە لە مانا مەرکەزییەکە زیادەیە و ماوەتەوە))[1]، هەرچەندە (لاینز) پێی وا نییە کە نیشانە تەنها سێبەرە سۆزدارییەکان دەگرێتەوە، ئەوا (هنری لۆفیغر) لایەنە عەقڵییەکانیشی خستە چوارچێوەکەیەوە و بەم جۆرە پێناسەی کرد ((دەنگدانەوەی نیشانەکانی هەڵچوون و عەقڵ ئامێزەکانە))[2]. (هارتمان) و (ستورك)یش لەگەڵ (لۆفیغر)دا کۆکن سەبارەت بەم مەسەلەیە و بە شێوەیەك کە هەردووکیان (ئاماژە)یان بەوە پێناسە کرد کە مانایەکە ((لەسەر ئەو سۆز و هزر و بیرانە دامەزرێنراوە، کە لە عەقڵی قسەکەر یان (نووسەر)ەکە یان گوێگرەکە یان خوێنەرەکەدا دەردەکەوێت))[3].

(مارتینیە) لە بواری پێناسەکردنی نیشانەدا زیاتر گرنگی بە پێوەری کردن و نەکردنیدا سەبارەت بە جیاکردنەوەی حەواڵەکردن و نیشانە، کاتیٚ ئاماژەی بەوەدا کە نیشانە ((هەموو ئەو شتانەن کە لە بەکارهێنانی وشەیەکدایە کە هەموو ئەزموونەکانی سەرجەم بەکارهێنەرانی ئەو وشەیە لە زمانەکەدا ناگرێتەوە))[4].

پێویستیشە وا تێنەگەین کە واتای نیشانە تەنها ئەو شتانە دەگرێتەوە کە لە چوارچێوەی مانای فەرهەنگی ئاماژەیی وشەکاندا جێیان دەبێتەوە، هەروەها ئەو

(1) Lyons , 1977 : 1 : 176

(2) هنری لوفیغر، اللسان والمجتمع، ترجمة مصطفى صالح (دمشق: مطبعة وزارة التربية والارشاد القومي السورية، 1985)، ص 118.

(3) R. R. Hartmann and F. C., Stork Dictionary of Language and Linguistics (London: Applied science publishers, 1972),. (connotation).

(4) جورج مونان، مفاتيح الالسنية، تعريب الطيب البكوش (تونس: منشورات الجديد، 1981) ص 140.

شتانەش دەگرێتەوە کە پاش جۆرەکانی شێوازگەریی و گۆڕانکارییە ڕێزمانییەکان دروست دەبن، وەك سێبەرەکانی شێوازگەریی کە بەوەوە پەیوەستن، وەك (نەغمەدار) و پێشخستن و پاشخستن و شێوازەکانی سەرسوڕمان و ستایش و زەمکردن و سیفەت بەخشین یان ڕۆچوون لە ستایشکردن و زەمکردن.

جگە لەوەی کە هەندێك پاشکۆ و شێوازەکانی وشە داتاشراوەکان لەوانەیە چەند سێببەرێکی سۆزداری ببەخشنە ماناکان، وەك شێوازەکانی بچووککردنەوە کە دەلالەت دەکەن سەر بە کەمزانین یان بە گەورەزانین و ...تاد، هەروەها پاشکۆی (یّة) لە زمانی عەرەبیدا کە سەرچاوە پیشەسازییەکان بە هێزێکی سۆزداری کاریگەر بارگاوی دەکات، وەك (اشتراكية ـ سۆشیالیزم)، (حرية ـ ئازادی)، (تقدمية ـ پێشکەوتن)،(رجعيةـ کۆنەپەرستی).

## 4 – 4 – 1 : فاکتەرەکانی بارگاویکردنی سۆزداری

لەوانەیە لە گرنگترین ئەو فاکتەرانەی کە بە وشەوە یان بە گوزارشتی سێبەری سۆزداری دەنووسێنن، فاکتەری بەکارهێنان بێت، ئالوگۆڕکردنی وشە لە نێوان خەڵکدا تۆزێك سۆزی بەکارهێنەرانی پێوەدەلکێنن و زەخیرەیەکی وروژێنەری بۆ دەستەبەر دەکەن، بۆ نموونە وشەی (تەرم) لە سێبەری وشەی (جەستە)ەوە وەرگیراوە، هەروەها وشەی (عصابةـ عەسابە) کە گروپێکی دەرچوو لە سنوورەکانی یاسای پێ ناوزەد دەکرێت، هەرچەندە بەکارهێنانە کۆنەکانی ئەو واتایە لە خۆناگرێت، بۆ نموونە لە شیعرێکی (حەسان بن سابت)دا هاتووە:

**للـه در عصابة نادمتهم**

**يوما بجلق في الزمان الاول**





هەروەها لەو فاکتەرانەی کە وشەی سروشت ئامێزی وروژێنەر و سۆزدار بە خودی واتاکان دەبەخشێت، هەروەك ئەو وشانەی کە دەلالەت دەکەنە سەر بەهاکان، وەکو (ئازادی)، (دادپەروەری)، (یەکسانی)، (کەرامەت)، (شکۆمەندی)، هەروەها بە هەمان شێوەش ئاکارەجوان و ناشیرینەکان وەکو (کەمبوون)، (پووچ)، (بوغزێنراو)، (مەزن)، (جوان)، (شاکار).

لە فاکتەرەکانی دی بارگاویکردنی سۆزداری دیسانەوە سروشتی پێکهاتەیی دەنگی وشەکە یان گوزارشەکەیە، هەروەك لە دێرە شیعرەکەی (دورید کوڕی ئەلسەمعە)دا هاتووە کە بۆ براکەی خۆی شیوەن دەکات:

**صبا ما صبا حتى علا الشيب رأسه فلما علاه قال للباطل: ابعد**

پێگە دەنگییەکە و زەنگە مۆسیقییەکە و چەشنی پێکهاتەییەکەی گوزارشتی (صبا ما صبا) پۆشاکێکی سۆزداری بەخشییە ماناکە، کە لەگەڵ ئەو مانا سەرەکییەدا گونجاوە، کە شاعیر گوزارشتی لێدەکات، لە لایەکی تریشەوە بەشداری لە دەرخستنی نیگەرانی و سۆزەکەی و داخ و حەسرەتەکەی کرد بۆ مردنی براکەی.

هەروەها فاکتەری پەیوەستبوونی دەروونی لە نێوان وشە و گوزارشتەکاندا، کە بەکارهێنانیان بە دەوری یەکدیدا دەسوڕێتەوە لە مانەش سێبەرە سۆزوداررییەکان، ئەمەش هۆکارێکی شرۆڤەکردنی ئاکاری قورئان لەبەرەکان دووردەکەونەوە لە بەکارهێنانی ئەم گوزارشتانە (گەوەرەکەیان)، من باشترم لە...) ئەویش لەبەر ئەوەی کە وشەی بێزراوی تیادایە لە ڕووی ئاماژەییەوە کە لە قورئاندا هاتوونە، وەکو **(قال بل فعله كبيرهم هذا... گەورەکەیان ئەمەی ئەنجامداوە....)** وەك ئاماژەیەك بۆ گەورەی بتەکان و **(كبيرهعم الذي علمهم السحر... گەورەکەیان بوو کە سیحری فێرکردن).** هەروەها ئەوەی کە لەسەر زمانی شەیتان سەبارەت بە (ئادەم) وترا **((أنا خير منه خلقتني من نار وخلقته من طين : من لەو باشترم، منت لە**

**ئاگر دروست کردووە و ئەوت لە قوڕ دروست کردووە)).** جگە لە چەندەها نموونەی دی وەك ئەمانەی پێشوو گوایە کە بەکارهێنەرانی زمان بەکاری دەهێنن، ئەویش کاتێك کە لە بەکارهێنانی چەند وشەیەك دووردەکەونەوە سەبارەت بە هەڵوێستە پراگماتییەکان، چونکە وشەی دزێویان تیادایە لە ڕووی ئاماژەووە کە لەوانەیە پێوەندی بە ماناکانی دییەوە هەبێت، هەروەها پەیوەستبوونی کات و شوێن لە نێوان دوو وشەدا کە بەکارهێنانی یەکێکیان پێویستی بە بەکارهێنانی ئەوی دییان هەیە، هەروەك لە (ساڵی فیل)دا دەردەکەوێت، کە ئەگەر باس بکرێت، ئەوا یادی لەدایکبوونی پێغەمبەر (د.خ) دەکەین، چونکە لەو ساڵەدا لەدایکبووە، هەروەها لە ناوهێنانی شاری (مەککە)دا هەمان یاد لە ئارادا هەیە، لە هەردوو حاڵەتیشدا سۆزەکانی پەیوەست بە وشە خوازراوەکە لەوانەیە سەر بۆ وشە بەکارهێنراوەکە بکێشێ.





## سەرچاوەکان

### عەرەبییەکان

1. الاسنوي، جمال الدين عبدالرحيم بن الحسن، نهاية السول في شرح منهاج الوصول الى الوصول للبيضاوي، تحقيق شعبان محمد إسماعيل (بيروت: دار ابن حزم ، 1999).
2. الاسنوي ، عبدالرحيم الحسن القرشي، نهاية السول في شرح منهاج الوصول الى علم الاصول، تحقيق شعبان محمد إسماعيل (بيروت: دار ابن حزم، 1999)
3. البيهقي، أبوبكر أحمد بن الحسين، السنن الكبرى، (بيروت: دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، 1996).
4. التفتازاني، سعد الدين، حاشية على شرح عضد الملة والدين لمختصر المنتهي الاصولي، ط2 (بيروت: دار الكتب العلمية، 1983).
5. ابن تيمية، أحمد، الايمان، تحقيق محمد ناصر الدين الالباني و زهير الشاوش (بيروت: المكتب الاسلامي، 1986).
6. ابن تيمية، أحمد، مجموع فتاوي، تحقيق عبدالرحمن بن قاسم ومحمد عبدالرحمن بن قاسم (الرباط: مكتبة المعارف، د ــ ت).
7. الجرجاني، الشريف، حاشية على شرح عضد الملة والدين لمختصر المنتهى الاصولي، ط2 (بيروت: دار الكتب العلمية، 1983).
8. الجويني، إمام الحرمين أبو المعالي، البرهان في اصول الفقه، تحقيق عبدالعظيم الديب (قطر: 1299 ك).

**9.** ابـن الحاجـب، مختـصر المنتهـى الاصـولي، ط2، (بـيروت: دار الكتـب العلميـة، 1983).

**10.** ابن حلول أبو العباس أحمد عبدالرحمن القيرواني، حاشـية علـى شـرح تنقـيح الفصول (تونس: المطبعة التونسية، 1910)

**11.** ابن خلكان، وفيات الاعيان وأنباء أبناء الزمان، تحقيق إحسان عبـاس (بـيروت: دار صادر، بيروت، 1970).

**12.** الـذهبي، الحـافظ، العـبر في خـبر مـن غـبر، تحقيـق أبـو هـاجر محمـد زغلـول (بيروت: دار الكتب العلمية، 1985).

**13.** الرازي، فخرالدين، المحصول في علم اصول الفقه (بيروت: دار الكتـب العلميـة، 1988).

**14.** الرازي، فخرالدين، مفاتيح الغيب (القاهرة: دار الطباعة العامرة، د ــ ت.

**15.** الزركلي، خيرالدين، الاعلام: قاموس تراجم لاشهر الرجال والنـساء مـن العـرب والمستعربين والمستشرقين، ط11 (بيروت: دار العلم للملايين، 1995).

**16.** السبحاني، جعفر، الموجز في اصول الفقه، ط2 (مؤسسة الامام الصادق).

**17.** السبكي، تاج الدين، جمع الجوامع بحاشية العطار (بيروت: دار الكتب العلمية، 1999).

**18.** السبكي، علي بن عبدالكافي، و تاج الدين عبدالوهاب بن علي السبكي، الابهـاج في شرح المنهاج على منهاج الوصول الى علم الاصول، تحقيق شعبان محمـد إسماعيـل (القاهرة: مكتبة الكليات الازهرية، 1981).

**19.** السيوطي، الاتقان.

**20.** السيوطي، جلال الدين، المزهر في علوم اللغـة وأنواعهـا، تحقيـق محمـد أحمـد جاد المولیو أخرون، (القاهرة: دار الفكر، د ــ ت).





**21.** صدر الشريعة، عبيدالله بـن مـسعود، شـرح التوضـيح علـى التنقـيح (القـاهرة: المكتبة الخيرية، ك).

**22.** الصفدي، صلاح الدين خليل، الوافي بالوفيات، تحقيق أيمن فؤاد سيد (بيروت: دار صادر، 1991).

**23.** عبدالشكور، محـب الله، شـرح مـسلم الثبـوت، ط2 (قـم، ايـران: دار الـذخائر، 1368ك).

**24.** عـضد الملـة والـدين، شـرح مختـصر المنتهـى الاصـولي لابـن الحاجـب، ط2، (بيروت: دار الكتب العلمية، 1983).

**25.** علي، محمد محمد يونس، وصف اللغـة العربيـة دلاليـا في ضـوء مفهـوم الدلالـة المركزية: دراسة حـول المعنـى وظـلال المعنـى (طـرابلس: منـشورات جامعـة الفـاتح، 1993).

**26.** الغزالي، أبو حامد، معيـار العلـم في فـن المنطـق، ط4 (بـيروت: دار الانـدلس، 1983).

**27.** القرافي، شهاب الدين، شرح تنقيح الفـصول في اختـصار المحـصول في الاصـول (بيروت: دار الفكر، 1997).

**28.** القرافي، شهاب الدين، نفائس الاصول في شرح المحصول، تحقيـق عـادل أحمـد عبـدالموجود و علـي محمـد معـوض، ط2 (الريـاض: مكتبـة نـزار مـضطفى البـاز، 1997).

**29.** القرطاجني، حازم، منهاج البلغاء وسـراج الادبـاء، تحقيـق محمـد الحبيـب بـن الخوجة، ط3 (بيروت: دار الغرب الاسلامي، 1986).

**30.** الكتبي، محمد بن شاكر، فوات الوفيات والذيل عليها، إحسان عباس (بـيروت: دار صادر، 1973).

31. كحالة، عمر رضا، معجم المؤلفين (بيروت: مؤسسة الرسالة، بيروت، 1993).

32. لوفيغر، هنري، اللسان والمجتمع، ترجمة مصطفى صالح (دمشق: مطبعة وزارت التربية والارشاد القومي السورية، 1985).

33. ابن ماجه، أبو عبدالله محمد بن يزيد الربعي، السنن، (جمعية المكنز الاسلامي: 2000).

34. المحلي، الجلال، شرح جمع الجوامع بحاشية العطار (بيروت: دار الكتب العلمية، 1999).

35. المسدي، عبدالسلام، الاسلوبية والاسلوب، ط2 (ليبيا ـ تونس: الدار العربية للكتاب، 1982).

36. المطيعي، محمد بخيت، سلم الوصول لشرح نهاية السول (بيروت: عالم الكتب، د ـ ت).

37. الموصلي، محمد، مختصر الصواعق المرسلة على الجهمية المعطلة لابن القيم (مكة: المكتبة السلفية، 1368).

38. مونان، جورج، مفاتيح الالسنية، تعريب الطيب البكوش (تونس: منشورات الجديد، 1981).

39. ابن النجار، محمد بن أحمد بن عبدالعزيز الفتوحي، شرح الكوكب المنير، تحقيق محمد الزحيلي و نزيه حماد (الرياض: مكتبة العبيكان، 1997)

## سەرچاوە بیانییەکان

1. Akmajian, A., R. A. Demers., and R. M. Harnish, Linguistics. An Introduction to Language and





Copmmunication2, and Edition (London: The MIT Press Cambridge (1984)

2. Austin, J. L., How to Do Things with Words (Cambridge, Mass: Harvard University Press (1962)
3. Bazell, C. E., J. C. Catford, M.A.K. Halliday and R. H., Robin (eds) In Memory of J. R., Firth, (Longman, (1979)
4. Blakemore, Diane, Understanding Utterances: An Introduction to Pragmatics (Oxford: Blackwell Publishers (1992)
5. Bloomfield, L, Language (New York: Holt, Rinehart & Winston ( 1933)
6. Brown, Gillian and George Yule, (Discourse Analysis) Cambridge: CUP (1983)
7. Bosworth, C.E. and Others, The Encyclopedia of Islam (Leiden: Koninklijke (1997)
8. Busmann, Hadmod, Routledge Dictionary of Language and Linguistics, translated and edited by Gregory Trauth and Kerstin Kazzazi (London: Routledge(1996)
9. Capone, Alessandro, Review of Ken Turner (ed.) , The semanticsy pragmatics interface from different points of view. Oxford: Elsevier, 1999 J. Linguistics 37 (2001) Cambridge University Press.
10. Carnap, R, Meaning and Necessity ( Chicago: The University of Chicago Press(1956)
11. Carston, Robyan "Implicature, Explicature, and Truth TheoreticSemantics". In Steven Davis (ed.), Pragmatics: A Reader (New York: Oxford University Press (1991), pp.32-51
12. Carter, Michaeal's Review of Mohamed M Yunis Ali, Medieval Islamic Pragmatics, Islamic Law and Society (Brill

Academic Publishers 2002 Volume: 9 Number: 2), pp. 275-280.

13. Chomsky, N., Aspects of the theory of Syntax Cambridge (Mass: the MIt press (1965)

14. Chomsky, N., " Some Empirical Issues in the Theory of Transformational Grammar" In S. Peters (ed.), Goals of Linguistic Theory. (Englewood Cliffs, N.J: Prentice-Hall (1972)

15. Davidson, Donald, "What Metaphors Mean" in Steven Davis (ed.), Pragmatics: A Reader, (New York: Oxford University Press, (1991, pp. 495-506.

16. Ellis, J, "On Contextual Meaning" In Bazell and others (ed). In Memory of J.R. Firth, (Longman, (1979)

17. Gamut, L.T.F., Logic, Language, and Meaning: Introduction to Logic (Chicago: Univrsity of Chicago(1991)

18. Gawron, Jean Mark and Stanley Peters, Anaphora and Quantification in Situation Semantics (Stanford: CSLI(1990)

19. Grice, H. P., "Logic and Conversation", in Peter Cole and Jerry L. Morgan (ed.), Syntax and Semantics:3, Speech Acts (New York: Academic Press, (1975, pp. 41-58.)

20. Grice, H. P. , "Logic and Conversation", in Steven Davis (ed.), (Pragmatics: A Reader, (New York: Oxford University Press, (1991, pp. 305-315.)

21. Grice, H. P., 1968, "utterer's Meaning, Sentences-Meaning and Word-Meaning, Foundations of Language 4: 225-42.

22. Grice, H. P., The Casual Theory of Perception" In R. Shwarts (ed.), Perceiving, Sensing, and Knowing (New York: Doubleday (1965)

23. Grundy, Peter, Doing Pragmatics (London: Edward Arnold (1995).





24. Halliday, M. A. K., "Lexis as a Linguistic Level". In Bazell and Others (eds.) In Memory of J. R. Firth, (Longman (1979).

25. Harnish, Robert M.., "Logical Form and Implicature". In Steven Davis (ed.) Pragmatics: A Reader (New York: Oxford University Press (1991).

26. Hartmann, R. R. K and F. C. Stork, Dictionary of Language and Linguistics (London: Applied Science Publishers (1972).

27. Horn, L. R., "Presupposition and Implicature". In: Lappin, S.: The Handbook of Contemporary Semantic Theory (Oxford: Blackwell, 1996)

28. K, Kazzazi, Routledge Dictionary of Language & Linguistics (Routledge: 1996)

29. Lakoff, G., "Pragmatics in Natural Logic". In E. L. Keenan, Formal Semantics of Natural Language (Cambridge: CUP (1975).

30. Leech, Geoffrey, Principles of pragmatics (New York: Longman (1983).

31. Levinson, Stephen C. Pragmatics (Cambridge: CUP (1983)

32. Lewis, B., V. L. Menage,C. H. Pellat and J. Schacht (eds.), The Encyclopedia of Islam (Leiden : E. J. Brill (1979)

33. Lyons, John, "Firth's Theory of Meaning" In Bazell and others (eds). In Memory of J. R. FIRTH< (Longman (1979)

34. Lyons, John, Language and Linguistics: An Introduction, (Cambridge: Cambridge University Press(1981)

35. Lyons, John, Linguistic Semantics: An Introduction. (Cambridge: Cambridge University Press, (1995)

36. Lyons, John, Semantics (Cambridge : Cambridge University Press, (1977)
37. Martinet A., Elements of General Linguistics, Translated by E., Palmer (London: Faber Ltd (1964)
38. Ogden, CK and IA Richards "Thoughts, Words and Things" in Donald E. Hayden and E. P. Alworth (eds.) Classics in Semantics (London: Vision Press Limited (1965)
39. Robins, R. H., General Linguistics An Introductory Servey2, nd ed, (London: Longman (1978)
40. Sadock and Zwicky (1985)
41. Sperber, Dan and Deidre Wilson, "Irony and the use-mention distinction". In Peter Cole (ed), Radical Pragmatics, pp 295-318. (New York: Academic Press (1981)
42. Speber, Dan and Deidre Wilson, "Mutual Knowledge and relevance in theories of comprehension". In: N.V. Smith (ed): Mutual Knowledge. (London: Academic Press 85- 61, (1982)
43. Seperber, Dan and Deidre Wilson, D, Relevance: Communication and cognition. (Oxford: Blackwell (1986, p.182.
44. Saussure, F. D, Course in General Linguistics (New York: McGraw-Hill Book Company (1959)
45. Searl, J. R. Speech Acts: An Essay in the Philosophy of Language, Cambridge: Eng: Cambridge University Press (1969)
46. Searl, J. R., "Metaphor", in Steven Davis (ed.), Pragmatics: A Reader, (New York Oxford University Press 524-520, (1991)
47. Seperber, Dan and Deidre Wilson, Relevance: Communication and cognition.(Oxford: Blackwell. 1986).





48. Strawson, P. F. § , Intention and convention in speech acts., Philosophical Review (1964) 60-439:73
49. Tsohatzidis, S. L, ed., Foundation of Speech Act Theory: Philosophical and Linguistics Perspectives, London: Routledge (1994).
50. Weiss, B.G., "Language in Orthodox Muslim Thought: A Study of 'Wad' al-lughah and its Development" unpublished Ph.D. thesis (Factuality of Princeton University: Dept of Oriental Studies (1966).
51. Wilson, Deirdre and Dan Sperber, "Inference and Implicature" in Steven Davis, Pragnatics: A Reader (New York: oxford University Press 1991).
52. ——— ,"On Grice's theory of conversation". In: P. Werth (Ed. : Conversation and Discourse. (London: Croom Helm 178 – 155, 1981.).
53. Yunis Ali, Mohamed Mohamed, Medieval Islamic Pragmatics : Sunni Legal Theorists' Models of Textual Communication (London: Curzon Press2000).